د.عەرەفات کەرەم ستونی لە وتارێکیدا

## چەکی ئایدیۆلۆژی لە چەکی بایۆلۆژی مەترسیدارترە

ئەگەر ئەرکی ئەخلاقی و ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان جێبەجێ نەکەین، ئەوەی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ دوژمنێکی دڕندە کە بەرانبەر گەلەکەی خۆی دەوەستێت



# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٩)- (٣)ی نیسان ٢٠٢٣

دڵشاد شەهاب وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان:

# دوای ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیاری کردووە

پێویستە ئەو حەوت مانگ و نیوەی لە بەردەستدایە پەرلەمان فریای هەموارکردنەوەی یاسا و کاراکردنەوەی کۆمسیۆن بکەوێت، کۆمسیۆنیش ماوەی پێویستی لە بەردەستدا بێت، کە لانی کەم شەش مانگە

محەمەد شیاع سوودانی کە سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبووەوە، جارێکی دیکە پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دووپات کردەوە






# هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بڕیاری ٦٨٨


٦٠

سەرەتا وڵاتان و ڕای گشتیی جیهان لە بەرانبەر تاوان و پەلاماری ڕژێم بۆ سەر خەڵکی کوردستان بێدەنگییان کرد و کاردانەوەیان نەبوو، بەڵام دوای گەیشتنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و گواستنەوەی وێنە و ڕووداو تراژیدیاکانی جەماوەری کوردستان لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا، وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاتنە سەر هێڵ و ئامادەیی خۆیان نیشان دا بە مەبەستی پشتگیری و پاراستنی گەلی کورد. سەرۆک میتران، سەرۆکی فەرەنسا، ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی بینی لە دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ٥ی نیسانی ١٩٩١دا، هەروەها جۆن مێجەر، سەرۆکوەزیرانی بریتانیا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە دامەزراندنی ناوچەی ئارام و دژەفڕین بۆ پاراستنی گەلی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٢، لە کاتی سەردانەکەماندا بۆ ئەمەریکا، چاوم بە جێیمز بێکر، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا کەوت. ئەو خاوەن کەسایەتی و قورسایی بوو لە ئەمەریکا و لە ئاستی نێودەوڵەتی؛ لە دیدارەکەدا لە بارەی کۆڕەوەکەی گەلی کوردستان بۆی گێڕامەوە:

«من سەردانی سەر سنوورەکانی تورکیام کرد، کاتێک ئەو هەموو ئافرەت و منداڵەم بینی، زۆری کار تێ کردم و هەرگیز ئەو دیمەنانەم لەیاد ناچنەوە. هێشتا لەناو فڕۆکەدا بووم، کە قسەم لەگەڵ سەرۆک بووش کرد و پێم ڕاگەیاند بارودۆخی ئاوارەکان لە ڕووی مرۆییەوە لە مەترسیدایە و ناکرێت زیاتر دوا بخرێت، هەر ئێستا بڕیاری دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام بدە».

# چاپکراوی نوێ




(حەنۆکە، سەربردەی جووەکانی کوردستان و بەشێك لە عێراق) ناونیشانی کتێبێکی دەگمەنە لە نووسینی نووسەرو بیبلۆگرافنووس و توێژەری بە توانا (ئیسماعیل تەنیا) کە چاپی یەکەمیەتی، بە(٥٠٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە و، بە بەرگێکی ناوازەوە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، هەروەها بۆ ئەوانەی بەدوای سەرچاوەی مێژوویی و کلتووریی جووەکانی کوردستان و عێراقدا دەگەڕێن.

ئەم کتێبە ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە کە نووسەر پشتی بە دەیان سەرچاوە بەستووە لە کتێب و گۆڤار و ماڵپەڕ و ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبی، جگە لە سوودوەرگرتن لە دیدارو چاوپێکەوتن و پەیوەندیی تەلەفۆنی بۆ ئامادەکردنی ئەم پرۆژە گرنگە.


کتێبەکە بەسەر پێنج بەشی سەرەکی دابەش کراوە، هەر بەشێکیش کۆمەڵێك ناونیشان و وردە ناونیشانی لێ کەوتۆتەوە. بەشی یەکەم بە پشتبەستن بە سەرچاوەی کۆن و هەمەجۆرەوە، باسێکی پانۆراما ئامێزی مێژوویی کردووە، بە حەزرەتی مووسا پێغەمبەر(دخ) دەستی پێ کردووە. بەشی دووەمی ئەم کتێبە باسی لە جووەکانی کوردستان کردووە لە ڕووی ڕەچەڵەك و شوێنی نیشتەجێبوون و کار و کردەوە و ژمارەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ کوردانی موسڵمان.

بەشی سێیەم بریتییە لە نمایشکردنی جووەکان وەك پێکهاتەیەکی دێرینی عێراق و کوردستان و لێکچوونی لە داب و نەریتی کوردانە و عێراقیانە، پێگەیان لە ڕووی پەروەردە و هونەری گۆرانی و مۆسیقا، ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، تاد..

بەشی چوارەمی کتێبەکە تیشکی خستۆتە سەر خەملاندن و سەرژمێرییە فەرمی و نافەرمی و گۆترەکارییەکان، دوای ئەمەش چەند شارێکی جوونشینی وەك حیللەو مووسڵی بە نموونە هێناوەتەوە، کە تا ئێستاش لە ڕێگەی بازاڕ و دوکان و گەڕەك و گۆڕستانەکانیانەوە، لە هەموو شارو شارۆچکە و زۆربەی گوندەکان ئاساریان ماوە. لە دوابەشدا کە بەشی پێنجەمە، باسی دابەشبوونی فەلەستین بۆ دوو دەوڵەتی(عەرەب و جوو) و لێکەوتەکانی ئەو دابەشبوونە کراوە.

نووسەر لەم کتێبەدا کۆمەڵێك باس و ڕووداوی مێژوویی دەربارەی ئەوانە هێناوەتەوە، کە تا ئێستا لە دووتوێی بەڵگەنامەی سنووورداری حکومی و دەگمەن خراونەتە ڕوو، کە زەحمەتە بەر دەستی هەموو خوێنەرێکی ئاسایی کەوتبێت.

دەست خۆشی لە نووسەری بە توانا(ئیسماعیل تەنیا) دەکەین بۆ ئەو بەرهەمە دانسقە و ناوازەیە، دانەیەکی لە کتێبەکە بۆ (گوڵان) ناردووە، وێڕای سوپاس، هیواداریـن ببێتە سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوە و بەدواداچوونی زانیاری لەبارەی جووەکانی کوردستان و عێراق.


KURDISTAN
The Land of
300
Sunny Days
KURDISTAN 300

# کوردستان
# خاکی ٣٠٠ ڕۆژی خۆرهەتاو



گەشتێکە بە نێو کاروانی پێشکەوتن و چاکسازی و وەچەرخانی هەرێمی کوردستان و تیشك خستنەسەر هەوڵ و کۆششی بەردەوامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی ئاسۆی نوێ و تێپەڕاندنی سەختییەکان بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئاییندەیەکی باشتر و گەشتر بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی. ئاماژە بە گرتنبەری دیدگای ستراتیژی و چەمکی نوێ لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی ژینگە و پەرەپێدانی کەرتی کارەبا و کشتوکاڵ و قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و برەودان بە پەروەردە و خوێندنی باڵا، لەگەڵ هاندان و دەرفەتڕەخساندن بۆ گەشەپێدانی بەهرە و کارامەییەکانی لاوان و نوێکاری لە پرسی پەیوست بە کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال و بایەخدان بە پەنابەر و ئاوارەکان و چەندین بواری گرنگ و ستراتیژی دیکە. هەموو ئەمانە ئاماژەن بە پیادەکردنی ڕێگاچارە و ڕێچکەیەکی ئومێدبەخش لە بواری حوکمڕانیی باش.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی


بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری


***Web: www.gulanmedia.com***

« سەروەر کەمال هاواری :



**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکخستنەوەی کەرتی بازرگانی و ڕێگرتن لە قۆرخکاری سەرکەوتوو بووە**

« خالید ئەمین ڕۆمی :




**پێکەوە ژیان و لێبووردەیی هەرێمی کوردستان بووەتە چەترێکی بەرفراوان**

« ئەردەڵان شوکری دۆسکی :



**نەخشە ڕێگەی حکومەتی ئەلەکترۆنی و بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان وەرچەرخانێکی گەورەیە لە بواری بەڕێوەبردندا**

« جیراڵد فێریشتەین :



**سەنگی مەحەک لە ڕێککەوتنی نێوان سعودیە و ئێران جێبەجێکردنیەتی**

شێروان دووبەردانی :

## یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە بەرژەوەندیی کوردستانییەتی کەرکووکە



سەنار سەفین :

## ئاواتم ئەوەیە وەک کچە کوردێک براندێکی کوردی و جیهانیم هەبێت



## زیانە تەندروستییەکانی زیاد نووستن



## ئامێری چاودێری کردنی ئۆتۆمبیل



## کیسەڵەکانی بەهمەن قوبادی لە لیستی ٣٠ فیلمی بەرچاوی «دژی شەڕ»ی سینەمای جیهان



پەیڤین محەمەد:

## بەداخەوە ئێستا فوتساڵ بەرەو نەمان دەڕوات و گرنگیی پێ نادرێت



دڵشاد شەهاب
وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیاری کردووە

هەفتەی ڕابردوو وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بڕیاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە دیاریکردنی ڕۆژی ٨ی ١١ی ٢٠٢٣ی وەک ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند، هاوکات کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستانیش بۆ هەموارکردنەوەی یاسای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بەردەوامە و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوەش یەکلایی بکرێتەوە، دوای هەموارکردنەوەی یاساکەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی پێویست بۆ کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دابین دەکات، بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکرێت، ئەم هەنگاوانە ئەوەیان لێ دەخوێندرێتەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆریان داوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی هاودەنگی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دروست ببێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و چەندین پرسی پەیوەندیداری دیکە، گوڵان ئەم دیمانەی لەگەڵ دڵشاد شەهاب وتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.





پێویستە ئەو حەوت مانگ و نیوەی لەبەردەستدایە پەرلەمان فریای هەموارکردنەوەی یاسا و کاراکردنەوەی کۆمسیۆن بکەوێت، کۆمسیۆنیش ماوەی پێویستی لەبەردەستدا بێت، کە بەلانی کەم شەش مانگە

لە دوای ڕاگەیاندنی ئەم بەروارەوە بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن هەست دەکرێت کاردانەوەیەکی ئەرێنی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە هەیە

بیرکردنەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەو جۆرەیە لەم قۆناغەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ماڵی کوردستان پێویستی بە تەبایی و یەکدەنگی و یەکڕیزی هەیە

*** هەفتەی ڕابردوو وەك وتەبێژی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانت ڕاگەیاند، ئایا ئەم ڕاگەیاندنە تەنیا وەك ئەرکێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە ڕووی یاساییەوە پێویستە ئەو ڕۆژە ڕابگەیەنێت، یان پێشوەختە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆبوونەوە و ئەو ڕۆژەتان دیاری کردووە؟**

- دەتوانم بڵێم هەردووکیانە، ئەمەش واتە لە ڕووی یاساییەوە ئەمە ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە دەبێت جێبەجێ بکرێت و وادەی ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات، بۆ ئەمەش پێویستە ئەو حەوت مانگ و نیوەی لەبەردەستدایە پەرلەمان فریای هەموارکردنەوەی یاسا و کاراکردنەوەی کۆمسیۆن بکەوێت و، کۆمسیۆنیش ماوەی پێویستی لەبەردەستدا بێت، کە بەلانی کەم شەش مانگە، هەر بۆیە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لەلایەن بەرزترین دەسەڵات کە ئەویش دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە ئەمە وەك پێداگرییەکە بۆ ئەوەی پابەندبوونێکی فەرمی لەسەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکات. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە لە دوای ڕاگەیاندنی ئەم بەروارەوە بۆ دیاریکردنی ڕۆژ هەڵبژاردن هەست دەکرێت کاردانەوەیەکی ئەرێنی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە هەیە و هەروەها سەردانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیشمان کرد و، سەرۆکی پەرلەمان ئامادەباشیی خۆی پیشان دا کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هەنگاو و ڕێوشوێنەکانی دیکە کە پێویستن بە خێرایی بچنە پێشەوە.

*** ئایا پێش دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئێوە وەك تیمی ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانتان کردووە؟**

- دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە لەسەر ئاستی نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەکان و دەسەڵاتە فیدراڵییەکان نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان دەکات، ئەم نوێنەرایەتیکردنەش نابێت تەنیا سنووردار بێت بە دەسەڵات و ئەو حزبانەی هاوپەیمانییان کردووە و حکومەتیان پێکهێناوە، بەڵکو دەبێت نوێنەرایەتیی سەرجەم گەلی کوردستان بە تەواوی پێکهاتە و بیروبۆچوونە جیاوازەکانیشەوە بکات، هەر بۆیە هەر لە دەستپێکی کارەکانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم پرانسیپە یەکێك بووە لە ئەولەوییەتی بەرنامەی کاری خۆی و پیادەی کردووە، بە کردەییش کۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان کراوە و، تەنانەت لە دوایین هەنگاویشیدا بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دیسان جەنابی سەرۆکی هەرێم ئێمەی ڕاسپارد بۆ ئەوەی سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکان بکەین، ئێمەش سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانمان کرد و ڕاوێژمان لەگەڵ هەموویان لەسەر ئەم پرسە کردووە، لەمەشدا ڕاستە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و دەتوانێت ڕاستەوخۆ بڕیار دەربکات و ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بیرکردنەوەی بەڕێزیان بەو جۆرە بوو کە تەنانەت لە پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتەشدا گرنگە هەموو لایەنە سیاسییەکان خۆیان لە بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا ببیننەوە، هەر بۆیە دوای ئەوەی ڕاوبۆچوونی هەموو حزبە سیاسییەکانمان وەرگرت و خستمانە بەردەمی بەڕێزیان لەسەر کۆی ئەو ڕابۆچوونانە ئەم کاتە دیاری کراوە.

بەشێکی دیکەی بیرکردنەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەو جۆرەیە لەم قۆناغەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ماڵی کوردستان پێویستی بە تەبایی و یەکدەنگی و یەکڕیزی هەیە، لە مێژووی حوکمڕانی خۆیدا کۆمەڵێك هەنگاوی قورسی بۆ تەبایی و یەکڕیزی هەڵگرتووە، هەر بۆیە ئێستا کە جۆرێك لە پەرتەوازەیی سیاسی هەیە، دەزانین ئەو هەنگاوانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چەند گرنگ و پێویست بوون.

*** ئەم قسانەتان یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بەبیر هێناینانەوە**

**که ئەوکات نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کابینەی پێنجەم بوو، لەپێناو ئامانجێکی گەورەدا کابینە وەزارییەکەی بنکەفراوان کردبوو، ژمارەیەکی زۆری وەزارەتی لەخۆ گرتبوو، ئایا تاچەند توانییان لەوکابینەیەدا ژێرخانی تەبایی و یەکڕیزی و کاری پێکەوەیی زامن بکات؟**

- کابینەی پێنجەم نزیکەی دوای ١٢ ساڵ لە دابڕان و دوو ئیدارەیی دروست بوو، ئەم کابینەیە بۆ یەکگرتنەوەی دوو حکومەتی هەولێر و سلێمانی بوو، ژینگەیەکی سیاسی تەندروستی ئەوتۆ نەبوو، کە مەزندەی ئەوە بکرێت جارێکی دیکە پارتی و یەکێتی بتوانن لە یەك حکومەتدا وەك یەك تیم پێکەوە کاربکەن، هەر بۆیە جەنابی نێچیرڤان بارزانی کە ڕاسپێردرابوو ئەو کابینەیە پێکبهێنێت، لەپێناو ئەو ئامانجە گەورەیەی تەبایی و ئاشتبوونەوە و یەکڕیزی هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر بە بوونی ژمارەیەکی زۆری وەزارەت بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بەشدار بن، هەتا کابینەکەی پێکهێنا و ئەم کابینەیە بناخەی تەبایی و یەکڕیزی و کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان و حوکمڕانی دروست کرد، هەر بۆیە بەردەوام و هەتا ئێستاش بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی بەوجۆرە بیردەکاتەوە کورد بەتایبەتی و گەلی کوردستان بەگشتی پێویستە تەبا و یەکڕیز بێت.

*** لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەم دیدارێکی گرنگی لە هەولێر هەبوو، هەمیش دیدارێکی لە سلێمانی هەبوو، لە هەردوو دیدارەکەدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقیش زۆر باسی گرنگی بە گەشبینیەوە پێشکەش کردین، ئایا مەبەستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم دوو دیدارە چی بوو؟**

- لە ئێستادا دوو پرسی زۆر گرنگ هەن، یەکەمیان پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراقە، دووەمیشیان، پرسی تەبایی و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، هەر بۆیە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامەکانی بۆ ئەم دوو پرسە گرنگە تەرخان کردبوو.

سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان کە پەیوەندی بە پێگە و پەیوەندییەکانی هەرێمەوە هەیە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، کە بەپێی یاسا سەرۆکایەتی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرپرسی یەکەمە بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، بۆیە زۆر بە جددی هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە کرد، بەتایبەتی وەك هەموو لایەك دەزانن ئەم حکومەتەی ئێستا کە بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکایەتی دەکات، لەناو ژینگەیەکی سیاسیی ئارامدا پێك نەهاتووە، بەڵکو لە ئاکامی بارودۆخێکی سیاسیی زۆر قورس و پڕ تەنگژە لە ماوەی ساڵێك زیاتر و دوای کشانەوەی پەرلەمانتارانی تەیاری سەدر و پێکهێنانی هاوپەیمانیی نوێ ئەوجا توانرا ئەو حکومەتە پێکبهێنرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت هەموومان ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەین کە هەموو لایەنەکانی ناو هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئەم حکومەتەی لەسەر پێکهێناوە، ئەم ڕێککەوتنەش بۆ یەکەمجارە وەك بەڵگەنامەیەك نووسراوە، پاشانیش لە پەرلەمان وەك بەرنامەی حکومەتەکەی سوودانی پەسەند کراوە، لەناو ئەم ڕێککەوتنەشدا کۆمەڵێك خاڵی زۆر باشی تێدایە کە ئەو گرێکوێرانە دەکاتەوە کە چەندین ساڵە وەك کێشە لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی هەیە و بێ چارەسەر ماونەتەوە، هەر بۆ نموونە «دارشتنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کە هەتا ئێستا ئەم یاسایە بوونی نییە، چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانەی دادگای فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستانی دروستی کردوون، هەروەها دووبارە کاراکردنەوەی مادەی ١٤٠ی دەستوور و... چەندین کێشەی دیکە» کە ئێستا لە نێوان هەرێم و بەغدا بوونیان هەیە، بۆیە لەم ڕووەوە هەڵسەنگاندنی بەڕێزیان و لە هەردوو دیدارەکە و ئێستا بەو جۆرەیە کە حکومەتی ئێستای عێراق بە ئاراستەیەکی باش دەڕوات. بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی کە سەردانی

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت هەموومان ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەین کە هەموو لایەنەکانی ناو هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئەم حکومەتەی لەسەر پێکهێناوە**

**ئەم ڕێککەوتنە بۆ یەکەمجارە وەک بەڵگەنامەیەک نووسراوە، پاشانیش لە پەرلەمان وەک بەرنامەی حکومەتەکەی سوودانی پەسەند کراوە**

**حەمەد شیاع سوودانی کە سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم کۆبووەوە، جارێکی دیکە پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دووپات کردەوە**

هەولێری کرد و لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم کۆبووەوە، جارێکی دیکە پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دووپات کردەوە، هەرچەندە ڕووداوی نوێ هاتووەتە پێشەوە، بەڵام تا ئێستا پێچەوانەی ئەو پابەندبوونە ڕووی نەداوە.

سەبارەت بە پرسی دووەمیشیان کە پرسی «تەبایی و یەکڕیزییە لە کوردستان، ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، گرفتەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»، لەسەر ئەم پرسە گرنگانەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی هەڵوەستەی لەسەر ئەو گرفتانە کردووە، بەتایبەتی کە ئەم دوولایەنە دوو هێزی سەرەکیی پێکهێنەری حکومەتن، بێگومان هەر گرفتێك لەنێوان ئەم دوولایەنە (پارتی و یەکێتی) هەبێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر کاروبارەکانی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و سەقامگیریی هەرێم و ڕەنگدانەوەی لەسەر پێگەی هەرێم لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت، هەر بۆیە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەردوو دیدارەکەی هەولێر و سلێمانی زۆر جەختی لەسەر ئەم پرسە کردەوە و بانگەوازیشی بۆ تیمی یەکێتی کرد، بگەڕێنەوە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، لە ئێستاشدا هەوڵەکانی هەر بەردەوامن بۆ لێکنزیکردنەوەی هەردوو لایەن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوانیان.

*** ئایا بڕیاری دادگای ناوبژیوانی بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی دروست ناکاتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە بڕیاری ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، بڕیارێکی کاتییە، چونکە لەو ڕێککەوتنەی نێوان هەرێم و لایەنەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی سوودانی، لەسەر ئەو پرانسیپانە ڕێککەوتوون، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرۆشتنی نەوتی هەرێم و کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی داهاتەکان لەسەر ئاستی عێراق و پاشان دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم پرسانە لەناو ڕێککەوتنەکەدا هاتوون، ئێستا کار بۆ جێبەجێکردنی دەکرێت، ئەوەی ڕووی داوە شتێك نییە بڵێین ئاستەنگێکی زۆر گەورە لە پرۆسەکەدا دروست دەکات. واتە ئەمەی کە ڕووی داوە، ئەنجامی ئەو مامەڵە ناتەندروستانەیە کە حکومەتەکانی پێشتری عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردوویانە و هەموو پرسەکان پێکەوە گرێ دراون، هەر بۆ نموونە ئەگەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور پارێزراو بوونایە و بەردەوام پشکی هەرێمی کوردستانیان بناردایە، هەروەها ڕێز لە دەستوور بگیرایە و دەستوورەکە جێبەجێ بکرایە و ددان بەوەدا بنرایە کە هەرێمی کوردستان مافی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی هەیە، بێگومان هەرێمی کوردستانیش هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی دیکە و لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی هەڵدەگرت، بەردەوامیش لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ هەوڵەکانی بەوجۆرە بوون کە ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوان لە ٢٠١٤ بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانیان بڕی.

ئێستا نییەتێکی باش لەلایەنی حکومەتی بەغداوە هەیە بۆ ئەوەی هەموو کێشەکان بە کێشەی نەوت و گازیشەوە بە ڕێگەی دەستوور چارەسەر بکرێن، هەروەها هەوڵێك هەیە بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، لەمەشدا گرنگە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا و دەستووردا پارێزگاری لە مافە دەستوورییەکانی خۆی بکات.

سەبارەت بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانیش، بێگومان عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەگەڵ تورکیا دوو دەوڵەتی دراوسێن، چەندین بەرژەوەندیی هاوبەشی «ئاسایش و سەربازی و بازرگانی و ئابووری و ئاو»یان هەیە، هەروەها دواجار حکومەتی عێراق بڕیاری داوە کە تەواوی مەرزە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بەسرە بە هێڵێکی شەمەندەفەر بەشێکی بە بەندەرە جیهانییەکان و بەشێکی دیکەشی لە

**هەر گرفتێک لەنێوان ئەم دوولایەنە (پارتی و یەکێتی) هەبێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر کاروبارەکانی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و سەقامگیریی هەرێم و ڕەنگدانەوەی لەسەر پێگەی هەرێم لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت**

**بڕیاری ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، بڕیارێکی کاتییە، چونکە لەو ڕێککەوتنەی نێوان هەرێم و لایەنەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی سوودانی، لەسەر ئەو پرانسیپانە ڕێککەوتوون، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرۆشتنی نەوتی هەرێم**

**ئێستا نییەتێکی باش لەلایەنی حکومەتی بەغداوە هەیە بۆ ئەوەی هەموو کێشەکان بە کێشەی نەوت و گازیشەوە بە ڕێگەی دەستوور چارەسەر بکرێن**

ڕێگەی تورکیا بە ئەورووپاوە گرێ بداتەوە، دواجار ڕێککەوتن لەسەر شێوازێکی دروست بۆ ئایندە دەکرێت، بۆیە گرنگە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربکرێت و پەسەند بکرێت، لەم یاسایەدا شێوازی مامەڵەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێم دیاری دەکرێت، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق دەبێت و مافەکانی هەرێمی کوردستانیشی تێدا پارێزراو دەبێت.

*** ئەمساڵیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێک بوو لە بەشداربووە دیارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهان لە میونشن، لەگەڵ ئەوەی بایەخی سەرەکیی ئەم کۆنفرانسە لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بوو، بەڵام پێگەی هەرێمی کوردستانیش دیار بوو، ئایا چۆن سەیری ئەم پێگەیەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، لە ڕووی ئەرک و مافەوە و بەو شێوازەی دەستوورەکە لەلایەن حکومەتی بەغداوە جێبەجێ دەکرێت و ڕەفتاری بەرانبەر هەرێمی کوردستان پێ دەکرێت، هەتا ئێستاش ماف و دەسەڵاتەکانی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی بەرجەستە نین، خۆ ئەگەر ئەو ماف و دەسەڵاتانەی لە دەستووردا بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراون، وەک خۆی جێبەجێ بکرابان، کە ئێستا ئومێدمان زۆرە کە حکومەتی سوودانی جێبەجێیان بکات، ئەوا پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کاریگەریی زیاتر دەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا وەک دەبینن هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و دیپلۆماتیی کاریگەری لە ناو هاوکێشە سیاسییەکاندا هەیە و دەتوانم بڵێم بەپێی قەوارەی خۆی کاریگەریشی لەسەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان هەیە.

سەبارەت بەو دیدار و کۆبوونەوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی لە میونشن ئەنجامی داون، دەرخەری دوو ڕاستین:

یەکەمیان: ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی کاریگەری لە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژی و ژیارییدا هەیە.

دووەمیان: ئەو نوێنەراتیکردنە دروستەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستانی کردووە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوی پەسەندی ناوە، ئەگەر سەرنج بدەین لە دوانامەی وەزیری بەرگریی ئەمریکا و زۆرێک لەو شاندانەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ کراوە، دەبینین هەموویان ڕۆڵی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە پاراستنی یەکریزی و تەبایی ناوخۆیی و پیادەکردنی سیاسەتی دراوسێیەتی باش و گرتنەبەری ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ بۆ کێشەکانی لەگەڵ بەغدا بەرز دەنرخێنن.

*** ئایا دەتوانین بە گەشبینییەوە سەیری هەوڵەکانی داهاتووی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین، یان ڕاشکاوانەتر بەرنامەی هەیە بۆ کۆکردنەوەی کۆی لایەنە سیاسییەکان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان؟**

- بە دڵنیاییەوە بیرکردنەوە و هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تەبایی و یەکریزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی پارتی و یەکێتییە و، ئەم هەوڵانەی بەڕێزیشیان بەردەوام دەبێت.

بەڕێزیان بەردەوام جەخت لەسەر یەک شت دەکاتەوە و دەڵێت: «هەموومان بەیەکەوە بەهێزین، بە پەرتەوازەیی کەسمان بەهێز نین، گرنگە چوارچێوەیەک بۆ ململانێی حزبیمان هەبێت، کە ئەویش بەرژەوەندیی گەلی کوردستانە و دەبێت لە سەرووی بەرژەوەندیی حزبییەوە سەیر بکرێن».

هەر بۆیە من دڵنیام لەم ساتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێک لەو پرسە گرنگانەی بیری لێ دەکاتەوە، ئەوەیە؛ چۆن نێومالّی کوردستان یەک بخات، ڕۆڵێک بگێڕێت لە خاوکردنەوەی ئەو گرژییانەی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا بوونیان هەیە.

**حکومەتی عێراق بڕیاری داوە کە تەواوی مەرزە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بەسرە بە هێڵێکی شەمەندەفەر بەشێکی بە بەندەرە جیهانییەکان و بەشێکی دیکەشی لە ڕێگەی تورکیا بە ئەورووپاوە گرێ بداتەوە**

**بەو شێوازەی دەستوورەکە لەلایەن حکومەتی بەغداوە جێبەجێ دەکرێت و ڕەفتاری بەرانبەر هەرێمی کوردستان پێ دەکرێت، هەتا ئێستاش ماف و دەسەڵاتەکانی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی بەرجەستە نین**

**هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و دیپلۆماتیی کاریگەری لە ناو هاوکێشە سیاسییەکاندا هەیە و دەتوانم بڵێم بەپێی قەوارەی خۆی کاریگەریشی لەسەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان هەیە**



# چەکی ئایدیۆلۆژی

## لە چەکی بایۆلۆژی مەترسیدارترە



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
بەرپرسی کاروباری عێراق لە بارەگای بارزانی
بۆ گوڵانی نووسیوە

سرووشتی دەوڵەتە ئایدیۆلۆژییەکان، بەتایبەتی دەوڵەتانی ئایینی ئەوەیە کە لە شەڕەکانیاندا پەنا بۆ هەموو ئامرازەکان دەبەن، بۆ گەیشتنیش بە مەرام و ئامانجە سیاسییەکانیان، هەژموون و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیای خۆیان دەسەپێنن، بەتایبەتی خەڵك و لایەن و دامەزراوە و کەسایەتییەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنن، هەروەها لەم بارەوە بینیمان کە ئەڵمانیای نازی داوای یارمەتی لە موسڵمانە توندڕەوەکان کرد، ئەوانەی لە وڵاتەکانی خۆیان بەجێ هێشتبوو و هەڵاتبوون، بەتایبەتی لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، ئایان جۆنسۆن کە توێژەرێکی کەنەدییە بە تێروتەسەلی لە کتێبەکەیدا (مزگەوتێك لە میونیخ - Mosque In Munich A) ئاماژەی بە ڕۆڵی نازییەکان کردووە لە پەرەپێدانی بیرۆکەی بەکارهێنانی چەکی ئایدیۆلۆژی، ئەمەش بە بەکارهێنانی موسڵمانانی بەئایدیۆلۆژیکراو تاکو وڵاتانی دوژمنکار تێك بدەن و کۆتایی بە ڕژێمەکانیان بهێنن، دەبینین کە هیتلەر دۆڕا، بەڵام بیرۆکەکەی هەر مایەوە، ئەو بیرۆکەیەی لە بەرلینەوە بۆ پایتەختەکانی دیکە گواسترایەوە و، چەکی ئایدیۆلۆژی پەرەی پێ درا، کە دوای سەردەمانێك بوو بە مەترسیدارترین چەك کە وڵات و خێزان و کۆمەڵگەکان لەناو دەبات.

یوری بێزمێنۆڤ Yuri Bezmenov، بریکاری نهێنیی یاخیی ڕووسی کە لە ساڵی **١٩٩٣** کۆچی دوایی کرد، دەڵێت: «پیلانگێڕیی ئایدیۆلۆژی لە شەڕی بایۆلۆجی توندوتیژترە.»

لێرەدا ئەو قسەیە بە بەڵگە دەهێنمەوە کە فەیلەسوفی چینی سون تزو Sun Izu لە کتێبەکەیدا بە ناوی هونەری جەنگ The art of war دەڵێت: «لە ئاشتیدا ئارەقەیەکی زۆر بڕێژە، بۆ ئەوەی خوێنێکی کەم لە شەڕدا بڕێژیت». بۆیە پێویستە لە هەلومەرجی ئاشتیخوازانەماندا بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە کاربکەین بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی بەهێز و تۆکمە کە بەر لەم چەکە بگرێت، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ببێتەوە، لە کاتێکدا ئێمە هێشتا لە پرۆسەی پەروەردەکردن و شیاندن و بنیادناندایین.

بێزمێنۆڤ ڕای وایە تێکدان و لەناوبردنی هەر دەوڵەتێك، یان کۆمەڵگەیەك بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

قۆناغی یەکەم: داماڵینی گیانی وره، یان مۆڕاڵ Demoralization، ئەم قۆناغە پانزە بیست ساڵ دەخایەنێت، ئەم ماوەیەش بەسە بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەك کە هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆژیایە بێت کە مەبەستی کوشتنی مۆڕاڵی گەنجانە، ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتە کە دەوڵەت بڕوای پێیەتی و بەنیازە لە پێناو کۆنترۆڵکردندا کاری تێکدان ئەنجام بدات، ئەم پرۆسەی تێکدان و کاولکردنە مۆڕال و ئینتیما بۆ نیشتمان و هێما ئایینی و مێژووییەکان، هەروەها کەسایەتییە مێژووییەکان و زمان و کەلتوور و شارستانییەت دەکاتە ئامانج.

قۆناغی دووەم: ناسەقامگیری Destabi-lization، ئەم قۆناغەش دوای سەرکەوتنی قۆناغی یەکەم دێت، کە پێویستی بە دوو، یان پێنج ساڵ هەیە، تاکو ئەو نەوەیەی ئایدیۆلۆژیای وێرانکەری هەڵگرتووە ئاژاوە و ناسەقامگیری بۆ وڵات بهێنێتە کایەوە، وەك چۆن چارەسەری خێرایان دەوێت، بۆیە پەنا بۆ هەڵبژاردنی سیاسەتمەدارانی نوێ دەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، پێیان وایە بەم هەنگاوە چارەسەری کۆتاییان بۆ دەهێنن، هەرچەندە ئەم چارەسەرانە هەنووکەیی و کاتیین،

**فەیلەسوفی چینی سون تزو Sun Izu لە کتێبەکەیدا بە ناوی هونەری جەنگ The art of war دەڵێت: «لە ئاشتیدا ئارەقەیەکی زۆر بڕێژە، بۆ ئەوەی خوێنێکی کەم لە شەڕدا بڕێژیت»**

**مەبەست لە ئایدیۆلۆژیای تێکدەر هێنانەکایەی نەوەیەکە کە تۆزقاڵێک ورە و مۆڕاڵی نییە وەک ئینتیما بۆ نیشتمان و ڕێزگرتن لە هێما ئایینی و مێژووییەکانی**

لە کۆتاییشدا دەکەونە تەڵەی ئایدیۆلۆژیای تێکدەرەوە، چونکە ئەوە ئایدیۆلۆژیای وێرانکەرە کە ئەم سیاسەتمەدارە نوێیانەی بەرهەمهێناوە و ئەو چارەسەرانە دەخاتە ڕوو، مەبەست لە ئایدیۆلۆژیای تێکدەر هێنانەکایەی نەوەیەکە کە تۆزقاڵێک وره و مۆڕاڵی نییە وەك ئینتیما بۆ نیشتمان و ڕێزگرتن لە هێما ئایینی و مێژووییەکانی، هەروەها کەلتوور و داب و نەریت و مێژوو و شارستانیەت و جوگرافیا و هونەر و ئەدەبەکەی، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە قەناعەت بە نەوەی داهاتوو بکات، کە چارەسەر تەنیا لای ئەوە، واتا لای ئایدیۆلۆژیا، نەك لای یەکێکی دیکە، بەمەش ناوبانگی کەسانی دیکە لەکەدار دەکات، دواتر پەیوەندیی نەوەی داهاتوو بە دەوڵەتانی دۆست دەبڕێت کە هەوڵی یارمەتیدانی دەدات لەنێوان دوو بەرداشی ئەم تەکنەلۆژیایە.

قۆناغی سێیەم: قەیران Crisis، کە قۆناغێکە دوو یان سێ مانگ دەخایەنێت، لەو ماوەیەدا ئایدیۆلۆژیای وێرانکەر ئەو شانانەی کە چاندوویانە، چالاکیان دەکات بۆ ئەوەی پشێوی و ناسەقامگیری دروست بکات، لێرەشدا ئەو ئایدۆلۆژیایە کۆنترۆڵی عەقڵی نەوەی داهاتوو دەکات و دەیخاتە نێو ناوەندەکانی هێزەوە، نەك لە ڕێگەی کودەتاوە، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، تاکو بگوترێت دیموکراسی هەیە، کاتێکیش ئەو نەوەیەی کە دروستی کردووە، دەسەڵاتی دەبێت، سەرچاوەکانی وڵات بۆ ئەو ئایدۆلۆژیایە دەڕوات، خەڵکیش لە ژیانێکی ئاسوودەدا دەمێننەوە، چونکە مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەدەست هێناوە، سەروەری و ئینتیما و دەستپاکی و خۆشەویستیی نیشتمان و مێژوو و مۆرال و کەرامەت لای نەوەی داهاتوو گرنگ نییە، چونکە پێی وایە هەموو ئەمانە لە ژیانی ئاسوودەدایە، نەوەیەك دروست دەبێت وەك ئاژەڵ دەخوات و دەخواتەوە و دەنوێت و گوێ دەگرێت، نەك هەر ئەمە، بەڵکو دەگاتە ئەو ئاستەی گاڵتە بە هەموو بەها ئەخلاقی و ئایینی و خێڵەکییەکان دەکات و، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا - ئەگەر ئەرکی ئەخلاقی و ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان جێبەجێ نەکەین، نەوەی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ دوژمنێکی دڕندە کە وەك بەربەستێکی سەرنەکەوتوو لە بەرانبەر گەلەکەی خۆی دەوەستێت، ئەوانەی نایانەوێت لە هەمبەر تەکنەلۆژیای تێکدەر ملکەچ و سەرشۆڕ و زەلیل و گوێڕایەڵ و بچووك بن.

قۆناغی چوارەم: ئاساییکردنەوە Normal-ization، کە دوا قۆناغە، کاتێك ئایدۆلۆژیا هەوڵی ئاساییکردنەوەی هاووڵاتیان دەدات بۆ ئەو دۆخە نوێیە و، بە گوزارشتێکی وردتر بەژینگەکردنیان، ئەمەش داگیرکاریی ئاشتیخوازانەیە، کە لە قۆناغی یەکەمدا بە عەقڵەکان دەستی پێ کرد، لە دوا قۆناغیش لە کێڵگەکاندا چەسپا، کاتێکیش ئایدیۆلۆژیا هەستی کرد کە مەترسییەك هەڕەشەی لێ دەکات لەلایەن هەندێ بەرگریکارانەوە، ئەوانەی ساختەیی و مەترسییەکەی ئەم ئایدیۆلۆژیایەیان ئاشکرا کرد، ئەو کاتە زۆر توند دەبێت، چونکە ئەمە هەڕەشە لە هەوڵ و ماندووبوونەکانی و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی و ئاسایشی نەتەوەیی دەکات.

ڕەنگە لە جێی خۆیدا بێت کە باس لە کوردستان بکەین، ئایا ئێمە ڕووبەڕووی مەترسییەکی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ نەبووینەتەوە کە باوەڕی بە هیچ شتێك نییە؟ بەڵکو بیرو باوەڕی لە بەدەستهێنانی چێژ و ئامانجەکانیدایە، بۆیە ئێمە دەبینین کوفر بە نیشتمان و زمان و کەلتوور و داب و نەریت و پۆشاك و هونەر و مێژوو و شارستانیەت و ڕابردوو و خەباتی خۆی دەکات، هەروەها گاڵتە بە خوێنی پێشمەرگە و فرمێسکی دایکە جگەرسووتاوەکان دەکات، جنێو بە پیرۆزییەکان و سونبولە نەتەوەییەکانی دەدات، ئەم نەوە هەژارە نازانێت کە بوونی ڕاستەقینەی خۆی لە نیشتمان و کەلتوور و زمان و ڕابردوو و خەباتەکەیدایە. هیچ زیانێکی نییە ئەم نەوەیە ڕەخنە لە حکومەتەکەی بگرێت، بە مەرجێك ڕەخنەی میهرەبانانە و بنیادنەر بێت، لە دڵێکی خۆشەویست و بەزەییدارەوە، نەك ڕەخنەی نەفرەتی لە دڵێکی ڕقاوییەوە، ڕەخنەی یەکەم بنیاد دەنرێت و قبووڵ دەکرێت و لێی دەکۆڵرێتەوە، دووەمیشیان تێکدەدات و ڕەت دەکرێتەوە.

**ئەگەر ئەرکی ئەخلاقی و ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان جێبەجێ نەکەین، نەوەی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ دوژمنێکی دڕندە کە وەک بەربەستێکی سەرنەکەوتوو لە بەرانبەر گەلەکەی خۆی دەوەستێت**

**کاتێک کافرەکانی قورەیش پێغەمبەری خودا (د.خ) یان لە مەککە دەرکرد (کە شوێنی لەدایکبوونی بوو)، قسەیەکی ناشیرینی لە دژی گەلەکەی نەگوت کە دەریان کرد، بەڵکو دوعای بۆ کردن**

**هەندێک لە سیاسەتمەدارە شکستخواردووەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە دروستکردنی نەوەیەکی ناڕازی و قین لەدڵ، کە ڕقی لە هەموو شتێکی جوانە، هەموو پەرەسەندنێک ڕەت دەکاتەوە و گاڵتە بە هەموو پێشکەوتنێک دەکات**

دەزانم کە گەنجی ئێمە ڕووبەڕووی سەختی ژیانیان دەبنەوە، هەروەها عەیبێك لە پێکهاتەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا دەبینن، ئەوان ژیانێکی ئاسوودە، ژیانێکی بەختەوەر، پێکهێنانی خێزان، دروستکردنی خانوو و کڕینی ئۆتۆمبێلیان دەوێت، ئەمەش یەکێکە لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، بەڵام کاتێك ناتوانیت ئەوە بەدەست بهێنیت، ناکرێ زێدەڕۆیی لە نیشتمانی خۆت بکەیت، کە وەك دایکت وایە کە شیری پێ داویت، زمانەکەشت کە خودا بۆی دروست کردوویت و، کولتوورەکەت کە لەلایەن ئەوانەی پێش تۆ بۆتیان دروست کردووە.

کاتێك کافرەکانی قوڕەیش پێغەمبەری خودا (د.خ) یان لە مەککە دەرکرد (کە شوێنی لەدایکبوونی بوو)، قسەیەکی ناشیرینی لە دژی گەلەکەی نەگوت کە دەریان کرد، بەڵکو دوعای بۆ کردن، ڕقی لە مەککە نەبوو، بەڵکو گوتی: بەخوا تۆ باشترینی خاکی خودایت و خۆشەویستترین خاکی خودایت بۆ من و، ئەگەر خەڵکەکەت منیان لێرە دەرنەکردایە، نەدەچوومە دەرەوە.

هەندێك لە سیاسەتمەدارە شکستخواردووەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە دروستکردنی نەوەیەکی نارازی و قین لەدڵ، کە ڕقی لە هەموو شتێکی جوانە، هەموو پەرەسەندنێك ڕەت دەکاتەوە و گاڵتە بە هەموو پێشکەوتنێك دەکات، تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی پێشوازی لە داگیرکاری و دوژمنان بکات، لەوەش خراپتر ئەوەیە، یەکێك لە زانایانی ئایینی دڵخۆش بوو کاتێك هەناردەکردنی نەوتی کوردستان وەستا، یەکێکی دیکەش بە لەدەستدانی کەرکووك زۆر دڵخۆشە، و هەندێکیان دوژمنایەتیی ڕیفراندۆمی کوردستانیان کرد و، هەندێکی دیکەش دڵخۆشن و پشتگیری لەوە دەکەن کە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی بڵاوی کردووەتەوە کە هەرێمی کوردستانی بە هەرێمی کارتۆنی وەسف کردووە..

ئەم هەرێمەمان لەسەر دەریایەکی خوێن و ڕووباری فرمێسکی دایکانی شەهیدان بنیاد نا، بۆیە ئێمە لەم قۆناغەی ئێستادا ڕووبەڕووی مەترسیدارترین نەوە دەبینەوە، لەبەر ئەوە دەبێت هەڵمەتێکی نیشتمانی لەسەر هەموو ئاستێك، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە لە مزگەوتەکان، زانکۆکان، قوتابخانەکان، هەموو دامەزراوە حکوومی و حزبییەکانمان ڕابگەیەنین، دەبێت خەڵکی لەم چینە سیاسییە شکستخواردووە وریا بکەینەوە، کە نەوەیەکی گوماناوی و گومڕایان دروست کردووە، لە کاتێکدا کە ئێمە ئەوپەڕی پێویستیمان بە هاودەنگی و تەبایی و هاوکاری هەیە، لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکەمان لە پیلانی دەرەکی بۆ گەیشتن بە ئەمن و سەلامەتی.

چەکی ئایدیۆلۆژی دەتوانێت گەلان لەناو ببات، کاتێك ناسنامەی نیشتمانی، نەتەوەیی، ئایینی، کەلتووری، شارستانی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییان لێ داماڵێت، بە کورتی دەتوانین بە ناسنامەیەکی بوونگەرایی ناوی ببەین، بەڵام چەکی بایۆلۆژی ناتوانێت ئەمە بکات، ڕەنگە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەناو ببات، بەڵام لە ئەنجامی ئەمەدا نەوەیەکی نوێ دێتە کایەوە کە پابەندی ناسنامە بوونگەراییەکەی دەبێت. نموونەی ئەمە لە مێژوودا زۆرە، لە جەنگی ڤێتنامدا، بۆ نموونە ئەمریکا چەکی بایۆلۆژی بەکارهێنا و شەڕی نێوانیان درێژەی کێشا، تا ئەمریکا شکستی هێنا و لە ساڵی ١٩٧٥ کشایەوە، ئەمریکا ٥٨ هەزار سەربازی لێ کوژرا و ١٥٠ هەزاریشی بریندار کرا، ڤێتنامییەکان ملیۆنان کەسیان لێ کوژرا، ئەمریکاش ڕێگای چەکی ئایدیۆلۆژی گرتە بەر، پەیوەندییەکی بازرگانیشی لەگەڵ ڤێتنام دروست کرد، کە بووە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی، ڕاپرسییەکەی ساڵی ٢٠١٧ی دامەزراوەی پیو دەری خست کە ٧٦٪ی ڤێتنامییەکان (لە تەمەنی ١٥-٢٩) ساڵان بۆچوونێکی ئەرێنییان بەرانبەر بە ئەمریکا هەیە، پاشان ڕێژەکە بۆ ٨٧٪ بەرزبووەوە. ئەوەی چەکی ئایدیۆلۆژی بە خەڵکی دەکات ناتوانرێت وێنا بکرێت، چونکە چەکێکی ئاشتیانەیە بەبێ خوێن و فرمێسك و وێرانکاری وماڵوێرانی، چونکە زۆر لە چەکی بایۆلۆژی مەترسیدارترە.

**یەکێك لە زانایانی ئایینی دڵخۆش بوو کاتێك هەناردەکردنی نەوتی کوردستان وەستا، یەکێکی دیکەش بە لەدەستدانی کەرکووك زۆر دڵخۆشە، و هەندێکیان دوژمنایەتیی ریفراندۆمی کوردستانیان کرد**

**دەبێت خەڵکی لەم چینە سیاسییە شکستخواردووە وریا بکەینەوە، کە نەوەیەکی گوماناوی و گومڕایان دروست کردووە، لە کاتێکدا کە ئێمە ئەوپەڕی پێویستیمان بە هاودەنگی و تەبایی و هاوکاری هەیە**

**چەکی ئایدیۆلۆژی دەتوانێت گەلان لەناو ببات، کاتێك ناسنامەی نیشتمانی، نەتەوەیی، ئایینی، کەلتووری، شارستانی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییان لێ داماڵێت**

# ئایا هەرێمی کوردستان لە بەردەم کام مەترسیدایە؟

دوای جەنگی ئۆکراین و داگیرکاریی ڕووسیا، گۆڕانکاریی گەورە ڕوویان دا، لە ڕووی ئابووری و ئاسایشی وڵاتان و دووبارە یەکخستنەوەی جەمسەری هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان و کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوانە زیاتر دەبن بەسەر هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشێکن لە سیستمی ئابووری و سیاسی و ئاسایشی جیهانی، گومان لەوەدا نییە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم گۆڕانکارییەدا پریشکی بەردەکەوێت، هەنگاوەکانی ئەم دواییە و جۆرێك لە لێکنزیکبوونەوەی سعودییە و ئێران و جووڵە دیپلۆماسییەکانی ئەم دواییەی بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا بۆ ڕووسیا و ئیمارات و هاتنە پێشەوەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا هەموویان لە چوارچێوەی ئەم دۆخە نوێیەدان.

لەم نێوەندەدا عێراق ئەگەر کارەکتەرێکی سەرەکیی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهانیش نەبێت، بەڵام بەپێی ئەندازەی خۆی بەشێکە لە جەوهەری گۆڕانکارییەکان و پشکدارە لە دیوە ئابووری و ئاسایشییەکەی ئەم دۆخە نوێیەی هاتووەتە پێشەوە، بەڵام چەند دەتوانێت لەم ڕووەوە خۆی لە لێکەوتە خراپەکانی دۆخەکە دەرباز بکات، ئەمەیان پەیوەندی بە دۆخی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانییەوە هەیە، کە چەندە لە توانایدا هەیە، قەیرانە ناوخۆییەکان تێپەڕێنێت و عێراق بهێنێتەوە ناو گۆڕەپانی بەهێزی ئابووری و ئاسایشەوە.

لەم ماوەیەدا بەهۆی بایەخ و گرنگیی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاسایش و ئابووری و سەقامگیرییەوە، جووڵەیەکی ناسرووشتی دژ بە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە. پرسیاری گرنگ لەم بابەتەدا هەن، ئاخۆ بە ڕاستی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئەم مەترسییەدایە؟

بێگومان لەبەردەم مەترسیدایە، بەڵام کام مەترسی و چۆنیش دەتوانین ئەم مەترسییانە بکەین بە دەرفەت؟

ئەگەر بڕوانین لە دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، ئەو مەترسییانەمان بۆ دەردەکەوێت کە قەوارەیەکی سەرکەوتووی بەردەوام لەگەشەکردن لە ڕووی ئابووری و بووژانەوەی ئاوەدانی و ئاسایش و دیموکراتی و سەقامگیری و پێکەوەژیان لە ناوچەیەکی ئاڵۆزدا، بەبێ مەترسی تێناپەڕێت و، بەردەوام ئەم مەترسییانەش هەبوون و هەوڵی نەبڕاوە هەیە بۆ تێکدانی دۆخی ناوخۆیی و پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان و، زۆرجاریش مەترسی گەیشتووەتە ئاستی پەلاماردانی سەربازی و هێرشی جۆراوجۆر، چ ئەوانەی لە لایەن میلیشیاکانی عێراقەوە بێت، یان بەهۆی ڕاستەوخۆی ئێران و تورکیاوە بێت، یانیش وەك ئەو مەترسییەی داعش کە هەموویان شکستیان خواردووە و نەیانتوانیوە وەك ئەوەی ویستوویانە بەدەستی بهێنن، ئەویش ڕاگرتنی ئەو کاریگەری و بایەخەی هەرێمی کوردستانە لە ڕووی ئابووری و ئاسایش و سەقامگیرییەوە.

ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین مەترسییەکانی پێشوو کە ئێستایش هەن، هەم هەرێمایەتین و هەم ناوخۆیین، کەواتە بابەتێکی نوێ نییە و جووڵاندنی پێشتریش لە ڕۆژنامەیەکی عێراقی و دواتر لە میدیا جیهانییەکان و نیشاندانی ڕاوبۆچوونی کەمینەیەك، یان تەزویرکراو، یان هەڵێنجراو لە گلەیی و ڕەخنەی هاووڵاتیان، نیشانەی ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان لەو لێوارەدایە بڕووخێت و بنەماکانی مانەوەی وەك قەوارەیەك لە دەست دابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بنەماکانی مانەوەی هەرێمی کوردستان و پشتیوانیی

**عێراق ئەگەر کارەکتەرێکی سەرەکیی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهانیش نەبێت، بەڵام بەپێی ئەندازەی خۆی بەشێکە لە جەوهەری گۆڕانکارییەکان**

**نیشاندانی ڕاوبۆچوونی کەمینەیەک، یان تەزویرکراو، یان هەڵێنجراو لە گلەیی و ڕەخنەی هاووڵاتیان، نیشانەی ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان لەو لێوارەدایە بڕووخێت**



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

نێودەوڵەتی زیاتر دەبێت، ئەگەر بە چاوێکی بابەتیانە لێی بڕوانین. بۆ نموونە: ئاخۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا جگە لە تورکیا و سعودییە و ئوردن و میسر و...هتد کە هاوپەیمانن و پارێزگاری لە بەهای مانەوەیان دەکات، چ کیانێکی نادەوڵەتی هەیە لەم ناوچەیەدا بە قەدەر هەرێمی کوردستان لە ناو چوارچێوەی ئەجێندا و ستراتیژیەتی ئەمریکادا بێت، کە لە جوگرافیایەکی ئاڵۆزدا بێت و، خاوەن کۆمەڵێك بەهای هاوبەش بن لە پرسی دیموکراسی و پێکەوە ژیان و ئابوورییەکی بەهێز (ئەگەرچی لە ئێستادا ئەمە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام خاوەن سامانێکی سرووشتیی بەهێزە وەك نەوت و غاز) کە ئێستا بابەتی دووەمیان (غاز) بە هۆی لێکەوتەکانی شەڕی ئۆکراین تەنگی بە ئەورووپا هەڵچنیوە، یانیش لە ڕووی ئارامی بۆ پێگەی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا بەتایبەتی هێزەکانیان کە دەیانەوێ مانەوەیان بە شێوەیەك بێت، بەردەوام مەترسییەکانی سەر بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە بپارێزێت.

هەر پەیوەست بە پرەنسیپە گشتییەکانی سەردەمی نوێی دیموکراسییەت و کرانەوەی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕەوتەکەدا، بەپێی توانای وەرگرتنی ئاستی، کۆمەڵگەی کوردی خۆی گونجاندووە لەگەڵ وڵاتانی بایەخداری ئەورووپا، کەواتە لەمەدا پشتگوێ و پەراوێز نەخراوە، تا ببێتە مەترسییەك کە هێندە کاریگەری لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەبێت، بەڵام ئەمەش ئەو مەترسییەی خستووەتە سەر هەرێمی کوردستان، کە هەندێك لە وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ ئەو بەها گرنگانە نین کە زۆر لەگەڵ کرانەوە و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانن، بۆیە لەمەدا بەڵێ، مەترسی هەیە، وەك ئەوەی گرووپە توندڕەوەکان هەمیشە مەترسین.

مەترسیی دیکە کە گومانی تێدا نییە کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، جۆری ناتەبایی سیاسی و بێ متمانەیی هێزەکانە، کە زۆر بە هەڵە تێکەڵ بە هەموو دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان کراوە و، لە هەڵکشان و داکشانی ئەم دۆخەدا مەترسی دەکەوێتە سەر کۆی گشتیی کیانەکە، بۆیە دۆست بێت، یان نەیار، ئەگەر ئەم مەترسییانەمان نیشان بدەن، مانای ئەوە نییە ئەم کیانە لەو لێوارەدایە کە لەدەست دەچێت و خەون و خوێنی هەزاران شەهید بەفیڕۆ دەڕوات، بە پێچەوانە ئەوە، بایەخی پێگەی هەرێمی کوردستانە کە مەترسییەکانمان بۆ ڕوون دەکرێتەوە.

**مەترسیی دیکە کە گومانی تێدا نییە کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، جۆری ناتەبایی سیاسی و بێ متمانەیی هێزەکانە، کە زۆر بە هەڵە تێکەڵ بە هەموو دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان کراوە**

ئێستە خاڵی گرنگ لە دۆخی وادا بۆ هەرێمی کوردستان، چۆنێتیی گواستنەوەی مەترسییە بۆ دەرفەت و لە دەرفەتیشەوە بۆ دەستکەوتی زیاتر، کە ئەمەیان زۆر لەبارە بۆ گەلی کوردستان، ئەم خاڵە بەهێزترە لەو بۆچوون و ئەگەرانەی کە لاوازن و هەڵێنجراوی کەمێك ڕەخنەن لە هەرێمی کوردستان و بابەتێکی زۆر سرووشتین لە سیستمی حوکمڕانیی هەر وڵاتێکدا.

ئەگەر ئیرادەیەك هەبێت کە بتوانێت مەترسی بکات بە دەرفەت و دەرفەت بکات بە دەستکەوت، ئەوا یەکڕیزیی بڕیاری سیاسییە لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆی گشتیی ڕووداوەکان و خۆدۆزینەوەی کوردستانە لەیەك بڕیار، کە ڕەنگدانەوەی سەربەخۆیی خۆی بێت، نەك بڕیارێك بچێتە قازانجی ئەو بەرە جیاواز و دژبەرانەی لە ناوچەکە و ئاستی جیهاندا لەبری شەڕی بەرژەوەندیی کورد، ململانێی بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن.

**ئەگەر ئیرادەیەک هەبێت کە بتوانێت مەترسی بکات بە دەرفەت و دەرفەت بکات بە دەستکەوت، ئەوا یەکڕیزیی بڕیاری سیاسییە لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆی گشتیی ڕووداوەکان**

**سەروەر کەمال هاواری**
بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی، بۆ گوڵان:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکخستنەوەی کەرتی بازرگانی و ڕێگرتن لە قۆرخکاری سەرکەوتوو بووە

**کۆی ئەو پارەیەی سێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لای حکومەتی ناوەندی بوون، لە کابینەی نوێیەمدا گەڕایەوە بۆ جووتیاران کە بڕەکەی زیاتر لە (یەک تریلیۆن و هەشت سەد و چل و حەوت ملیار و نۆسەد و هەشتا و پێنج ملیۆن) دینار بوو**

بازرگانی و ڕێکخستنەوەی ئەم کەرتە گرنگە بە شێوەیەك کە لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت و ڕۆڵی لە فرەچەشنکردنی ئابووری و پێشخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا هەبێت، بە یەکێك لە کارنامە و هەنگاوەکانی چاکسازیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لە ئێستاشدا لەگەڵ هاتنەوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا، چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕ و بازرگانی بۆ ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخی شمەك و کەلوپەلە خۆراکییەکان، ئەرکێکی دیکەی حکومەتە، لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەروەر کەمال هاواری بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی سازدا .



*** لەگەڵ هاتنەوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و بەرزبوونەوەی نرخ لەسەر کەلوپەل و کەرەستە خۆراکییەکان، سەرەتا دەکرێت بزانین وەك وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکەن؟**

- کەمبوونەوەی بەرهەمی خۆراکی لە جیهان و گرانبوونی نرخەکەی بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و تێچوونی گواستنەوە، وای کردووە کە لەسەر ئاستی جیهان نرخەکان ڕوو لە هەڵکشان بکەن، لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە هۆی داشکانی بەهای دینارەوە هەڵاوسانێکی گەورە هەیە، هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و زیادبوونی خواست، وای کردووە کە نرخی خۆراك لەسەر هاووڵاتیان گران بێت، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕ و کۆمەڵێك ڕێکاری دیکەی بازرگانی و ڕێکخستنەوەی پێدانی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیانەوە توانیویەتی ڕێگری لە هەڵکشانی زیاتری نرخەکان بکات. پرسی خۆراك و ڕێگرتن لە قۆرخکاری و گەمەکردن بە نرخەکان، هەر لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاتنی پەتای کۆرۆنا و گرانبوونی نرخەکان و مەترسیی کەمبوونەوەی پێداویستییە خۆراکییەکان، ڕێوشوێنی پێویستی بۆ گیرانەبەر، ئەوە بوو بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران ئەزموونێکی سەرکەوتوومان بۆ دروست بوو بۆ ڕێگرتن لە گرانبوونی نرخەکان و نەهێشتنی قۆرخکاری، لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و لە بۆردی خۆراکیدا بەرەنگاربوونەوەی ئەم حاڵەتەمان کرد و،

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕ و کۆمەڵێک ڕێکاری دیکەی بازرگانی و ڕێکخستنەوەی پێدانی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیانەوە توانیویەتی ڕێگری لە هەڵکشانی زیاتری نرخەکان بکات**

**ئێمە هەوڵی ئەوەشمان داوە جووڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا لە خزمەتی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و گواستنەوەشدا بێت**

**بۆ ڕێگرتن لە هەڵکشانی نرخەکان گرنگیمان بە بەرهەمی ناوخۆ داوە و ئاسانکاری و پاڵپشتیی گومرگی و باج و گواستنەوەمان بۆ بەرهەمی ناوخۆ و بووژانەوەی پیشەسازیی خۆراک کردووە، لەو وەرزانەی کە بەرهەمی ناوخۆ هەیە، باج لەسەر هێنانی بەرهەمی بیانی دادەنێین**

**بۆ یەکەمین جار بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆک وەزیران توانرا بەرهەمی ناوخۆیی هەنار بۆ وڵاتانی کەنداو بنێردرێت و هەنگاو بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی دیکەی جووتیارانیش بۆ دەرەوەی هەرێم بنرێت**

کارئاسانیی باشمان بۆ برا بازرگانەکان و گواستنەوەی کەلوپەل و پێداویستییە خۆراکییەکان کرد، باجی گومرگی لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانیش هەڵگیرا، بە تەواوەتی ڕۆتین و ئاستەنگەکانمان لابردووە و پشکنینی خێرا بۆ کاڵا هاوردەکان دەکەین و نووسینگەی هەناردەکردنمان لە دهۆك کردەوە، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیشدا وێڕای سەرنج و تێبینییەکانمان لەسەر بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان و هەندێك مامەڵە دەرهەق بە هەرێمی کوردستان، هەوڵەکانمان بەردەوامن بۆ ئەوەی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بەشە خۆراکی هاووڵاتیان باشتر بەڕێوە بچێت.

بە هەموو پێوەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕووی ستراتیژیەتەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵی و کۆنترۆڵکردنی نرخەکان هەنگاوی باش نراوە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین نەخشەڕێگەی بەرەوپێشبردنی کەرتی بازرگانی لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست و دروستە و دواجار لە خزمەتی هاووڵاتیان و ئابووریی هەرێمی کوردستاندایە؟**

- لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەو کارانەی بۆ هەڵسانەوە و ڕێکخستنەوەی بازرگانی گیراونەتە بەر، لە پێناو دوو ئامانجدا بووە، ئامانجی یەکەم خودی هاووڵاتی بووە و دووەم ئامانج کە ئەویش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بووە، کە ستراتیژیەت و پلان و نەخشەڕێگەی بازرگانییە لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە هەوڵی ئەوەشمان داوە جووڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا لە خزمەتی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و گواستنەوەشدا بێت، ئەوەتا بۆ ڕێگرتن لە هەڵکشانی نرخەکان گرنگیمان بە بەرهەمی ناوخۆ داوە و ئاسانکاری و پاڵپشتیی گومرگی و باج و گواستنەوەمان بۆ بەرهەمی ناوخۆ و بووژانەوەی پیشەسازیی خۆراك کردووە، لەو وەرزانەی کە بەرهەمی ناوخۆ هەیە، باج لەسەر هێنانی بەرهەمی بیانی دادەنێین، تەنانەت ئاسانکاریی پێدانی مۆڵەتی هاوردە بۆ ڕێگرتن بووە لە گرانبوونی ئەو پێداویستییانەی لە ناوخۆی هەرێم بەرهەم ناهێنرێت، بۆ یەکەمین جار بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆك وەزیران توانرا بەرهەمی ناوخۆیی هەنار بۆ وڵاتانی کەنداو بنێردرێت و هەنگاو بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی دیکەی جووتیارانیش بۆ دەرەوەی هەرێم بنرێت، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقیشدا، ئاراستەی گفتوگۆ و دانوستانەکان بۆ باشکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان و هەڵگرتنی کۆت و ئاستەنگەکانی بەردەم بازرگانەکان و، دابینکردنی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران بووە، سەبارەت بە یاسا و ڕێنماییەکانیش توانرا یاساکانی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و نەهێشتنی قۆرخکاری هەموار بکرێنەوە و ڕێنمایی باش و سەردەمییانەش بۆ هاوردە و هەناردە و چاودێریی بازرگانی دەربکەین.

ئەوەتا تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا بە بەهای زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار کاڵا هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە و ٣٥٠٠ مامەڵەی بازرگانی کراوە و، بە بەهای ٦٧٢ ملیۆن دۆلاریش شمەك لە هەرێمەوە ڕەوانەی دەرەوە کراوە، بەشە خۆراکی هاووڵاتیان باشتر ڕەوانە و دابەشی سەر هاووڵاتیان دەکرێت.

*** بەو پێیەی ئێوە لە نزیکەوە پێشوازی لە شاندە بازرگانەکان و باڵیۆزی وڵاتان و ژوورە بازرگانییەکان دەکەن، ئایا تا چەند پێگەی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ئەوانەوە بەهێز و جێگەی بایەخە؟**

- باڵیۆز و بەشی ئابووریی کونسوولخانەکان و شاند و نوێنەری گەورەکۆمپانیا و ژوورە بازرگانییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بەردەوام سەردانمان دەکەن، ئێمەش بەشداری لە کۆنفرانس و پێشانگە و دیدارەکانیاندا دەکەین، کە دواجار لە مەدرید بەشداریی کۆنفرانسی هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئیسپانیامان بۆ بازرگانیی هاوبەش کرد. لەم چەند ساڵەی دواییدا پێشوازیمان لە

دەیان باڵیۆز و کونسووڵی وەك (هۆڵەندا، ژاپۆن، ئەمریکا، تورکیا، ئێران و هەنگاریا) و وڵاتانی دیکەی بیانی کردووە و، لەگەڵ ژوورەکانی بازرگانان و خاوەنکاری کۆماری تورکیا لە شارەکانی باتمان و وان کۆبووینەوە، ئەمە جگە لە پیاوانی کار و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە هەر هەموویان جەخت لەسەر ئەو سەقامگیرییە باش و ژینگەی وەبەرهێنانەی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە و، خوازیاری پتەوکردنی پەیوەندییەکانیانن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، زۆریی شاندە بازرگانی و پیشەسازییەکان و بەرزبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی و دەستپێکردنەوەی پیشانگە نێودەوڵەتییەکان و سازدانی دیدار و کۆنگرە و کۆنفرانسە ئابوورییەکان، هەمووی ئەو ڕاستییە دەردەخەن، بووژانەوەی بازرگانی و زیادبوونی جووڵەی بازاڕ و هاتنی شاندە بیانییەکان بۆ سەقامگیری و ژینگەی لەباری هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە دواجار لە خزمەتی خەڵك و بژێوی و ژیانی هاووڵاتیاندایە.

*** باسی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیارانت کرد، خۆشبەختانە لەم ڕووەوە کاری باش کراوە، ئایا زامنی پێدانی ئەم شایستە داراییانەی جووتیاران هەر وا بەردەوام دەبێت و، بۆ ئەمساڵیش هیچ ئاستەنگ و بەربەستێکی نایەتە بەردەم خەرجکردنی شایستە داراییەکانی جووتیارانی کوردستان؟**

- بۆ ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ و ٢٠٢٢شایستە داراییەکانی جووتیاران دراوە، کۆی ئەو پارەیەی سێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لای حکومەتی ناوەندی بوون، لە کابینەی نۆیەمدا گەڕایەوە بۆ جووتیاران کە بڕەکەی زیاتر لە (یەك تریلیۆن و هەشت سەد و چل و حەوت ملیار و نۆسەد و هەشتا و پێنج ملیۆن) دینار بوو، لە دواکۆبوونەوەماندا لەگەڵ شاندی وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا کە لە ئاستێکی باشدایە، جەختمان لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان کردەوە و بۆ وەرگرتنی تەواوی شایستە داراییەکانی جووتیاران هەوڵەکانمان بەردەوام دەبن.

*** ئاماژەت بەوە دا، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق لە ئاستێکی باشدایە، هاوکات باسی هەندێك تێبینی و سەرنجت کرد، ئایا تاکو ئێستا لە بەردەم کاری بازرگانیی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند ڕێگری و ئاستەنگ هەیە؟**

- بەراورد بە جاران، پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی فیدراڵی ڕووی لە باشی کردووە، لێکتێگەیشتنی باشمان هەیە و کاری هاوبەش ئەنجام دراوە، بەڵام هێشتا لێرەو لەوێ لەلایەن هەندێك کەس و لایەنەوە ئاستەنگ بۆ ناردنی بەرهەمی خۆماڵی بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دروست دەکرێت، تێبینی و سەرنجیشمان لەسەر بەشەخۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان هەیە، کە لەسەر خەرجی سیادی دابین دەکرێت و لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی فیدراڵ کار بۆ چارەسەری ئەو کێشە ئیداری و تەکنیکی و داراییانەش دەکەین و پێداگریشمان لەسەر مافی شایستە داراییەکانی جووتیارانمان کردووە و دەرئەنجامی باشی لێ کەوتووەتەوە.

*** دواپرسیارمان تایبەتە بە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، ئایا لەم مانگەدا لە ڕووی نرخ و کوالێتی و سەرپێچییەکانەوە تا چەند توانراوە سزای سەرپێچیکاران بدرێت؟**

- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی بازرگانی و چاودێریی بازاڕ ئاگادار کراونەتەوە و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان دەکەین، تاوەکو بە باشترین شێوە چاودێریی بازاڕ بکەن و، ڕێگە نەدەن قۆرخکاری و گەمە بە نرخ و کوالێتی بکرێت، بە توندی سزای ئەو سەرپێچیکارانەش دراوە کە مەوادی ئیکسپایەریان فرۆشتووە و چەندین باری کاڵای ماوەبەسەرچووش لە دەروازەکان و بازگاکەکان و لە ناو کۆگاکاندا دەستی بەسەردا گیراوە. داوا لە بازرگانەکان و کاسبکاران دەکەم خۆیان دوور بگرن لە فرۆشتنی مەوادی ماوەبەسەرچوو و زیانگەیاندن بە تەندروستیی هاووڵاتیان، هەروەکو چۆن داوا لە هاووڵاتیان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دەکەم هاوکاریی لێژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕ بکەن.

**بووژانەوەی بازرگانی و زیادبوونی جووڵەی بازاڕ و هاتنی شاندە بیانییەکان بۆ سەقامگیری و ژینگەی لەباری هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە دواجار لە خزمەتی خەڵك و بژێوی و ژیانی هاووڵاتیاندایە**

**هێشتا لێرەو لەوێ لەلایەن هەندێك کەس و لایەنەوە ئاستەنگ بۆ ناردنی بەرهەمی خۆماڵی بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دروست دەکرێت**

**سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی بازرگانی و چاودێریی بازاڕ ئاگادار کراونەتەوە و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان دەکەین، تاوەکو بە باشترین شێوە چاودێریی بازاڕ بکەن**

**بە توندی سزای ئەو سەرپێچیکارانەش دراوە کە مەوادی ئیکسپایەریان فرۆشتووە و چەندین باری کاڵای ماوەبەسەرچووش لە دەروازەکان و بازگاکەکان و لە ناو کۆگاکاندا دەستی بەسەردا گیراوە**

**خالید ئەمین ڕۆمی**

سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی کاروباری سابیئەی مەندائی بۆ گوڵان:

# پێکەوە ژیان و لێبووردەیی هەرێمی کوردستان بووەتە چەترێکی بەرفراوان

**پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا سیما و خەسڵەتێکی جوانی هەیە و جێی شانازییە و ئەوەی لەم ڕووەوە مایەی هەڵوەستەلەسەرکردنە، ئەوەیە کە کار و کۆششی زیاتر کراوە بۆ پتەوکردن و قووڵکردنەوەی ئەم پێکەوە ژیانە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنییی ناوخۆیی و دەرەکی هەبووە، یەکێك لەو پێکهاتانەی لە کوردستاندا بە سەربەستی و ئازادییەوە ژیان بەسەر دەبەن، سابیئەی مەندائییە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا ئەم پرسە گرنگەی پێکەوەژیانی، لەگەڵ خالید ئەمین ڕۆمی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی کاروباری سابیئە مەندائی تاوتوێ کرد.**

*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بووەتە جێگای شانازیی هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو پێکەوە ژیانەیە کە هەیەتی، هەموو جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم پێکەوە ژیانەی کوردستان دەکات، ئایا ئێوە وەك سابیئەی مەندائی چۆن سەیری ئەم پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- پێشەکی بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە هۆکاری هاتن و نیشتەجێبوونی ئەو خێزانانەی سابیئەی مەندائی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لە هەولێری پایتەخت بەتایبەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نەخوزاراو و توندوتیژییەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق ڕووی دا، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ کە بووە هۆی ئەوەی مەترسی بخاتە سەر ژیانی نەك تەنیا ئێمەی سابیئەی مەندائی، بەڵکو سەر پێکهاتەی کریستیان و هەموو ئایین و ئایینزاکان، کە لە ئەنجامدا چەندین کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکانی پێکهاتەکان کاول کران و پیاوانی ئایینی ڕووبەرووی کوشتن بوونەوە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە هەرێمی کوردستانمان هەڵبژارد کە ڕووی تێ بکەن، لەبەر ئەوەی مێژووی پێکەوە ژیان لەم ناوچەیەدا بە درێژایی مێژوو، بەتایبەتی لە شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بە دیاریکراوی لە سەردەمی بارزانییەکان و مەلا مستەفای بارزانی، یەکێك لەو سیما جوان و بەهێزانەیە کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو کۆمەڵگەی کوردستان دروست کردووە و، هەر ئەو پێکەوە ژیانەیە بووەتە هۆکاری لێبووردەیی و ئاشتی و ئاشتەوایی لەنێوان هەموو پێکهاتە



نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان. ئەوە بوو لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش لەسەر دەستی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆك و ڕابەری گەلی کوردستان زیاتر هەنگاوی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و لە دامەزراندنی حکومەتی کوردستان پێگە و شوێنی دیار و کاریگەر بۆ هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان کرایەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دەبینین ئەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێم و بەتایبەت لەم کابینەیەی ئێستادا شوێن و پێگەی پێکهاتەکان زیاتر چەسپیون. ئەوەتا دەبینین جگە لەوەی کە پێکهاتەکان ١١ کورسیی کۆتایان هەیە و لەم خولەدا سکرتێری پەرلەمان بۆ نەتەوەی تورکمانە و وەزارەتێکی تازە بۆ کاروباری پێکهاتەکان دامەزرا، کە ئەو وەزارەتە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی لە گەیاندنی خزمەت و خزمەتگوزارییەکان بە هەموو پێکهاتەکان هەیە. ئێمە وەك سابیئەی مەندائی زۆر ئاسوودە و دڵنیاین لە ژیان و مومارەسەکردنی بۆنە ئایینی و کەلتوورییەکانمان لە هەرێمی کوردستان، هەر بۆیەش ئێستا ئێمە و هەموو پێکهاتەکان دەبێت ئەرکمان پاراستنی ئەو پێکەوە ژیان و لێبووردەییەی هەرێمی کوردستان بێت، کە بۆمان بووەتە چەترێکی بەرفراوان، چ بۆ دابینکردنی مافەکانمان و چ بۆ پاراستنی ژیان و بەردەوامیی پیرۆزییەکانمان، هەر ئەو گرنگیدانە بەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان وای کرد، ژمارەی ئێمە وەك سابیئەی مەندائی لە هەرێمی کوردستان زیاتر بێت و کەمتریش بیر لە کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات بکەینەوە.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیریکردنی تەواوی ئەو پێکەوە ژیانەیە و هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەم، قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان چییە؟**

- لە ڕاستیدا هیچ وڵات و کۆمەڵگەیەك سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر پەیوەندیی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی باش و بەهێز نەبێت و لێبووردەیی لە ئارادا نەبێت.

**لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێم و بەتایبەت لەم کابینەیەی ئێستادا شوێن و پێگەی پێکهاتەکان زیاتر چەسپیون**

**ئێمە وەک سابیئەی مەندائی زۆر ئاسوودە و دڵنیاین لە ژیان و مومارەسەکردنی بۆنە ئایینی و کەلتوورییەکانمان لە هەرێمی کوردستان**

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پاڵپشت و هێزێکی گەورەی ئێمە و هەموو پێکهاتەکانە بۆ بەشداریکردن لە نووسینەوەی دەستوور و جێگیرکردنی هەق و مافەکانمان لەناو دەستوورەکەدا**

**هەر ئەو گرنگیدانە بەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان وای کرد، ژمارەی ئێمە وەک سابیئەی مەندائی لە هەرێمی کوردستان زیاتر بێت و کەمتریش بیر لە کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات بکەینەوە**

**پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ کاروباری سابیئەی مەندائی و چەند پێکهاتەی دیکەی وەک ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف دابمەزرێنن**

واتە ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بوو، ئەوا ئەو وڵاتە و ئەو حکومەتە زیاتر سەرکەوتوو دەبێت و متمانەی زیاتر بەدەست دەهێنێت لەنێوان کۆمەڵگەکەدا، بێگومان وەك ئاماژەمان پێ دا، پێکەوە ژیان سیمایەکی دیار و بەرچاو و خاڵێکی هەرە بەهێزی هەرێمی کوردستانە، بەڵام کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان کە دامەزرا و ڕێزدار سەرۆکی حکومەت بەرنامەی کاری خۆی لە پەرلەمانی کوردستان خستەڕوو زۆر، بە جوانی دیاربوو کە جەختی لەسەر زیاتر گرنگیدان بە بەرەوپێشەوەچوونی پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان کردووە و، ڕۆڵ و بەشداریی پێکهاتەکانی بەبێ جیاوازی لە دامودەزگاکانی حکومەت بە پێویست داناوە، هەروەها لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شوێنی بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان دامەزراندووە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئێزدییەکان و بەڕێوەبەراتیی گشتیی مەسیحییەکان دامەزرا. هەر بۆیە لێرەدا من بە پێویستی دەزانم و لە نزیکیشەوە ئەو داواکارییەم گەیاندووە بە حکومەتی هەرێم کە پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ کاروباری سابیئەی مەندائی و چەند پێکهاتەی دیکەی وەك ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف دابمەزرێنن، کە ئەمەش وا دەکات زیاتر متمانە و دڵنیاییمان لەو هەرێمە بەدەست بێت.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك سابیئەی مەندائی دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- ئێمە ئێستا وەك سابیئەی مەندائی بەشێکین لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و بە نووسراو داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە کە لە نووسینەوەی دەستووری هەرێم بەشدار بین، بەو پێییەی کە چۆن بینیمان جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە نووسینەوەی دەستووری عێراقی فیدڕاڵ لە دوای ٢٠٠٣ بەو پەڕی توانا و هیممەتەوە پاڵپشتی لە ماف و بەرژەوەندی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کرد، تاوەکو ئەو داواکاری و مافانەی دەیانەوێت، لە ناو دەستوورەکە جێگیر کرا. ئەوا بە دڵنیایەوە ئێمە دەزانین جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی پاڵپشت و هێزێکی گەورەی ئێمە و هەموو پێکهاتەکانە بۆ بەشداریکردن لە نووسینەوەی دەستوور و جێگیرکردنی هەق و مافەکانمان لەناو دەستوورەکەدا، چونکە سەرۆك مسعود بارزانی دەزانێت کە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بە دەستوورێك دەبێت کە ماف و بەرژەوەندیی هەموو لایەك و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی تێدا چەسپێندراو بێت.

*** ئایا هۆکار چییە کە هەندێ لایەن و حزبی کوردستانی کێشە بۆ کورسیی کۆتا دروست دەکەن، یان دەیانەوێت بە شێوەیەك بێت کە خۆیان مەبەستیانە، لەو بارەیەوە ئێوە ڕاتان چییە؟**



- لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٤ وەك نوێنەر و کورسیی کۆتای سابیئەی مەندائی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووم، بۆیە دەزانم بوونی کورسی و نوێنەری پێکهاتەکان و کۆتا تا چەند گرنگە، بەتایبەت لە کاتی تێپەڕاندن و پەسندکردنی پڕۆژە یاساکان. لێرەدا من داوا دەکەم، لە بری ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان کێشە بۆ کورسیی کۆتاکان دروست بکرێت، پێویستە ژمارەی ئەو کورسییانەی کۆتا زیاد بکرێن، بەپێی ئەوەی ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزایانەی نوێنەریان لەپەرلەمان نییە، بۆیان تەرخان بکرێت، کە ئەمەش هەقێکی تەواو و ڕاستەقینەی هەموومانە و بەو بەشداریکردنەمان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا زیاتر دەگەین بە مافەکانمان و پێکەوە ژیان زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت، هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا و لەلایەن وڵاتانی دونیا دەدرەوشێتەوە کە پێکەوە ژیان لەو هەرێمەدا زۆر جوان و پێشکەوتووە.

*** ئایا لە کاتێکدا سیستەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بکرێتە فرەبازنە، یان چەند بازنەیەك، ئێوە وەك سابیئەی مەندائی بەو جۆرە سیستەمە ڕازی دەبن، چونکە لەو شێوازی هەڵبژاردنە دەنگ و ڕەنگی پێهکاتەکان پەرشوبڵاو دەبێت و نابنە خاوەن کورسی و ڕاوبۆچوون لەناو پەرلەماندا؟ ئایا بۆچی تەنیا پارتی بەرگری لە کورسیی کۆتاکان دەکات؟**

- وەك لە هەموو لایەك ڕوونە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی مەلا مستەفا بارزانی لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو زوڵم و ستەمە بوو کە دیکتاتۆریەت ئەنجامی دەدا، بەتایبەت لەدژی کورد و کوردستان، لە ڕاستیدا تێکڕای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان و تەنانەت عەرەبی وڵاتپارێز لە شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی بەشدار بوون. ئەو هزر و ڕێگایەی بارزانی شۆڕش و تێکۆشانی بۆ دەکرد، پارێزگاریکردن بوو لە مافی مرۆڤ و هاتنەدی خەونی هەموو پێکهاتەکانی عێراق، نەك تەنیا کوردستان، بۆیە ئێستاش وای دەبینین و بە واقیعیش وایە کە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری و پاڵپشتی لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە شێوازی هەڵبژاردنەوە، ئەوا سیستەمی چەند بازنەیی، یان فرەبازنەیی لە بەرژەوەندیی پێکهاتەی تورکمان و مەسیحی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە نییە، لەبەر ئەوەی پێکهاتەکان چ نەتەوەیی بن، چ ئایین و ئاییینزاکان بن، لە هەموو شارو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان نین، بۆیە بەو سیستەمە دەنگەکانیان پەرشوبڵاو دەبێت و دەفەوتێت، هەر بۆیە هەموو کوتا و پێکهاتەکان و ئێمەش داوا دەکەین هەڵبژاردنی ئەمجارە بۆ کۆتاکان بە یەك بازنە بێت، ژمارەکەش زیاتر بکرێت، زۆر باشترە و کاریگەریی جوانتری لەسەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەتایبەتی لە ڕووی گەشەی زیاتری پێکەوە ژیان.

**تێکڕای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان و تەنانەت عەرەبی وڵاتپارێز لە نێو شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی بەشدار بوون**

**تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری و پاڵپشتی لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان دەکات**

**سیستەمی چەند بازنەیی، یان فرەبازنەیی لە بەرژەوەندیی پێکهاتەی تورکمان و مەسیحی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە نییە**






ئەردەڵان شوکری دۆسکی بۆ گوڵان:

# نەخشە ڕێگەی حکومەتی ئەلەکترۆنی و بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان وەرچەرخانێکی گەورەیە لە بواری بەڕێوەبردندا

**هەنگاوەکانی چاکسازیی کارگێڕی و پاڵپشتیی بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، وەرچەرخانێکە لە بواری سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و بەئەلەکترۆنیکردنی حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و خێرا بەڕێوەچوونی مامەڵەی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی خەرجییەکان، ئەمەش داخوازی و پێشنیارێکی گرنگی هاووڵاتیانە و دەربازبوونە لە ڕۆتین و بیرۆکراتییەتی کوشندە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەردەڵان شوکری دۆسکی بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کارەبا سازدا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرەتا وەکو شارەزایەك لە بواری کارگێڕی و یاساییدا، ئایا راتان وایە تا چەند توانراوە لەم کابینەیەدا لە بواری وەزیفەی گشتی و گرنگیدان بە سیاسەتی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی مامەڵەکان و باشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا هەنگاوی پراکتیکی بنرێت؟**

- یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی بواری کارگێڕیی دامەزراوەکانی حکومەت و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان بووە، بەتایبەتی کە چاکسازیی ئابووری و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان تەنیا بەو دامەزراوە و یەکە کارگێڕییە مۆدێرن و پێشکەوتووانە جێبەجێ دەکرێت، کە توانای بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و مامەڵە ئەلەکترۆنییەکانیان هەیە، ئەم کارەش هەروا ئاسان نەبوو لە کابینەیەکدا کە دەستبەکار بوو، بەسەر قەرزارییەکی زۆر و قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا و میراتێکی بەجێماوی لاوازی ئاستی یەکە کارگێڕییەکانەوە، زۆر لە حزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتی و پەرلەمانتارەکانیش جگە لە موزایەدە و دروشم، بە واقیعی نە ئەزموونیان لەم بوارەدا هەبوو، نە خواست و ویستێکی ڕاستەقینەیان بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە سەرجەم جومگەکان، بەتایبەتی لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردندا، ئا لێرەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو لە وتەکەیدا ئاماژەی پێدا و گوتی: «ئێمە تەنیا بەڵێن نادەین، بەڵکو بەڵێنەکانیشمان جێبەجێ دەکەین»، هەرواش بوو، لە ١٠ی تەمموزی ساڵی ٢٠١٩ تاکو ئەمڕۆ سەرۆکی حکومەت لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگە حزبی و سیاسییانەی بەردەم چاکسازی و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کاری لەسەر باشکردنی ژێرخانی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان کردووە، هەر خۆی لە خۆیدا بڕیاری ژمارە ١ی چاکسازیی تایبەت بوو بە چاکسازی لە بواری وەزیفەی گشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە بواری وەزیفەی گشتیی ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمانبەران و، کۆتاییهاتن بە دواکەوتنی پێدانی مووچەکان و باشترکردنی شێوازی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان دەستکەوتێکی گەورە بوو، تاوەکو فەرمانبەران و یەکە ئیدارییەکان خزمەتێکی شایستەی هاووڵاتیان بکەن و ڕۆتین و کەمتەرخەمی لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا کەم بکرێنەوە، لەم پێناوەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی وەرچەرخانی دیجیتاڵی ڕاگەیاند. ئیدارە ڕۆڵێکی گەورەی لە وەڵامدانەوەی خواست و ویستی هاووڵاتیاندا هەیە، بەپێچەوانەی ئەو ململانێ حزبی و دژایەتییە توندەوە کە دەرهەق بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆ ئەوەی قەوارەی هەرێم

**پۆستی ئەلەکترۆنی ماوەی یەک هەفتەی جێبەجێکردنی مامەڵەی هاووڵاتییەکی لە نێوان پایتەخت و پارێزگاکاندا کردووەتە چەند کاتژمێرێک**

**سەرۆکی حکومەت لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگە حزبی و سیاسییانەی بەردەم چاکسازی و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کاری لەسەر باشکردنی ژێرخانی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان کردووە**

**لە هەموو وڵاتانی جیهاندا حزب بۆ خزمەتکردنی خەڵکە، تاوەکو لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەی لە رووی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و ئابوورییەوە زۆرترین کاری کردووە، لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بیچنێتەوە و زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت**

**زۆر لە حزبە کوردستانییەکان کار لەپێناو لاوازبوونی قەوارەی هەرێمدا دەکەن و دروشم و قسەکانیان لەگەڵ ڕەفتار و کردارەکانیاندا یەک ناگرێتەوە**

**ململانێی حزبایەتی دژ بە حکومەت گەورەترن زیانی بە پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاری لە بواری وەزیفەی گشتی و زانستی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی خەڵک گەیاندووە**

**یەکێک لە ئامانجەکانی چاکسازیی کارگێڕی و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان و بازرگانەکان، بەدیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیکردنی کاروبارەکانی حکومەتە**

بێ هێز بێت و باوردۆخی خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی خراپ بێت، تاوەکو خەڵك نەبنە خاوەنی حکومەتێکی بەهێز و خزمەتگوزارییەکی باش و لە هەڵبژاردنەکاندا ڕووی ڕاستەقینەی نەیارانی حکومەتی خەڵك دەرنەکەوێت، بەمەش دەتوانم بڵێم لە هەموو وڵاتانی جیهاندا حزب بۆ خزمەتکردنی خەڵکە، تاوەکو لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەی لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و ئابوورییەوە زۆرترین کاری کردووە، لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بیچنێتەوە و زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دوور لەم پرۆگرام و ئامانجە پیرۆزە زۆر لە حزبە کوردستانییەکان کار لەپێناو لاوازبوونی قەوارەی هەرێمدا دەکەن و دروشم و قسەکانیان لەگەڵ ڕەفتار و کردارەکانیاندا یەك ناگرێتەوە، بە ڕادەیەك زۆرجار هەڵوێست و گوتارەکانیان هاوشێوەی گوتارەکانی نەیار و دوژمنەکانی گەلی کورد دەردەکەوێت، ململانێی حزبایەتی دژ بە حکومەت گەورەترن زیانی بە پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاری لە بواری وەزیفەی گشتی و زانستی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی خەڵك گەیاندووە.

*** باسی ستراتیژیەتی بە دیجیتاڵکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانت کرد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، تاچەند ژینگەی دامەزراوە و یەکە ئیدارییەکان ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە و مامەڵەکان بەرەو ئەم تەکنەلۆژیای ئۆنلاینە دەبات؟**

- یەکێك لە ئامانجەکانی چاکسازیی کارگێڕی و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان و بازرگانەکان، بەدیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیکردنی کاروبارەکانی حکومەتە، تەنانەت لە نێوان دامەزراوەکانی یەکە کارگێڕییەکانی حکومەتیشدا و هەروەها لە نێوان کاروبارەکانی حکومەت بۆ کەرتی تایبەتیش، وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا لەم ڕێگەیەوە هەنگاوی گەورەیان بڕیوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کار بۆ ئەوە دەکات، تا ساڵی ٢٠٢٥ بەدیجیتاڵیکردنی خزمەتگوزارییەکان تەواو بکات، ئەم نەخشە ڕێگەیە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و کەرتی تایبەت و خودی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتە، هیچ حکومەتێکی ئەم سەردەمە نەیتوانیوە پێش بکەوێت بێ ئەوەی ڕوو لەم سیستمە هاوچەرخە نەکات، لەم ڕووەوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز و گەیشتن بە حکومەتێکی کارا و خێرا لە ڕاپەڕاندنی مامەڵەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، هەنگاوی بۆ بەدیجیتاڵیکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەکارهێنانی ئۆنلاین لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ناوە، تاوەکو بە باشترین شێوە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە هاووڵاتیان دەستیان بە تەواوی خزمەتگوزارییەکان بگات، ئەم تەکنەلۆژیایە چەندین سوودی دیکەی هەیە، هەر لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا بەڕێوەچوونی مامەڵەی هاووڵاتیان، تا کەمبوونەوەی هەڵە و کەموکورتییەکانی دیکە، شەفافییەتی زیاتر بەکارەکان دەدات و هۆکارێکیشە بۆ کەمبوونەوەی گەندەڵی و واسیتە و بەهەدەردانی سامانی گشتی، ئێمە لە وەزارەتی کارەبا بە پۆستی ئەلەکترۆنی مامەڵەکانمان جێبەجێ کردووە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خێرا بەڕێوەچوونی مامەڵەی هاووڵاتیانمان بینی، بەتایبەتی لە نێوان پارێزگا و دیوانی وەزارەتماندا، کە بە ماوە و کاتێکی کەم پۆستەکە بێ ئەوەی پۆستەبەرێك لە شارێکی دوور و هەفتەی جارێك و بە خەرجییەکی زۆری بەنزین و مامەڵەیەك کەڵەکە ببێت و بگاتە دەستمان، لە ماوەی چەند دەقیقەیەکەدا مامەڵەکە سکان دەکرێت و دەنێردرێت و هەر بە هەمان ڕۆژ تەواو دەکرێت و واژووی لەسەر دادەنرێت و دەنێردرێتەوە و دەگاتەوە دەستی هاووڵاتییەکە، ئەم مامەڵەیە پێشتر بە لانی کەم هەفتەیەکی پێ دەچوو.

*** وەکو ئاماژەت پێدا دۆخی کارگێڕی بە هاوشێوەی دۆخی ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە چاکسازی هەبوو، لەم ڕووەوە ئێوە لە وەزارەتەکەتاندا چیتان کردووە؟**

- کارگێڕی پێش ئەوەی زانست بێت، هونەر و پلان و بەرنامەشە، لە دەستپێکی کابینەکەدا ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمیی فەرمانبەرانمان ڕێکخستەوە، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە هەنگاونان بەرەو چاکسازیی کارگێڕیدا، ئەوە بوو سەرەتا یاسای وەزارەتی نوێی کارەبا

دەرچوو، یاسای چاکسازی جێبەجێ کرا و ڕۆتین و بیرۆکراتییەت کەم کرایەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی پۆستی ئەلەکترۆنی لە نێوان دیوان و یەکە کارگێڕییەکانی دیکەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا، پسووڵەی ئەلەکترۆنی کارەباش دانرا و خەرجییەکان و کات کەم کرانەوە و پۆرتاڵی خزمەت و دەیان پەیجی فەرمیی سۆشیال میدیا بۆ گەیاندنی پەیام و کار و پڕۆژە و، بەپێچەوانەشەوە بۆ وەرگرتنی خواست و پێشنیازەکانی هاووڵاتیان بەگەڕ خران، دەسەڵاتەکان شۆڕ کرانەوە لە نێوان دیوانی وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا، هەروەها سیستمی پێشکەوتووی DMS دامەزراوە کە سکاڵا و خۆیەتی و میلاکات و نووسراوەکان لەخۆ دەگرێت و قەبەیی پەیکەری وەزارەت بە هاوشێوەی زۆر لە وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان بچووك کرایەوە، لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانیش لیژنەی ٣٣ دەرچووە، کە لەسەر بنەمای پێداویستیی فیعلی و تایبەتمەندی، میلاکی هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان سەر لە نوێ دەستنیشان دەکرێنەوە و هێزی کار ڕێك دەخرێتەوە.

*** پێت وانییە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای (IT) و تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی و ئۆنلاین لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت پێویستی بە ژێرخانێکی مرۆیی پێشکەوتوو هەیە، چ لە ڕووی فەرمانبەرانەوە بێت، یان لە ڕووی هاووڵاتیانەوە بێت؟**

- بۆ ئەوەی ئێمە لە کەرتی گشتی و هاووڵاتیان و چین و توێژەکانیش لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بە باشترین شێوە سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەربگرین، پێویستە هەنگاو بۆ پەرەپێدانی مرۆیی تەکنەلۆژیا بنێین، تا بە لانی کەمەوە شارەزاییەکمان لە حکومەتی دیجیتاڵی و ئۆنلاین هەبێت، ئەمەش کارێکی هێندە قورس نییە و لە وڵاتانی پێشکەوتووش بەم قۆناغەدا تێپەڕبوون و لە ڕێگای خولی خێراوە ئەم بۆشاییە پڕ دەکرێتەوە، خۆشبەختانە لە چەندین خزمەتگوزاریدا هاووڵاتیان پێشوازییەکی زۆر خێرایان لێ کرد، بە ڕادەیەك لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەبوو، بۆ نموونە پسووڵەی کارەبای ئەلەکترۆنی لە قۆناغی یەکەمدا هاووڵاتیان دەتوانن کرێی کارەباکەی خۆیان بزانن لە ڕێگەی مۆبایل، یان کۆمپیوتەرەکەیانەوە، لە قۆناغی داهاتوودا کاتێك مووچەکان بە ڤیزاکارت دەکرێت و هەموو هاووڵاتییەك هەژمارێکی تایبەت بە خۆی دەبێت، دەتوانرێت پارەدانەکەی کرێی کارەباش بکرێتە دیجیتاڵی، لە ئێستادا سکاڵای ئەلەکترۆنیمان دامەزراندووە و سکاڵا و پێشنیازەکان بە شێوەیەکی خێراتر و شەفافتر دەگاتە دەستمان و، بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری و بەدواداچوونمان وەڵام و کاری لەسەر دەکات و چەندین خزمەتگوزاریی دیکەش پێشکەش دەکات، ئەوەتا سیستمی ڤیزای ئەلەکترۆنی و هەژماری من و چەندین بواری دیکە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم پرۆسەیەش بەشێکە لە پرۆسەیەکی فراوانتری چاکسازی.

*** شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی لە نێوان وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و دامەزراوەکان لە پارێزگا و شار و یەکە ئیدارییەکاندا تا چەند لە خزمەتی چاکسازیی کارگێڕیدا بووە؟**

- شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی بە یەکێك لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، تەنانەت لەم کابینەیەدا چەندین ئیدارەی سەربەخۆ ڕاگەیەندرا و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیان بە دەسەڵاتی زیاترەوە بۆ دامەزراند، ئەمە جگە لە قەزابوون و بەناحیەکردنی چەندین یەکەی دیکە، لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانیش چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نوێ دامەزرا و دەسەڵاتیان بۆ شۆڕ کرایەوە، ئەمە وێڕای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە پارێزگای هەڵەبجەدا، بەڵام لێرەدا دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو شت بکەین، ئەویش ئەوەیە دابەزاندن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ خزمەتکردنی خەڵك و کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا بەڕێوەچوونی مامەڵە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە، نەوەکو بۆ قۆرخکاری و لادان لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان، یان بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە هەیەتی بۆ گەندەڵی، بۆیە لێرەدا لە کاتێکدا دەسەڵاتەکان دادەبەزێندرێتە خوارەوە، دەبێت هەمووان پابەندی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزیفەی گشتی و چاودێریی دارایی بن.

**ئێمە لە وەزارەتی کارەبا بە پۆستی ئەلەکترۆنی مامەڵەکانمان جێبەجێ کردووە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خێرا بەڕێوەچوونی مامەڵەی هاووڵاتیانمان بینی، بەتایبەتی لە نێوان پارێزگا و دیوانی وەزارەتماندا**

**لە دەستپێکی کابینەکەدا ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمیی فەرمانبەرانمان ڕێکخستەوە، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە هەنگاونان بەرەو چاکسازیی کارگێڕیدا**

**سیستمی پێشکەوتووی DMS دامەزراوە کە سکاڵا و خۆیەتی و میلاکات و نووسراوەکان لەخۆ دەگرێت و قەبەیی پەیکەری وەزارەت بە هاوشێوەی زۆر لە وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان بچووک کرایەوە**

**بۆ ئەوەی ئێمە لە کەرتی گشتی و هاووڵاتیان و چین و توێژەکانیش لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بە باشترین شێوە سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەربگرین، پێویستە هەنگاو بۆ پەرەپێدانی مرۆیی تەکنەلۆژیا بنێین**

## شێروان دووبەردانی

ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە بەرژەوەندیی کوردستانییەتی کەرکووکە



**پرسی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لە پەرلەمانی عێراقدا تێپەڕێندرا، مایەی مشتومڕ و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بوون، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پارێزگای کەرکووك و پرسی دەنگدانی ئاوارەکان و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، کە هەموو ئەمانە بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گولان لەگەڵ شێروان دووبەردانی ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** سەرەنجام پەرلەمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی لەسەر بنەمای هەر پارێزگایەك یەك بازنە و سیستمی سانتیاگۆش پەیڕەو بکرێت، پرسیار ئەوەیە لەسەر ئەم یاسایە فەوزایەکی گەورە لەناو پەرلەمانی عێراق دروست بوو، تا گەیشتە ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بانگی هێزە ئەمنییەکان بکات و پەرلەمانتارەکان بکاتە دەرەوە، خوێندنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا یەکێك لەو خاڵانەی لەم یاسایەدا مشتومڕی لەسەر بوو، سیستمی سانتیاگۆ بوو، کە لە هەڵبژاردنی ٢٠٢١/١٠/١٠ ڕێژەی ١,٩ بوو، کە کاتی خۆی ئێمە و لایەنی سوننە ( ئیسلاح و بینا ) و سەدریش بەناوی سائیرون لەگەڵیدا بووین، بەڵام لە هەمووارکردنەوەی یاساکە لەم جارەدا بەرهەڵستی لەسەر ١,٩ بوو، بەتایبەتی لەلایەن ئەندام پەرلەمانە سەربەخۆکان و هەندێك لایەنی دیکە، کە پێیان دەگوترێت حزبی ناشیئە و لایەنە بچووکەکان، چونکە دەزانن ئەم ڕێژەیە بە چەشنێکە، کە ئەوان ناتوانن ئەو ژمارە دەنگە بۆ کورسییەك بەدەست بهێنن، چونکە ڕێژەکە زۆر بەرزە. ئەوە بوو بۆ ماوەی مانگێك لیژنەی یاسایی و پارێزگاکان کۆبوونەوەیان ئەنجام دا، لە پاشان ئیئتلافی ئیدارەی دەوڵەت بڕیاری دا، ئەو ڕێژەیە لە سانتیاگۆ بگۆڕن بۆ ١,٧، لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی دیکە لە یاساکەدا، بە شێوەیەك هەر پارێزگایەك ببێتە یەك بازنە، واتە لەسەر ئاستی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ١٥ بازنە و بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانیش ١٩ بازنە بێت. ئەو پشێوییەی لە هۆڵی پەرلەماندا دروست بوو، کە لەلایەن سەربەخۆ و کەمینە و ناشیئەکان بوو، کە داوایان دەکرد ڕێژەکە بکرێتە ١,٦ و سیستمەکەش فرەبازنە بێت، کە ئەمەش نارەزایەتی لێ کەوتەوە، بەتایبەت لە نێو لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و سوننەکان بەگشتی، بەڵام سەرئەنجام یاساکە بە دەنگی زیاتر لە ٢٠٠ پەرلەمانتار تێپەڕێندرا و ڕێژەی ١,٧ جێگیر کرا.

*** دیارە لەسەر داوا و ٦٠٠٠ واژووی خوشك و برا کریستیانەکان سیستمی یەك بازنەیی کۆتاکان گۆڕدرا بۆ دوو بازنەی هەرێم و عێراق، هەروەها بڕیاریش درا کە ئاوارەکان لە شوێنەکانی خۆیان دەنگ بدەن، ئایا ئەم خاڵەی ناو یاساکە کە جێگیر کرا، چ کەموکورتییەکی هەیە، وا بەشێك لە حەشدی شەعبی و یەکێتیی نیشتمانی دەنگیان پێ نەدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەوە فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو بۆ ئێمە کە پاڵپشتی پێکهاتەکان بین و مافیان لە ناو یاسای هەڵبژاردنەکان و لەناو پەرلەماندا بە تەواوی بپارێزین، هاوکات ئەوە داوای برایانی مەسیحی بوو لە هەولێر و لە دهۆك و لە هەر شوێنێك کە لە کوردستان هەبن، چونکە مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازن لەگەڵ مەسیحییەکانی دیکە و مەسیحییەکانی مووسڵ و کەرکووك جیاوازن لەگەڵ بەغدا و هی بەغداش جیاوازن لەگەڵ بەسرا، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی و داواکاری و کۆکردنەوەی ٦٠٠٠ واژووی برایانی مەسیحی، توانیمان بەرگریی تەواویان لێ بکەین و، دواکاری و مافەکانیان

**ئەوە فەرمانی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو بۆ ئێمە کە پاڵپشتی پێکهاتەکان بین و مافیان لە ناو یاسای هەڵبژاردنەکان و لەناو پەرلەماندا بە تەواوی بپارێزین**

**لە ئەنجامدا توانیمان برایانی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان بە یەک بازنە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن کە نوێنەری هەولێر و دهۆک و...بێت و مووسڵ و کەرکووک و بەغدا لەسەر ئاستی عێراق ئەوانیش ببنە یەک بازنە**

لەناو یاسای هەڵبژاردندا جێگیر بکرێت. واتە لە ئەنجامدا توانیمان برایانی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان بە یەك بازنە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن کە نوێنەری هەولێر و دهۆك و...بێت و مووسڵ و کەرکووك و بەغدا لەسەر ئاستی عێراق ئەوانیش ببنە یەك بازنە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش خاوەن ڕاوبۆچوونی خۆیانن و ئەوان لەگەڵ حەشد بوون لەو بڕیار و هەڵویستەدا. سەبارەت بە دەنگدانی ئاوارەکان ئەوە سوننە دەڵێت ئەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستانن ٩٠٪ی سوننەن، کە دانیشتووانی مووسڵ و ئەنبار و سەلاحەدینن و ١٠٪ی کەمتر، یان زیاتر ئاوارەی کوردن لەو کەمپانەی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە لایەنە سوننەکان دەڵێن نابێت لە هەرێمی کوردستان ئەو ئاوارانە دەنگ بدەن، بەڵکو با بگەڕێنەوە سەر ماڵ و شوێنی خۆیان، ئێمەش ئەوەمان قبووڵ نەکرد، پێمان گوتن کە ئێمەش ئاوارەمان هەیە و ئێمە لە هەرێمی کوردستان شەش هەزار خێزانی ئاوارەمان هەیە، ئەگەرچی ٤٠ هەزار ئاوارەی عەرەب لە هەولێرن. ئەوە بوو دوای چەندین کۆبوونەوە و مشتومڕ لەگەڵ لایەنی عەرەبی سوننە لەسەر ئاوارەکان، بڕیاردرا ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان لەناو کەمپەکانن، هەر لە کەمپەکان دەنگ بدەن بە پارێزگاکانی خۆیان، بەڵام ئێمە توانیمان لەگەڵ سەرۆك پەرلەمان و دکتۆر شاخەوان جێگری سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوە بکەین، کە ئاوارەکانی شنگال لە ناو کەمپەکان دەنگ بە کاندیدانی هەرێمی کوردستان بدەن و، بەندێکمان زیادکرد کە حکومەتی فیدڕاڵی بەرپرسە لە پارێزگاریکردن و ئاسانکاری و گواستنەوەی ئاوارەکانی کەرکووك و مووسڵ لە کات و ڕۆژی دەنگداندا.

*** لە سەر ئاستی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەوەی کێشمەکێشی جددی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دروست کردووە، پارێزگای کەرکووکە، فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێت پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وەرگرتنی دوو کورسیی کۆتا لە هەولێر و دهۆك دەنگی کوردانی کەرکووك لەدەست دەدات، ئایا هەقیقەتی ئەم مەسەلەیە چۆنە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی یەکێتی لەم بارەوە بانگەشەی بۆ دەکات، هیچ هەقیقەت و بنەمایەکی نییە، من وەك ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێك بووم کە لەو کۆبوونەوەیە دانیشتبووم، کە بەڕێز دکتۆر خالید شوانی و بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە بەغدا تێدا بەشدار بوون، خاڵەکان خوێندرانەوە و ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی پێش ئێمەش لە هۆڵی پەرلەمان دانیشتبوون و بناغەیەکمان دانا بۆ کەرکووك، کە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بکرێتە بنەما لە هەڵبژاردنەکەدا، کە ئەمە کەرکووکییەتی کورد و کوردستانییەت دەسەلمێنێت، هەروەها داوا کرا، ناحیەی زاب و سەرگەڕان داخڵ بکرێت و جێگیریش کرا، بە هەمان شێوە داوامان کرد، ئەو خێزانانەی پێش ساڵی ٢٠٠٣ لە کەرکووك بوون، دەبێت دەنگ بدەن و وەك هاووڵاتی هەژمار بکرێن، کە ئەمانەش زۆرترینیان کوردن، بەڵام قبووڵی ئەو خێزان و کەسانەمان نەکرد کە وەك تەعریب هاتوونەتە کەرکووك، بەتایبەت ئەوانەی دوای ساڵی ٢٠٠٣، بۆ ئەوەی بەشدار بن لە دەنگدان، کە ئەم خاڵەش یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانە کە لە بەرژەوەندیی کوردە لە ناو کەرکووك و، لە بەرژەوەندیی کوردستانییەتی کەرکووکە، هەروەها ئێمە پێداگریمان لەسەر ئەوەکرد کە دەبێت کەرکووکیش وەك هەموو پارێزگاکانی دیکە لەیەك کاتدا هەڵبژادرنی تێدا ئەنجام بدرێت و بە هۆی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەوە دەتوانرێت پارێزگاریش بگۆڕێت کە هەر کاتژمێرێك مانەوەی زیاتر کێشە و گرفت بۆ کورد و کوردستانییەتی کەرکووك دروست دەکات، بەڵام بە دەرئەنجامی هەڵبژادرن دەستکراوە دەبین و دەتوانرێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی کوردستانییەت لە کەرکووك بێتەدی، من ئومێد و پێشبینیم ئەوەیە کە لە هەڵبژاردندا زۆرترین ڕێژەی کەرکووك کورد دەبێت و کوردستانییەتی کەرکووك ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی لەو حاڵەتەش بۆ کەرکووك دەمانویست کە داواکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، جێگیر و پەسند کرا.

*** دکتۆر شاخەوان عەبدوڵڵا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق باس لەوە دەکات ئەو خاڵە زۆر ئەرێنییە کە بە بڕگەیەك چەسپێندرا، دەبێت**

**دوای چەندین کۆبوونەوە و مشتومڕ لەگەڵ لایەنی عەرەبی سوننە لەسەر ئاوارەکان، بڕیاردرا ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان لە ناو کەمپەکانن، هەر لە کەمپەکان دەنگ بدەن بە پارێزگاکانی خۆیان**

**بە هۆی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەوە دەتوانرێت پارێزگاریش بگۆڕێت کە هەر کاتژمێرێک مانەوەی زیاتر کێشە و گرفت بۆ کورد و کوردستانییەتی کەرکووک دروست دەکات**

**پێشبینیم ئەوەیە کە لە هەڵبژاردندا زۆرترین ڕێژەی کەرکووک کورد دەبێت و کوردستانییەتی کەرکووک ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی لەو حاڵەتەش بۆ کەرکووک دەمانویست کە داواکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، جێگیر و پەسند کرا**

دەنگدان بەپێی ئاماری ١٩٥٧ بێت و جەخت لەوە دەکاتەوە نەک دەنگی کورد لە پارێزگای کەرکووک نافەوتێت، بەڵکو دەنگی کورد لە کەرکووک زیاد دەکات، لە بەرانبەردا خالید شوانی دەڵێت، نەخێر شەرعییەت بە عەرەبی هاوردە دەدات کە ئەوانیش دەنگ بدەن. ئایا ئەمە دوو تەفسیری جیاوازە بۆ یاساکە، یان موزایەداتی سیاسییە؟

- من پێم وایە ئەمە موزایەدەی سیاسییە، چونکە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ دەیسەلمێنێت زۆرینەی کەرکووک کوردە، لە کاتێکدا ئەگەر سەرژمێریی ١٩٨٧ یان ١٩٦٧ و ١٩٨٨ بکەینە بنەمای هەڵبژاردنەکە، ئەوە مانای ئەوەیە شەرعییەتمان دا بە تەعریبکردن، واتە ئەوەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدایە و ئەو ماددەیە چارەنووسی دیاری دەکات، لە بەرانبەردا یەکێتی دەڵێت، ئەو ناوچانەی کە لە ساڵی ١٩٥٧ سەر بە ئیدارەی کەرکووک بوون، ئەمجارە ناتوانن دەنگ بدەن، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

- پێویستە ئەمە بە جوانی ڕوون بکەینەوە، دووزخورماتوو لە چوارچێوەی پارێزگای کەرکووک دەنگ نادات، بەڵکو دەنگ بە سەلاحەدین دەدات و قەزای چەمچەماڵ بە هەمان شێوە لە سلێمانی دەنگ دەدەن، نەک لە کەرکووک و لە دەسەڵاتی کەس نییە کە ئەو شوێن و ناوچانە بخاتەوە سەر کەرکووک، چونکە ئەمە تەنیا بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەدی دێت و ئەو بارودۆخە ئاسایی

**سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ دەیسەلمێنێت زۆرینەی کەرکووک کوردە، لە کاتێکدا ئەگەر سەرژمێریی ١٩٨٧ یان ١٩٦٧ و ١٩٨٨ بکەینە بنەمای هەڵبژاردنەکە، ئەوە مانای ئەوەیە شەرعییەتمان دا بە تەعریبکردن**




دکتۆر خالید شوانی لەسەر دکتۆر شاخەوان عەبدوڵڵا دەیڵێت، موزایدەیە و هیچی دیکە نییە، بەڵام خۆشبەختانە ئەوەی واقیعە و لە بەرژەوەندیی کورد و کوردستانییەتی کەرکووکە، بە هەوڵ و تەقەلای پارتی دیموکراتی کوردستان جێگیر و پەسند کرا.

* سەبارەت بەو بڕگەیەی یاساکە کە دەڵێت (ئاکامی هەڵبژاردنەکە هەر چۆنێک بێت، هەیکەلی ئیداری ئێستای پارێزگای کەرکووک گۆڕانکاری بەسەردا نایەت)، جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت ئەم بڕگەیە بەو شێوەیە تەفسیر دەکرێت کە دوای هەڵبژاردن لایەنی زۆرینە ناتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی شارەکە بدەن، لەبەر ئەوەی کەرکووک لە چوارچێوەی ماددەی

دەبێتەوە، ئەنجومەنی پارێزگاش بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بڕیار بدات، یان دەنگ بدەن بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە و ناکرێت کە دووزخورماتوو کە فۆرمی خۆراک و کارتی زانیاریی سەلاحەدینە و چەمچەماڵ کارتی زانیاری و فۆرمی خۆراکی دانیشتووانەکەی سلێمانییە، بێن لە کەرکووک دەنگ بدەن. ئەوەی شایانی خستەڕووە، ئەوەیە کە ئەمە پێنجەم هەڵبژاردنە ئەو شوێنانە دەنگیان بۆ کەرکووک نەداوە، بەڵکو بۆ سەلاحەدین و سلێمانی دەنگیان داوە و نموونەمان لەوبارەوە ئەوەیە کە مەلا کەریم خۆی نوێنەری دووزخورماتووە و ئەندامی پەرلەمانە لەسەر فراکسیۆنی یەکێتی سەر بە سەلاحەدینە، نەک کەرکووک.

**ئەوەی واقیعە و لە بەرژەوەندیی کورد و کوردستانییەتی کەرکووکە، بە هەوڵ و تەقەلای پارتی دیموکراتی کوردستان جێگیر و پەسند کرا**

دیمانەی تایبەت



جیراڵد فێریشتەین جێگری سەرۆك ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسته، كه بارەگاكەی له (واشنتۆن دی سی)یه و توێژەری باڵای بواری دیپلۆماسییەتی ئەمریكایە لەم ئەنستیتوته، پێشتریش چەندین پۆستی دیپلۆماتیی جۆراوجۆری هەبووه و، له شانده دیپلۆماتییەكانی ئەمریكادا بووه بۆ پاكستان و سعودیه و، له ساڵی ٢٠١٠ له لایەن ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما كرایه باڵیۆزی ئەمریكا له یەمەن و تا ساڵی ٢٠١٣ لەو پۆستەدا مایەوه، له ساڵی ٢٠١٣ تا ساڵی ٢٠١٦ جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریكا بووه بۆ كاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك. گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا، كه تەوەره سەرەكییەكانی پەیوەست بوون به ڕێككەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیه و كۆماری ئیسلامیی ئێران، له ڕووی پاڵنەر و هۆكارەكانی گەیشتن بەم ڕێككەوتن و ئەگەری سەركەوتن و جێبەجێكردنی و دەرەنجام و دەرهاویشتەكانی لەسەر تێكڕای ناوچەكه و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار.

جیراڵد فێریشتەین باڵیۆزی پێشووی ئەمریكا له یەمەن بۆ گوڵان:

# سەنگی مەحەك له ڕێككەوتنی نێوان سعودیه و ئێران جێبەجێكردنیەتی

* هەروەك ئاشكرایە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەكی پڕ لە كێشە و تەنگژە و قەیرانە و تووشی چەندین شەڕ و ناسەقامگیری و باری ناهەمواری ئابووری بووەتەوە، سەرەڕای بوونی ڕكابەریی نێوان هێزە گەورە هەرێمایەتییەكان، بەڵام لەم دواییەدا هەندێ بەرەوپێشچوون و پێشهاتی گەورە هاتنەئاراوە، وەك لێكنزیكبوونەوە و ڕێككەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی ڕكابەری پێشوو، (عەرەبستانی سعودیە و ئێران) كە دوو وڵاتی گەورە و خاوەن دەستڕۆیشتوویین لە ناوچەكەدا، ئێوە چۆن لەم ڕێككەوتنە و هۆكارەكانی هاتنەئارای دەڕوانن؟

- لە ڕاستیدا من پێم وایە هەر هەوڵ و هەنگاوێك كە بگیرێتەبەر و بێتەئاراوە بۆ مەبەستی خاوكردنەوەی بارگرژییەكان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانین بە پێشهات و پەرەسەندنێكی ئەرێنی لە قەڵەمی بدەین. ئەگەرچی سەنگی مەحەك لە ڕێككەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئێراندا بریتییە لە پابەندبوون بە ڕێككەوتنەكە و جێبەجێكردنی. هەر لەم ڕووەوە من تێڕوانینم وایە كە بەڵێنی گەڕانەوەی باڵیۆزەكان بۆ هەردوو پایتەخت پێشهات و پەرەسەندنێكی گرنگ نییە، ئەگەر هەردوو وڵات ڕێككەوتن نەكەن لەسەر گفتوگۆكردن لە بارەی ئەو پرسە گەورە و بەرچاوانە كە مایەی دروستكردنی دابەشبوون و ناكۆكیی نێوانیان. لەم ڕووەوە من باوەڕم وایە هەم ئێرانییەكان- كە لە ئێستادا ڕووبەڕووی گوشاری ناوخۆیی و دەرەكی بوونەتەوە، هەم عەرەبستانی سعودیە- كە خوازیاری ئەوە نییە هەڵكشانی هەڕەشەی هێزێكی هەرێمی بەدی بكات- هۆكاری ئەوەیان هەبوو كە بڕیاری ئەوە بدەن كە كاتەكە لەبار و گونجاو و ڕاست و دروستە بۆ دووبارە نوێكردنەوەی پەیوەندییەكانیان.

* ئێوە ئاماژەتان بە خاڵێكی گرنگ كرد كە سەركەوتنی ڕاستەقینە لە ئەنجامدانی ڕێككەوتنەكەدا نییە، بەڵكو لە پابەندبوونە پێی و لە جێبەجێكردنیدایە، دەمانەوێت ئەو پرسیارە بكەین كە ئایا لە دیدی ئێوەدا تا چەند ئیرادە و خواستێكی ڕاستەقینە هەیە لە هەردوولاوە بۆ ئەوەی جددی بن لە جێبەجێكردنی ئەم ڕێككەوتنەدا و ئایا پێتان وایە لە ماوەی دووردا سەركەوتوو دەبێت؟

- لەم ڕووەوە ئێمە دەبێت چاوەڕێ بكەین و ببینین كە ئایا ئەم ڕێككەوتنە چ دەرئەنجامێكی لێ دەكەوێتەوە و، تا چەند جێبەجێ دەكرێت. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ كرد، ئەم ڕێككەوتنە تەنیا ئەو كاتە سەركەوتوو دەبێت كە سەربكێشێت بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە لە چارەسەركردنی نیگەرانییە بەرچاوەكانی پەیوەست بە خودی ئێرانەوە، لە نێویاندا پرۆگرامە ئەتۆمییەكەی ئێران، مووشە بالیستییەكانی، پرۆگرامی دروستكردنی فڕۆكەی بیفڕۆكەوان و دەستتێوەردانەكانی لە كاروبارە ناوخۆییەكانی دەوڵەتە دراوسێكانیدا، بەتایبەتی لە یەمەن و سووریا.

* هەروەك ئاشكرایە كە ئەم ڕێككەوتنە بە ناوبژیوانیی وڵاتی چین كراوە، لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە تا چەند ئەم ناوبژیوانییە بەڵگە و ئاماژەیە بە هەڵكشان و بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی و كاریگەریی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا تا چەند ئەم گەورەبوونەی ڕۆڵی چین، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكای نیگەران و ناڕەحەت كردووە؟

- حاڵی حازر چین بووەتە هاوبەشی بازرگانی بۆ چەند وڵاتێكی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بووەتە گەمەكارێكی گرنگی نێودەوڵەتی. هەروەك ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین كە ئەم ڕێككەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئێران بە ناوبژیوانیی چین هاتەئاراوە و ئەنجام درا، ئەوا پەكین هەندێ مافی ئەوەی بەدەست هێناوە كە بە خۆهەڵكێشانەوە باس لە هەوڵ و كۆششە دیپلۆماتییەكانی بكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین كە ئەم ڕێككەوتنە نابێتە هۆی ئەوە پێگەی چین لە ناوچەكەدا بە چەشنێكی بنەڕەتی بگۆڕێت، كە بە شێوەیەكی سەرەكی ئەم پێگەیە بەندە بە هێزی ئابووریی چینەوە. بە تێڕوانینی هەندێ لە شرۆڤەكارانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، كە هەمیشە

**چین بووەتە هاوبەشی بازرگانی بۆ چەند وڵاتێكی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بووەتە گەمەكارێكی گرنگی نێودەوڵەتی**

**ئەگەر ڕێككەوتنەكە بە تەواوەتی جێبەجێ بكرێت، ئەوا دەرگا واڵا دەكات بە ڕووی چارەسەركردنی نیگەرانییە درێژخایەنەكاندا**

**ڕیشەی كێشە و شەڕی یەمەن پەیوەستن بە هەلومەرجی ناوخۆیی ئەو وڵاتەوە و لایەنە دەرەكییەكان ناتوانن چارەسەری بكەن**

**ئەمریکا بە هاوبەشێکی سەرەکیی ستراتیژیی عەرەبستانی سعودیە دەمێنێتەوە**

**پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەخت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیەدا بکات**

**بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە جەخت لەسەر دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدانی ئابووری دەکەنەوە، گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە**

**پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە ئەولەوییەتدان بە خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی بارگرژییە هەرێمایەتییەکان، لە نێویاندا چارەسەرکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و چالاکییە گرفتئامێزەکانی دیکەی**

پێشهاتەکان لەو ڕوانگەیەوە لێك دەدەنەوە کە تا چەند کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە، ئەوا ئەم پەرەسەندنە بە شکست و پاشەکشە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لێك دەدەنەوە، بەڵام من پێم وایە موبالەغەیەك لەم شرۆڤەکارییەدا هەیە.

*** باشە ئەگەر وامان دانا کە ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ دەکرێت و هەردوولا خواستی ڕاستەقینە و جددییان هەیە بۆ ئەوەی لاپەڕەی ناکۆکی و کێشەکانیان بپێچنەوە و دەست بە ڕۆژگارێکی نوێی هاوکاری و دراوسێیەتیی باش بکەن، ئەگەر ئەم تێڕوانینە گەشبینە لە جێی خۆیدا بێت، ئایا ئەم ڕێککەوتنە لەسەر تێکڕای ناوچەکە، چ کاریگەری و دەرەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەر ڕێککەوتنەکە بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەرگا واڵا دەکات بە ڕووی چارەسەرکردنی نیگەرانییە درێژخایەنەکاندا و لە هەمان کاتدا بۆی هەیە هاوکار بێت لە کارئاسانیکردن بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی یەمەن، ئەگەرچی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ڕیشەی کێشە و شەڕی یەمەن پەیوەستن بە هەلومەرجی ناوخۆیی ئەو وڵاتەوە و لایەنە دەرەکییەکان ناتوانن چارەسەری بکەن، لە نێویاندا هەردوو وڵاتی ئێران و عەرەبستانی سعودیە، بەڵکو دەبێت خودی یەمەنییەکان خۆیان چارەسەری بکەن. هەروەها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەڕەشەی گرتنەبەری ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران.

*** ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە پەیوەندییەکی قووڵ و ستراتیژییان هەبووە، بەڵام ئایا پێت وانییە بەدیهێنانی پێشهاتێکی گەورەی لەم چەشنە بە هەوڵ و کۆششی چین، تەمی گومان دەخاتەسەر پەیوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا و سعودیە؟ ئایا چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن؟**

- نەخێر، من پێم وانییە، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هاوبەشێکی سەرەکیی ستراتیژیی عەرەبستانی سعودیە دەمێنێتەوە. هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە عەرەبستانی سعودیە زیاتر و زیاتر وەك هێزێکی سەرەکیی هەرێمی و جیهانی لە خۆی دەڕوانێت، کە پارێزگاری لە پەیوەندیی هاوسەنگ دەکات لەگەڵ گەمەکارە گەورە نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا. لەم ڕوانگەیەوە و لە پێناو بەرەوپێشچوونی زیاتردا، پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەخت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیەدا بکات، ئەویش لەسەر بنەمایەکی یەکسان تاوەکو بتوانێت قەناعەت بە ڕیاز بکات، کە پاڵپشتی لە سیاسەت و تێڕوانینەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات.

*** هەر لە پەیوەندی بە پێگەی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا پێت وانییە ئەم هەوڵ و کۆششەی چین دەرئەنجامی ئەوەیە کە ئەمریکا بۆشاییەکی جێ هێشتووە و بوارێکی خوڵقاندووە بۆ ئەوەی هێزە جیهانییەکانی دیکە بێن و برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن، لە لایەکی دیکەوە، ئایا پێت وایە ئەو ڕێچکە بنیادنەر و ئەرێنییە چییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت و پێویستە بیگرێتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و لە دوای ئەم ڕێککەوتنەوە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدانی ئابووری، گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە ئەولەوییەتدان بە خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی بارگرژییە هەرێمایەتییەکان، لە نێویاندا چارەسەرکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و چالاکییە گرفتئامێزەکانی دیکەی، ئەویش لە ڕێی بەرەوپێشبردنی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەسەر کێشە وجوودییەکان، وەك گۆڕانی کەشوهەوا، تەندروستیی گشتی، ئاسایشی خۆراك و پرسە سەرەکییەکانی دیکە.




## پرۆفیسۆر یانیس ستیڤاچتیس بۆ گوڵان:

# دەبێت بە زۆرێک لەو پرسانە کە پەیوەستن بە سیستمی جیهانییەوە پێداچوونەوە بکرێت

یانیس ستیڤاچتیس، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تەقەنیی ڤێرجینیا، لە هەمان کاتدا سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەوروپا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ڕەهەند و ئاقارەکانی ئەو شەڕە و دەرهاویشتە و دەرەنجامەکانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**کاتێک ڕووسیا ژێرخانێکی دیاریکراوی ئۆکرانیا دەکاتە ئامانج و وێرانی دەکات، چاوەڕێ دەکات کە نۆژەن بکرێتەوە و سەرلەنوێ بنیاد بنرێتەوە، بۆ ئەوەی دووبارە بیکاتەوە ئامانج، ئەمەش کاریگەرییەکی دەروونی دەبێت**

**هیچ وڵاتێک ناتوانێت بەردەوامی و درێژە بە شەڕ بدات، ئەگەر پاڵپشتییەکی ئابووریی بۆ دەستەبەر نەکات**

*** شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەردەوامە و لەگەڵیدا دەرهاویشتە و کاریگەرییەکانیشی بەردەوامن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە کە پێ ناچێت هیچ لایەکی شەڕەکە (ڕووسیا و ئۆکرانیا) بتوانن لە ڕووی سەربازییەوە ململانێکە یەکلا بکەنەوە، بەتایبەتی ڕووسیا کە ماوەیەکە دەستی داوەتە بەئامانجگرتنی ژێرخانی بنەڕەتیی ئۆکرانیا، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە دەبێت ئێمە لەم وەرچەرخانە لە شەڕەکەدا (بە ئامانجگرتنی ژێرخانی بنەڕەتیی ئۆکرانیا) لەو چوارچێوەیەدا لێك بدەینەوە کە ڕووسیا دەیەوێت تەواوی تواناکانی وڵاتی ئۆکرانیا لە ناو ببات و پەکی بخات، واتە لەبری ئەوەی سەرنج بخاتەسەر دەستبەسەرداگرتنی خاك، ئەوا دەیەوێت توانای ئەو وڵاتە لە بن بهێنێت، چونکە ئەگەر ڕووسیا توانیبێتی لە ڕێی تێکشکاندنی ژێرخانی ئۆکرانیاوە ئەو وڵاتە بەرەو پەکخستن و داڕووخان ببات، ئەوا لەو کاتەدا خۆی بە براوەی شەڕەکە لە قەڵەم دەدات، ئێمە ئەم هەوڵی بەئامانجگرتنی ژێرخان لەلایەن ئۆکرانیاشەوە دژ بە ڕووسیا بەدی دەکەین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم، ئەم هەوڵ و ستراتیژیەتە لەلایەن هەردوولاوە پیادە دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن ڕووسیاوە کە دەیەوێت بە چەشنێکی بەرنامە بۆداڕێژدراو و سیستماتیکی ئەم کارە بکات و ئەم دەرئەنجامە بەدی بهێنێت.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند ئەم ستراتیژیەت و ڕێگەچارەیە کاریگەر و کارا بووە بۆ ڕووسیا، مەبەستمان ئەوەیە چۆن دەکرێت بڵێین سزاکان نەبوونەتە هۆی گۆڕینی حیسابات و بڕیاری ڕووسیا لەبارەی شەڕەکەوە؟ ئایا ستراتیژیەتی وێرانکردن و پەکخستنی ژێرخانی ئۆکرانیا هیچ گۆڕانکارییەکی لە هەڵوێستی ئۆکرانیا بەرانبەر شەڕەکە کردووە، یان ئەوەتا ئەمە تەنیا وێرانکارییە و هیچی دیکە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئامانج لەم ستراتیژیەتە داڕووخاندنی ئۆکرانیایە، واتە ئەم هەڵمەتە ڕۆژانە نییە، چونکە کاتێك ڕووسیا ژێرخانێکی دیاریکراوی ئۆکرانیا دەکاتە ئامانج و وێرانی دەکات، چاوەڕێ دەکات کە نۆژەن بکرێتەوە و سەرلەنوێ بنیاد بنرێتەوە، بۆ ئەوەی دووبارە بیکاتەوە ئامانج، ئەمەش کاریگەرییەکی دەروونی دەبێت، چونکە ئەمە نادڵنیاییە و دڵەڕاوکێیەك دروست دەکات لای ئۆکرانییەکان کە نازانن کەی و لە کوێدا جارێکی دیکە ژێرخانی وڵاتەکەیان دەکرێتەوە ئامانج، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی ئۆکرانیا لە پاڵ داواکردنی هاوکاریی سەربازی و دەستەبەرکردنی چەکدا، داوای یارمەتی و هاوکاریی ئابووریش بکاتەوە بۆ مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و سەرلەنوێ بنیادنانەوە، بۆ ئەوەی ڕێگری لە داڕووخانی وڵاتەکەی بکات، چونکە هیچ وڵاتێك ناتوانێت بەردەوامی و درێژە بە شەڕ بدات، ئەگەر پاڵپشتییەکی ئابووریی بۆ دەستەبەر نەکات.

*** ئێوە شارەزای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستمە جیهانییەکانن، کە زۆرێك لە شرۆڤەکاران پێیان وایە ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرەنجام و ڕەنگدانەوەی شکستی ئەم سیستمە جیهانییە لە دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانە و ئاشتییانە و، ئاوێتەکردنی وڵاتان لە چوارچێوەیەکدا کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەری شەڕ، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بەشە جیاوازەکانی ڕۆژئاوا تێڕوانین و وێنای جیاوازیان هەیە بۆ سیستمەکە، ئەگەر باسی شکست بکەین، ئەوا ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەمە شکستی ئەو ڕەوتەیە کە پێیان دەگوترێت «نیوکۆنزێرفاتیڤ» کە بە باوەڕی ئەوان دەبێت سیستمە جیهانییەکە بە چەشنێك بێت، کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزی باڵادەست بێت، بەڵام کەسانێکی دیکە هەن لە نێو خودی ئەمریکا کە هاوڕا نین لەگەڵ ئەم تێڕوانین و بۆچوونەدا، بەڵکو پێیان وایە کە کارێکی باش و ئەرێنییە و دەرەنجامی خوازراوی لێ دەکەوێتەوە ئەگەر هاوکاری و هەماهەنگی هەبێت لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین و ڕووسیا و وڵاتانی دیکەدا. کەواتە ئەگەر لەم دیدگایەوە

لە دۆخەکە بڕوانین، ئەوا ڕەنگە نەتوانین بڵێین شکستە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو ڕەوتەوە بڕوانین کە پێیان دەگوترێت (نیوکۆنزێرفاتیڤ) ئەوا بەڵێ، ئەمە کێشەیە و پێشهات و پەرەسەندنێکی نەخوازراوە.

*** بەڵام ئایا پێت وانییە بۆ ئەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە داهاتوودا کەم بکرێتەوە، پێویستە ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستەمی جیهانی» سەرلەنوێ لەسەر بنەما و بەهای نوێ بنیاد بنرێتەوە، بە چەشنێك کە تێکڕای وڵاتانی جیهان بەشدار بن لە داڕشتنیدا و پێیانەوە پابەند بن؟**

- بە تێڕوانینی من دەبێت پێداچوونەوە بە زۆرێك لەو پرسانەدا بکرێت کە پەیوەست و پەیوەندیدارن بە سیستەمە جیهانییەکەوە، چونکە ڕێکخراوە جیهانییەکان شەرعییەتیان لەدەست داوە و زۆرێك لە تەفسیر و لێکدانەوەکان بۆ یاسای نێودەوڵەتی شەرعی نین، مەبەستم ئەوەیە هەموو شتێك بە سیاسی کراوە و لە ڕوانگ و گۆشەنیگایەکی سیاسییەوە لێك دەدرێتەوە و ڕاڤە دەکرێت و لایەنگرییان پێوە دیارە. کەواتە دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان میسداقییەتیان لەدەست داوە، چونکە هەموو لایەك تەنیا پابەند دەبێت بەو بەشەی لەگەڵ خواست و بەرژەوەندیی خۆیدا یەك دەگرێتەوە و ئەوەی دیکە ڕەت دەکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ناکرێت سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم چەشنە مامەڵەیە بنیاد بنرێت و بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی دەبێت پێداچوونەوە بە زۆر پرسدا بکرێت و، زۆرێك لە مەسەلەکان دووبارە گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێتەوە.

*** بەڵام ئایا ئێوە گەشبینی و هیواخوازی کە ئەم پێداچوونەوە بکرێت، چونکە وەك ئاشکرایە کە لە ئێستادا ئاستی ڕکابەری و ململانێکان بە ئاراستەی هەڵکشانی زیاترن، نەك خاوبوونەوە و گرتنەبەری ڕێگەی گفتوگۆی ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، ئەوەتا سەرەڕای ئەو هەموو کوشتار و کاولکارییە، کەچی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هەر بەردەوامە و هیچ چارەسەرێك لە ئاسۆدا دەرنەکەوتووە؟**

- لە ڕاستیدا من هێشتا نازانم ئایا گەشبینم یان نا، بەڵام من پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕە کارم بۆ ئەوە دەکرد و پاڵپشتیی هەر هەوڵێکم دەکرد و بانگەوازی ئەوەم دەکرد کە ڕێگە نەدرێت ئەم شەڕە ڕوو بدات، چونکە من ئەوەم لەبەرچاو بوو کە تووشی جۆرجیا بووەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ و دەمزانی کە ئۆکرانیا هێڵی سوور بوو بۆ ڕووسیا و ڕووسیاش کاردانەوە و پەرچەکرداری دەبێت، چونکە ناکرێت تۆ وڵاتێك بخەیتە بەر لوولەی تفەنگ، من بانگەشەی ئەوەم دەکرد کە دەبێت بەر لە بەرپابوونی ئەم شەڕە بگرین، بەڵام ئاشکرایە کە ئێستا کار لە کار ترازاوە و زۆر درەنگە بۆ ئەم قسانە، چونکە ئەوەتا چەندەها کەس گیانیان لە دەست داوە، شتێك کە بکرێت ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە شەڕەکە ئاراستەی کۆمەڵکوژیی وەرنەگرتووە، کە بۆی هەبوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوژمنایەتی و بێمتمانەییەی لە ئارادا بوو، بەم ئاقارەدا بڕۆیشتایە، کەواتە ئەگەر گەشبینییەك مابێتەوە، ئەوەیە کە با ڕێگری لە هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهان بکەین و لەوێوە هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ، چونکە هەر ڕۆژێك کە شەڕەکە درێژە دەکێشێت، ژمارەیەکی زیاتری خەڵك دەبنە قوربانی و کۆمەڵگەی جیهانی ڕووبەڕووی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی دەبنەوە، وەك برسێتی و هەژاری و.. هتد. هەروەها ئەم شەڕە کاریگەری لەسەر دانیشتووانی وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کردووە، واتە ئەوەی لە ئارادایە دۆخێکی نالەبار و ناهەموارە. هەروەها من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کاتێك ئێمە ڕەخنە لە شتێك دەگرین، ئەوا مانای ئەوە نییە بەشێکین لە ئەجێندایەکی دیکە، کاتێك من دەڵێم ڕۆژئاوا توانا و هێزی ڕووسیای بە کەم گرت، ئەوا لەوانەیە پێم بڵێن کە تۆ پشتیوانی لە ڕووسیا، یان ڤلادمیر پوتین دەکەیت، بەڵام هەموو مەبەستی من ئەوەیە کە دەبێت تۆ باش تواناکانی خۆت بناسیت و هەڵسەنگاندنێکی باشت بۆ توانای ڕکابەرەکەت هەبێت، پێش ئەوەی بکەوێتە نێو هەر ململانێیەکەوە لەگەڵیدا.

**ڕێکخراوە جیهانییەکان شەرعییەتیان لەدەست داوە و زۆرێک لە تەفسیر و لێکدانەوەکان بۆ یاسای نێودەوڵەتی شەرعی نین**

**با ڕێگری لە هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهان بکەین و لەوێوە هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ، چونکە هەر ڕۆژێک کە شەڕەکە درێژە دەکێشێت، ژمارەیەکی زیاتری خەڵک دەبنە قوربانی و کۆمەڵگەی جیهانی ڕووبەڕووی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی دەبنەوە**



پڕۆفسۆر گریگۆری ئەفتاندیلیان بۆ گوڵان:

# گومان هەیە لەوەی کە دۆستایەتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان سعودیە و ئێران بێتە ئاراوە

# دیمانەی تایبەت

**پرۆفسۆر گریگۆری ئەفتاندیلیان، پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، وانەبێژە لە سکوولی پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە زانکۆی بۆستۆن، بۆ ماوەی پتر لە بیست ساڵ وەك شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئیدارەی ئەمریکا کاری کردووە، هەروەها ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی پیران بووە. بۆ تاوتوێکردنی هۆکار و پاڵنەرەکانی ڕێککەوتن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامی ئێران و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی ئەم ڕێککەوتنە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** ئاشکرایە کە ڕێککەوتنی ئێران و عەرەبستانی سعودیە پێشهات و پەرەسەندنێکی دیار و بەرچاوە لە نێوان دوو وڵاتی خاوەن سەنگ و قورسایی لە ناوچەیەکی پڕ لە تەنگژە و قەیران و ئاڵۆزیدا، کە هەندێ بە چەشنێك وەسفی دەکەن، کە ئاراستە و ئاقاری دۆخی ناوچەکە بەرەو ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان دەبات، ئێوە چۆن لەم ڕێککەوتنە و هۆکار و پاڵنەرەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا کۆمەڵێك هۆکاری ئاڵۆز هەبوون لەم ڕووەوە، یەکێکان ئەوە بوو کە ئێران ئەم ڕێککەوتنەی لەگەڵ عەرەبستان بە ڕێچکە و ڕێگەچارەیەك زانی، بۆ شکاندنی ئەو گۆشەگیرییە نێودەوڵەتییەی بە دەستییەوە گرفتار بووە، واتە ویستی بەم ڕێککەوتنە بوارێك بکاتەوە بۆ دەربازبوون لەو کەنارگیرییەی تووشی بووە، هەروەها بە ئومێدی ئەوەی کە عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو بتوانن هەندێ فشار لەسەر وڵاتانی ئەوروپا دروست بکەن، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە هەندێك لە سزاکانی سەر ئێران کەم بکەنەوە و هەڵیبگرن. ئەوەی پەیوەست بێت بە عەرەبستانی سعودیەوە، ئەوا تێڕوانینەکە ئەوە بوو (کە ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی بەم ڕێککەوتنە ڕازی بێت)، کە چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆست و هاوپەیمانەکەی ڕابردوو نییە، کە لەم ڕووەوە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لە سەروەخت و سەردەمی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، کاتێك هێرش کرایە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە، ئەوا ئەمریکا تۆڵەی نەکردەوە و پەرچەکرداری نەبوو، دواتر سەرۆك بایدن ئاماژەی بە تۆماری عەرەبستانی سعودیە کرد لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە سعودیە بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگەیەکی

**ئێران ئەم ڕێککەوتنەی لەگەڵ عەرەبستان بە ڕێچکە و ڕێگەچارەیەک زانی، بۆ شکاندنی ئەو گۆشەگیرییە نێودەوڵەتییەی بە دەستییەوە گرفتار بووە**

باشتر بۆ خۆپاراستن ئەوەیە بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا، نەك پشتبەستوو بێت بە ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی ستراتیژی بە چەشنی ئەوەی لە ڕابردوودا لە ئارادا بوو.

*** شتێکی شاردراوە نییە کە پەیوەندییەکانی ئێران و سعودیە هەوراز و نشێویان بەخۆوە بینیوە و چەندین جار لێك نزیك بوونەتەوە و دواتر گرژییەکان لە نێوانیاندا هەڵکشاوەتەوە، ئێستاش ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکار و پاڵنەری ئەم ڕێککەوتنە فشاری دەرەکییە لەسەر ئێران و بەدگومانبوونی سعودیەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە تێڕانینی ئێوە تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام بێت و دەرئەنجامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە؟**

- من لەم ڕووەوە گومان هەیە لەوەی کە دۆستایەتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست ببێت، چونکە هێشتا لە بارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ شیعە لە بەشە جیاوازەکانی جیهانی عەرەبیدا ناکۆکییان لە نێواندا هەیە، بە دڵنیاییەوە نابێت لەم ڕووەوە کێشە، یان شەڕی یەمەنیش فەرامۆش بکەین، کە کێشە و ناکۆکییەکی گەورەیە لە نێوان هەردوو وڵاتدا، کە لەوانەیە عەرەبستانی سعودیە ئومێدی ئەوە بکات کە ئێران بتوانێت کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی حوسییەکان لە یەمەن بە پرۆسەی ئاشتی ڕازی بن و پێوەی پابەند بن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین، کە ڕاستە حوسییەکانی هاوکاری لە ئێرانەوە وەردەگرن، بەڵام بە تەواوەتی لەژێر فەرمان و بڕیاری ئێراندا نین. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا ئەم ڕێککەوتنە سەردەکێشێت بۆ هاتنەئارای پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لە نێوانیاندا، یان نا، چونکە ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە، ئەوا هەر لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، چونکە سەروەخت و سەردەمانێك هەبوو کە پەیوەندییەکانی نێوانیان تا ڕادەیەك ئاشتییانە بووە، ڕۆژگارێکیش هەبووە کە تەواو دوژمنکارانە بووە.

*** لە ڕواڵەتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژ بەم ڕێککەوتنە نییە، بەڵام هەندێ کەس لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانن لەم ڕێککەوتنە، ئەویش لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتنە بە کار و کۆشش و سەرپەرشتیی چین ئەنجام دراوە، ئایا ئەم ڕێککەوتنە تا چەند ئاماژەیە بە هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی و پێگەی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا ئایا ئەمە سەرکەوتنێك نییە بۆ چین لەسەر حیسابی پێگە و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا؟**

- ئەگەر ئێمە لەسەر ئاستی فەرمی لە هەڵوێستی ئەمریکا بڕوانین، ئەوا ئەمریکا پێشوازی لە گەیشتن بەم ڕێککەوتنە دەکات، ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنە بە هەوڵ و هاوکاریی چین هاتە ئاراوە، بەڵام ئەمە هەڵوێستە فەرمییەکە بوو، بەڵام لە پشت پەردەوە زۆرێك لە بەرپرسەکانی ئەمریکا نیگەرانن لەوەی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرە بە دەستڕۆیشتوویی دیپلۆماتی (نەك تەنیا ئابووری)ی خۆی دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکی مەزنە لە ناوچەکەدا، واتە ئەگەرچی چین پەرەی بە دەستڕۆیشتوویی خۆی داوە، بەڵام هێشتا کاریگەرییەکەی ناگاتە ئاستی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا.


*** هەندێك کەس پێیان وایە ئەم سەرکەوتنە بۆ هێزی نەرم و هێزی بازرگانی و ئابووریی چین دەگەڕێتەوە، لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بەڵێ، ڕەنگە بتوانین بڵێین سەرکەوتنە بۆ هێزی نەرمی چین، چونکە دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە چین ٤٠٪ی نەوتی هاوردەکراوی لە ناوچەی کەنداوەوە بەدەست دەهێنێت، ئەمەش هۆکار و پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی چین هەوڵ بدات پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی بکات لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی کەنداو و لەگەڵ هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکەین کە چین هاوبەشێکی ئابووری و بازرگانییە لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا و تەنانەت قەبارەی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا زیاترە لە قەبارەی

**دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین، کە ڕاستە حوسییەکانی هاوکاری لە ئێرانەوە وەردەگرن، بەڵام بە تەواوەتی لەژێر فەرمان و بڕیاری ئێراندا نین**

**لە پشت پەردەوە زۆرێک لە بەرپرسەکانی ئەمریکا نیگەرانن لەوەی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرە بە دەستڕۆیشتوویی دیپلۆماتی (نەک تەنیا ئابووری)ی خۆی دەدات**

**چین ٤٠٪ی نەوتی هاوردەکراوی لە ناوچەی کەنداووە بەدەست دەهێنێت، ئەمەش هۆکار و پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی چین هەوڵ بدات پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی بکات لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی کەنداو**



پەیوەندییە بازرگانییەکانی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا، ئەمە بە گوێرەی دوایین ئامار کە من خوێندوومەتەوە، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە گرنگە بۆ چین کە پارێزگاری لەم پەیوەندی و ڕایەڵە ئابوورییە بکات.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما، ئەوا لەو کاتەدا سەرۆك ئۆباما لە لێدوانێکدا کە باسی لەوە کرد پێویستە ئێران و دۆستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هاوبەشی بکەن لە ناوچەکەدا، لەو کاتە ئەم لێدوانە مشتومڕی زۆری دروست کرد و، ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە تێڕوانینێکی واقیعبینانە بووە و ئەگەر لەو کاتەدا ئەم ڕێککەوتنە بکرایە، ئەوا ئێران و سعودیە و بگرە تێکڕای ناوچەکەش لە دۆخێکی باشتردا دەبوون؟ ئایا ئەم ڕێککەوتنە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، هێشتا ئێمە دڵنیا نین کە ئەم ڕێککەوتنە و ئەم لێکنزیکبوونەوەی پەیوەندییانە لە نێوان سعودیە و ئێراندا سەردەکێشن بۆ هاتنەئارای پەیوەندییەکی بەتین لە نێوانیاندا، یان نا، کە بڕیارە لە چەند مانگێکدا باڵیۆزخانەکانیان لە پایتەختی یەکتریدا بکەنەوە، کە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا ئەمە ڕوو دەدات، خۆ ئەگەر باڵیۆزخانەکانیشیان کردەوە، دەبێت لەوە بڕوانین ئایا ئەمە دەبێتە هۆی خاوکردنەوە و کەمبوونەوەی گرژییەکانی نێوانیان، هەروەك باسم کرد، عەرەبستانی سعودیە ئومێدی ئەوەی هەیە، ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆی لە بەرانبەر بزووتنەوەی حوسییەکان بەکار بێنێت، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی ئاشتی بێتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕوو نەدات، ئەوا پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا نایەتە ئاراوە.

**عەرەبستانی سعودیە ئومێدی ئەوەی هەیە، ئێران دەستڕۆیشتوویی خۆی لە بەرانبەر بزووتنەوەی حوسییەکان بەکار بێنێت، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی ئاشتی بێتە ئاراوە**

*** ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە سەربگرێت، ئایا چ کاریگەرییەکی لەسەر پاڵنەر و هۆکاری وڵاتانی عەرەبی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا دەبێت؟**

- دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئێران دەیزانی سعودیە مەیلی ئەوەی هەیە کە دوای ئیمارات و بەحرەین پەیوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵ ئیسرائیل دابمەزرێنێت، ئەگەرچی تا ئێستا سعودیە ئەم هەنگاوەی هەڵنەگرتووە، بەڵام پێم وایە ئەوەی لە ئێستادا لە ئیسرائیل ڕوو دەدات، بووەتە هۆی ئەوەی سعودیە زۆر نیگەران بێت، چونکە باڵی ڕاستڕەو هەن لە نێو کابینەکەی نەتنیاهۆدا، کە دەیانەوێت دۆخی فەلەستین ئاڵۆز بکەن، واتە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی سعودییەکان نیگەران بن بە چاوپۆشین لە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ ئێراندا.

**ئێران دەیزانی سعودیە مەیلی ئەوەی هەیە کە دوای ئیمارات و بەحرەین پەیوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵ ئیسرائیل دابمەزرێنێت**

# کەرکووکییەکان بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەستکەوتێکی مەزن هەژمار دەکەن



کوردانی دانیشتووی کەرکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی نەخوازراو بوونەتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە تەعریب و داگیرکردنی ماڵ و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لەلایەن عەرەبی هاوردەوە، هاوکات نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، کە بەشێکی زۆریان تاوەکو ئێستاش بۆ زێدی خۆیان نەگەڕاونەتەوە.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٢٧ دوای گفتوگۆیەکی زۆر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی پەسەند کرد، بە شێوەیەك تەواوی ئەو بەربەستانەی بەردەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگای کەرکووك لابران و بەپێی یاسا، ئەو دەسەڵاتە لە سەرۆك وەزیرانی عێراق وەرگیرایەوە، لەوەی کە بتوانێت هەڵبژاردن لە پارێزگایەك دوا بخات، کە هەندێك کەس و لایەن ئامانجیان بوو. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو دەستکەوتە دەردەبڕن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**سیاسەتمەداران و ئەندامانی فراکسیۆنی کوردی کەرکووک لە بەغدا، لە دۆخی کەرکووک باش شارەزان و دەشزانن دوژمن و نەیاران لە چ گەمەیەکی سیاسیدان بۆ سەرنەخستنی ئەم یاسایە**

**پێویستە کورد لەو ئەزموونەی تێپەڕی، سوودی وەرگرتبێت و بەرژەوەندی کەرکووکییەکان لەبەرژەوەندیی تەسک و حزبایەتی گەورەتر تەماشا بکات**

**دەبێت کەرکووکیەکان ئارامی و ئاسوودەیی لە دەست نەدەن و نەکەونە ژێر هوتافاتی چەواشەکاری و پەسەندکردنی لایەنێک، دەبێت وەکو کوردێک دەنگ بە دڵسۆزانی خۆیان بدەن، ئەگینا ڕەنگە ئەمە دوایین گەمەی چارەنووسی کەرکووکیەکان بێت**

هەوڵ درا بەپێی ماددەی ١٤٠ و هەندێك بڕیار و ڕێنوینی، کێشەی لەمێژینەی زەوییە تەعریبکراوەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە کێشەکە ئاڵۆزتر بووە و تاوەکو ئێستا ٣٥٦ هەزار دۆنم زەویی کورد لە کەرکووك بە بڕیاری دادگا بە عەرەبی هاوردە دراوە.

بۆ یەکەم جار لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ دەکرێتە بنەما و هاووڵاتیانی شاری کەرکووك مافی دەنگدانیان پێ دەدرێت، هەروەها ناحیەی سەرگەڕان دەگەڕێتەوە سەر شاری کەرکووك و مافی دەنگدانیان دەبێت، جگە لەوە ئەوەی مامەڵەی ماددەی ١٤٠ی کردووە، یان تەنیا مامەڵەی پێشکەش کردووە، مافی دەنگدانی هەیە، هەروەها ئەوەی پێش ٢٠٠٣ لە کەرکووك بووە و نفووسی شارەکانی دەرەوەی کەرکووك بووە و لە ساڵی ١٩٥٧وە لە کەرکووکە و تەرحیل نەبووە» بەڵام پسوولەی کەرکووکی هەیە، دیسان مافی دەنگدانی هەیە، ئەو هاوردانەی لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا هاوردەی شاری کەرکووك کراون، مافی دەنگدانیان نابێت، هەروەها بۆ یەکەم جارە لەبابەتی دابەشکردنی پۆستەکان ٣٢٪ هەڵگیرا.

بەپێی یاسا ئەو دەسەڵاتە لە سەرۆك وەزیرانی عێراق وەرگیرایەوە لەوەی کە بتوانیت هەڵبژاردن لە پارێزگایەك دوا بخات.

ڕۆزار ئەحمەد نووسەر و مامۆستا لە ئامادەیی داقوق، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «تێپەڕاندنی هەر یاسایەك دەبێت بە چاودێریی پسپۆڕان و بە ژێر بیر و لێکۆڵینەوەی ورددا تێپەڕێت، پاشان بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە بێت کە تێیدا بەرژەوەندیی گشت پێکهاتەکان وەکو یەك ڕاگرێت، بەو ئاراستەیە کە دەبێت کورد وەکو خەمخۆر و خاوەنی کەرکووك خۆی پیشان بدات، نەك بۆ قەوارە و لایەنێك خۆی بچووك بکاتەوە. دۆخی کەرکووك هەروا سانا نییە، کەسێك بێت و بە هەست و سۆز دایڕێژێت».

هەر لەو بارەیەوە گوتی: «سیاسەتمەداران و ئەندامانی فراکسیۆنی کوردی کەرکووك لە بەغدا، لە دۆخی کەرکووك باش شارەزان و دەشزانن دوژمن و نەیاران لە چ گەمەیەکی سیاسیدان بۆ سەرنەخستنی ئەم یاسایە، تەنانەت بڕگەیەکیشی بێت. بە ڕای منی کەرکووکی پێویستە کورد لەو ئەزموونەی تێپەڕی، سوودی وەرگرتبێت و بەرژەوەندی کەرکووکییەکان لەبەرژەوەندیی تەسك و حزبایەتی گەورەتر تەماشا بکات. ئەوەی ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگوزەرێت، ڕاستە لەلایەن هەندێ ئەندام پەرلەمان و لایەنێکەوە پشتگیری دەکرێت، بەڵام هەرگیز ئەوانە خەمخۆری کەرکووك و کەرکووکیەکان نین، چونکە ئەمڕۆ ئەوەی لە خوانە و گرنگە، ئەمەی ئێستایە کە داوا دەکات کورد کورسییەکی زیاتر بەدەست بهێنێت، نەك مقۆمقۆی دەنگ لێرە و لەوێ و گەڕانەوە بۆ هەمان خاڵی سفر، کە نەمانتوانی لە ڕابردوو وەکو پێویست ئیدارەی شارەکە بەڕێوە ببەین، لە کاتێکدا کورد حاکمی موتڵەق بوو، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بیری تەسك و بەرژەوەندی لایەنێك و هەڵپەڕاندنی هەندێ کاری ژێربەژێر، ئەوەش بوو بینیمان لەی ١٦ئۆکتۆبەر چ ڕووی دا». گوتیشی: «ئەوەی بۆ کەرکووکییەکان ئەمڕۆ گرنگە، سەنگی کەسانی دڵسۆزە، پێموایە ئەگەر بە جددی کاری تێدا بکەن، دۆخەکە لە بەرژەوەندیی کەرکووکییەکانە، لە لایەکی دیکەوە دەبێت کەرکووکیەکان ئارامی و ئاسوودەیی لە دەست نەدەن و نەکەونە ژێر هوتافاتی چەواشەکاری و پەسەندکردنی لایەنێك، دەبێت وەکو کوردێك دەنگ بە دڵسۆزانی خۆیان بدەن، ئەگینا ڕەنگە ئەمە دوایین گەمەی چارەنووسی کەرکووکیەکان بێت، لە داهاتووشدا نەوەکانمان هەرگیز لێمان خۆش نەبن».

مەریوان جەلال ڕەشید کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە بەرەبەیانێکی درەنگی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٢٧ دوای گفتوگۆیەکی زۆر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی پەسەند کرد، دەتوانین بڵێین ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکێك لە باشترین و پڕبایەخترین کۆبوونەوەکانی ئەنجام دا، ئەویش بە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی د. شاخەوان جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و کوتلەی پارتیمان، کە توانییان دەسکتەوتی باش بە دەست بێنن، بەتایبەت بۆ شاری کەرکووك کە چەندین جارە ئەم شارە لە هەڵبژارنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بێبەش دەکرێت. جێی دڵخۆشییە کە توانرا ئەم بەربەستە بشکێندرێت و جارێکی دی وەکو تەواوی شارەکانی عێراق، کەرکووکییەکانیش بەشداریی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بکەن بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، هەڵبەت جگە لەم دەستکەوتە چەندین خاڵ گرنگ و دەرچوواندنی یاسای دیکە هەن، لەوانە:

- ڕەتکردنەوە ماددەی ٣٥ی یاسای پێشوو کە

پێشتر هەندێك تایبەتمەندی دابوو بە کەرکووك و بەربەستی دروست کردبوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووك و، ڕێگەی نەدەدا هەڵبژاردن لە شاری کەرکووك ئەنجام بدرێت.

- هەوڵێکی زۆر هەبوو کە هەڵبژاردن لە شاری کەرکووك ئەنجام نەدرێت، بەڵام خۆشبەختانە هەوڵەکانیان زیندەبەچاڵ کران و بڕیار درا هەڵبژاردن لە یەك کاتدا لە کەرکووك و سەرجەم پارێزگاکانی عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان) ئەنجام بدرێت.
- یەکێکی دی لە دەستکەوتەکان ئەوە بوو سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ کرایە بنەما بۆ دیاریکردنی دانیشتووانی کەرکووك کە لەو سەرژمێرییەدا گەلی کورد زۆرینەی شارەکە پێکهێنابوو، دەتوانین بڵێین باشرین و پاکژترین سەرژمێرییە لە مێژووی عێراقدا هەروەها شارۆچکەی (سەرگەڕان)یش خرایەوە سەر شاری کەرکووك بۆ دەنگدان.
- ئەو هاوردانەی لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا هاوردەی شاری کەرکووك کراون، مافی دەنگدانیان نابێت، کە ئەمە کاریگەریی زۆری دەبێت و خاڵێکی گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هاووڵاتییە کوردانەی مامەڵەی ماددەی ١٤٠یان کردووە، جا (مامەڵەکەیان تەواو بوویێت، یان نا) مافی دەنگدانیان دەبێت.
- بابەتی دابەشکاریی ٣٢ بە ٣٢ کۆتایی هات و چیدی کاری پێ ناکرێت و نابێتە بنەما بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و پۆست و بۆ هیچ بابەتێك».

نووسەر و چاودێری سیاسی ڕێبوار حەمەلاو شوانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خەونی ناحەزانی کەرکووك نەهاتەدی، هەوڵێکی زۆر هەبوو بە ئەوەی نەهێڵن ئاوارەکانی شنگال لە دەرەوەی شەنگال دەنگ بدەن و پابەند بکرێن بەوەی بگەڕێنەوە شنگال دەنگ بدەن، بۆ ئەوەی نەتوانن دەنگ بدەن و دەنگەکانیان بفەوتێت، بە گومانی ئەوەی شنگال حەشد و pkk داگیریان کردووە و خەڵکی شنگال بەو شێوەیە ناتوانن بگەڕێنەوە، بەڵام توانرا تایبەتمەندی بدرێت بە ئاوارەکانی شنگال بە شێوەیەك کە لە ئاوارەیی و لە کەمپەکان، یان دەرەوەی کەمپەکان دەتوانن دەنگی خۆیان بدەن». هاوکات دەڵێت: «لەسەر کۆتای کریستیان و کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان (دهۆك و هەولێر )، گرنگ بوو کە بکرێت بە یەك بازنە و تەواوی ناوچەکانی عێراقیش بکرێت بە یەك بازنە، واتە کۆتاکانی دیکەی عێراق کاریگەرییان لەسەر هەرێم نابێت، ئەوەش زۆر گرنگ بوو. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە دەسەڵات لە سەرۆك وەزیران سەندرایەوە کە بتوانێت هەڵبژارن لە شاری کەرکووك دوا بخات و بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکاری بێنن، بۆیە بەگشتی بابەتگەلێکی زۆر تاوتۆی کرا و سەرجەمیان گرنگیی زۆریان هەبوو. دەکرێ بوترێ یاساکە بۆ کەرکووك و کەرکووکییەکان دەستکەوت و پڕ بەرهەمە و جێگای ڕەزامەندیی خەڵکی شارەکەیە کە پاش خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەو ئاساییبوونەوەی شارەکە».

هاوکات گوتی:» گۆڕینی شوناسی کوردستانیبوونی کەرکووك ئەستەمە، پێش و لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ساختە بە ناوی عێراق بارودۆخی کەرکووك لە دۆخێکدا بووە، تا ئێستاش بەردەوام کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ گەلی کوردی تێدا بووە، بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی سەردەم، ئەم پێکچڕانە لە ئاستە سیاسییەکەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی کەمتر لەم ئاستە ڕووی داوە. هەروەها لە ڕووی موڵك و سامانیشەوە بەردەوام هەوڵی زەوتکردن و گۆڕینی شوناسی کوردستانیبوونی و ڕەسەنایەتیی شارەکە دراوە، بۆیە ئەم تێگەیشتنە بۆ شوناسی کەرکووك بووە کە خاوەنی سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی بووە لەو سەردەمەدا، دوای پێکەوەتێکەڵکردنی ئەم نەتەوانە لە عێراقدا کەرکووك کەوتە ژێر فەرمانڕەوای عەرەبیی عێراقی کە بەردەوام هەوڵی ڕاگواستن و گۆڕینی شوناسیی کەرکووکیان داوە، بۆ کردنە بەشێك لە ئوممەی عەرەبی، بە پێچەوانەی پان-تورکی ئەم پرۆسەیەی گواستەوە بۆ قۆناغی سڕینەوەی تورکمان لە کەرکووك و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ناوی شوێنەکان وەك کەرکووك بۆ (تامیم) و ناوی گەڕەك و ناوچەکان بۆ عەرەبی و دەرکردنی کورد و پاشان هێنانی عەرەب بۆ شوێنەکانیان. ئەم دیمۆگرافیا گۆڕینە زۆر مەترسی بوو بۆ شاری کەرکووك، بەڵام لە ٢٠٠٣ ڕاوەستا، بە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی بەعسییەکان، دەسەڵاتی کوردیش لە دوای پرۆسەی ئازادیی بۆ عێراق تا ڕاددەیەکی باش حوکمڕانیی کەرکووك بوو، بەڵام لە پرۆسەیەکی جیاواز هەوڵ بۆ هەمان ڕێگەکان بۆ گۆڕینی شوناسی کەرکووك درا، بە تایبەت لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە پاساویی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و هەوڵی شۆڤێنییەکانیش بەردەوامە بۆ خەونی لاوازکردن و سڕینەوەی مۆرکی کوردبوون و کوردستانیبوونی ئەم شارە.»

هەوڵێکی زۆر هەبوو کە هەڵبژاردن لە شاری کەرکووک ئەنجام نەدرێت، بەڵام خۆشبەختانە هەوڵەکانیان زیندەبەچاڵ کران و بڕیار درا هەڵبژاردن لە یەک کاتدا لە کەرکووک و سەرجەم پارێزگاکانی عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان) ئەنجام بدرێت

یەکێکی دی لە دەستکەوتەکان ئەوە بوو سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ کرایە بنەما بۆ دیاریکردنی دانیشتووانی کەرکووک کە لەو سەرژمێرییەدا گەلی کورد زۆرینەی شارەکە پێکهێنابوو

هەوڵێکی زۆر هەبوو بە ئەوەی نەهێڵن ئاوارەکانی شنگال لە دەرەوەی شەنگال دەنگ بدەن و پابەند بکرێن بەوەی بگەڕێنەوە شنگال دەنگ بدەن، بۆ ئەوەی نەتوانن دەنگ بدەن و دەنگەکانیان بفەوتێت

سەنار سەفین:

# ئاواتم ئەوەیە وەک کچە کوردێک براندێکی کوردی و جیهانیم هەبێت



سەرەڕای بەرجەستەبوونی نەریتێکی سواو و کەلتووری پیاوسالاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، بەڵام ئافرەت بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام هەموو ئەو بەربەستانەی شکاند کە دابونەریت دروستی کردبوون، ئەمڕۆش کچانی کورد دوای تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە، توانا و بەهرەکانیان لە بواری کاری ئازاد خستووەتەگەڕ و خاوەن کار و داهاتی سەربەخۆی خۆیانن.

سەنار سەفین کچە گەنجێکی دەسترەنگینی شارە جوانەکەی کۆیەیە و لە ئێستادا بە ئۆنلاین کەلوپەلەکانی دەفرۆشێت، وەك خۆی باسی دەکات، تاوەکو ئێستا لە هەلی دامەزراندن لە کەرتی حکومەت سوودمەند نەبووە، بەڵام توانیویەتی لە گۆڕەپانی کار و دەستخستنی بژێوی ژیان بوونی خۆی بسەلمێنێت و سەربەرزانە خاوەنی براند و داهاتی خۆی بێت، بەمجۆرەش باس لە براندەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەنار سەفین، تەمەنی ٢٢ ساڵە و دەرچووی بەشی زانستی کیمیایە و دانیشتووی شاری کۆیەیە، خاوەنی براندی تایبەت بە خۆیەتی و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هەمیشە پشتی بە خۆی بەستووە، ئەوەش وای کردووە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتوو بێت. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بێ ئەوەی چاوەڕوانی یارمەتی لە دەستی کەس بکەم، پشتم بە هێز و توانای خۆم بەستووە و کار دەکەم، خودی بەڕێوەبەر و دامەزرێنەر و خاوەن بیرۆکە و دیزاینەر و دروستکەری براندەکەش هەر خۆمم، بیرۆکەی کارەکەم بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە لە زانکۆ بووم، بۆ یەکەم جار وەك حەز و خولیایەك جانتام بۆخۆم دەچنی، ئیتر هاوڕێکانم زۆر هانیان دام و گوتیان کارەکانت جوانن و پێویستە بە خەڵکی ئاشنا بکرێن، ئینجا پەیجێکم دانا لە ئینستاگرام و بەرهەمەکانم تیایدا بڵاو دەکردەوە و بڕیارم دا کارەکەم بکەم بە براندێکی کوردی، چونکە کورد زۆر پێویستی بە بەرهەمی ناوخۆیی هەیە، خەڵك بەردەوام کەلوپەلە ئامادەکراوەکانی بازاڕ بەکار دەهێنن، کە وەك هەموو شتێکی وڵاتانی دەرەوەن و بەرهەمی خۆماڵییش زۆر جار لەوان کەمتر نییە».

سەنار سەفین سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی حەز و خولیای بۆ چنین و کاری دەستی گوتی: «چنین خولیای منداڵیمە، لە ناوچەکە بە دروستکردنی جانتای چنراو ناسراوم. جیاوازیی کارەکانی من لەوەدایە کە هەرشتێك دروست بکەم یان بە فیکرە و بیرۆکەی خۆم دەیکەم، یان فیکرەی خۆمی تێکەڵ دەکەم، واتە شتی کۆپی دروست ناکەمەوە، بەڵکو تێهەڵکێشی دەکەم، بۆ زستانی ئەمساڵیش کۆلێکشنی چاکەتی چنراوم دروست کرد، کە خواستێکی زۆری لەسەر بوو لەلایەن کڕیارەکانەوە و زۆریان بەدڵ بوو، کەلوپەلەکانم بریتین لە جانتای چنراو، چاکەتی چنراو، مەدالیا، ئێکسسواراتی چنراوی خانمان، نوێترین کۆلێکشنیشم چەپکە گوڵی چنراوە، هەروەها ملپێچ و کڵاوی چنراویش لەگەڵ جانتای مورووی. ئەو کارانەشم هێشتا بۆمن سەرەتایە و تەنیا لەشمان ساغ بێت، پشت بەخوای گەورە کاری زۆر هەیە بۆ کردن.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا کێ هاندەر و پاڵپشتی کردیت و لە راپەڕاندنی کارەکانت کێ هاوکارتە گوتی: «دایکم زۆر یارمەتیدەرم و هاوکاریم دەکات، خێزانەکەم بەگشتی هاندەر و پاڵپشتی منن لە ڕووی ماددی و مەعنەوی زۆر پشتگیرییان کردووم. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆر جار رووبەڕووی رەخنە دەبمەوە و پێم دەڵێن تۆ دەرچووی بەشی زانستی کیمیای چ کارێکت بە کاری دەستی هەیە، لێرەوە دەمەوێ بە هەموو ئەو کەسانە بڵێم من کە لەو بەشە وەرگیرام، بەشەکەم بە دڵ نەبوو، بەهرەی خۆمم لە کارە دەستییەکانم دەبینمەوە و دەمەوێ داهێنانێکی تازە لە کارەکانمدا رەنگ بداتەوە، لە داهاتوودا دەمەوێ چەند کۆلێکشنێکی نوێ وەك ئێکسسوارات و پێڵاو و چەند بەشێکی دی بۆ براندەکەم زیاد بکەم و دەمەوێ هەلی کار بۆ خانمانی دەستڕەنگین بڕەخسێنم و بیکەم بە براندێکی جیهانی، هەروەها لە بەرنامەمدا هەیە کە خولی ئۆنلاین بکەمەوە بۆ ئەو خانمانەی کە خولیای کاری دەستییان هەیە.»

ئەو خاتوونە پەنجەڕەنگینە جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە «بزاڤی کارکردنی خانمانی کورد رێچکەیەکی دیاری گرتووە و لە ئێستادا بە خۆشحاڵییەوە دۆخی ئافرەتان لەبواری کارکردندا زۆر باشتر بووە لەچاو رابردوو، خانمان هەنگاوێکی گەورەیان هەڵگرتووە، ئافرەتانی کورد لە گشت کاروبارێك هەموویان دەستڕەنگین و لێهاتوون».

سەنار سەفین لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «ئاواتم ئەوەیە وەك کچە کوردێك کارەکەم بکەم و براندێکی کوردی و جیهانیم هەبێت، دەمەوێ هەموو جیهان بزانن کە کوردیش خاوەن بەرهەمی خۆماڵی خۆیانن، داواکارم خەڵکی زیاتر پشت بە بەرهەمە دەستییەکانی خۆمان و بەرهەمی خۆمان ببەستن، دەخوازم لە داهاتوودا بتوانم هەلی کار بۆ گەنجان بڕەخسێنم و یارمەتیدەریان بم لە دەستپێکردنی کارەکانیان بە شێوەیەکی گشتی».

**بێ ئەوەی چاوەڕوانی یارمەتی لە دەستی کەس بکەم، پشتم بە هێز و توانای خۆم بەستووە و کار دەکەم**

**دامەزرێنەر و خاوەن بیرۆکە و دیزاینەر و دروستکەری براندەکەش هەر خۆمم**

**بڕیارم دا کارەکەم بکەم بە براندێکی کوردی، چونکە کورد زۆر پێویستی بە بەرهەمی ناوخۆیی هەیە**

**خێزانەکەم بەگشتی هاندەر و پاڵپشتی منن لە ڕووی ماددی و مەعنەوی زۆر پشتگیرییان کردووم**



## شەنگە هاوار کاکەیی:

# توندوتیژیی وەکو نەخۆشیی شێرپەنجە بێدەنگە و بە هێمنی لە تەشەنەدایە و ڕۆح و ناخی تاک هەڵدەکۆڵێت

شەنگە هاوار کاکەیی بەرپرسی یەکەی یەکسانیی جێندەری لە وەزارەتی ناوخۆ، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە یاسای گشتی، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گولان باس لەو خزمەتانە دەکات کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی پێشکەشی خانمانی کردووە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هاتنە کایەی یاسای مۆدێرن بۆ پاراستنی شکۆی ئافرەت و هاندانی بە بەشدارییپێکردنێکی کارا لە کۆمەڵگە و لە تێکڕای کایەکان دریغی نەکردووە.

گولان: کۆمەڵایەتی

*** ئایا یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی تا چەند توندوتۆڵیی خێزان و پەیوەندیی تاکەکانی لەبەر چاو گرتووە؟**

_ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، یەکێکە لە یاسا گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و ئامانجی هاتنەکایەی ئەم یاسایە بۆ سنووردارکردنی توندوتیژییەکانە کە لە نێو کۆمەڵگەکەمان بەرپایە، توندوتیژیی خێزانی وەکو نەخۆشیی شێرپەنجە بێدەنگە و بە هێمنی لە تەشەنەیە و ڕۆح و ناخی تاك هەڵدەکۆڵێت، تا وای لێ دێت، گیرۆدەییەکان دەگاتە ترۆپك و وەکو بورکان هەڵدەتۆقێن، بە واتا ئامانجی ئەم یاسایە بۆ گێڕانەوەی ئاسوودەیی خێزانە و هەڵوەستەیەکی بەرەنگارییە و بەرگێکی ئومێدە بۆ ئەمڕۆ و بۆ ئایندەمان و بۆ ئەوەی نەوەکانی دوارۆژ، کاتێك کە بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەنەوە، لانەی ئارامی خۆیان لە هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان بپارێزن و لەسەر بنەمایەکی تەندروست داهاتویان بنیاد بنێن و، لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییەکانیان بتوانن ماڵێکی ئارام بونیاد بنێنن و بەو پەڕی موحیبەت و سۆز لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت بکەن، بۆ ئەوەیە پێمان بڵێ داهاتووتان لە ئەمڕۆ جوانترە.

لێرەدا بۆ قوڵبوونەوە لە کرۆکی بابەتی توندوتیژیی خێزانی دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی بنەچەی توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا چییە، کە زۆر بە ڕوونی لە مادەی ١ بڕگەی ٣ ی یاساکەدا، پێناسەی توندوتیژیی خێزانی کردووە: کە توندوتیژیی خێزانی هەموو کردارێك، یان وتەیەك، یان هەڕەشەلێکردنێك لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندیی خێزانیدا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری، یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیاد نرابێت و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە، ئەشێ لەباری جەستەیی و جنسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنێت و ماف و ئازادییان لەدەست بدات. بە واتا ئەم یاساییە بۆ ئەوە هاتووە هەموو نادادییەکان دەستنیشان بکات لە ڕوانگەیەکی ئینسانی و لە قاڵبێکی یاسایی بیانخاتەڕوو.

*** تا چەند ئەم یاسایە توندوتۆڵیی خێزانی پاراستووە؟**

- ئەم یاسایە وەکو بەرگریکارێك لە مافی مرۆڤ هاتووتە کایەوە، نەك تەنیا بۆ ئاسوودەیی ژن، بگرە بۆ تەواوی ئەندامانی خێزانە، بۆ پیاو و ژن و منداڵ و بەرەنگاری لە زۆربەی توندوتیژی دەروونی جەستەیی دەکات. ئەم یاسایە لە دە مادده پێکهاتووە، هەر ماددەیەکی دونیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە لە ماددەی دوودا ئاماژە بە جۆرەکانی توندوتیژی دەکات، کە دەچێتە پاڵ پێشێلکاریی یاسایی لە هەرێمی کوردستان، کە تێکرای خاڵەکان گیرۆدە کەلتوورییەکانن، وەکو (هاوسەرگیری بەزۆر، هاوسەرگیریی ژن بەژن (زواج شغار) و بەشوودانی منداڵ، بەشوودان لەبری خوێن، لێکجیاکردنەوەی بە زۆر (الطلاق بالاکراه)، بڕینی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، مێرد بە زۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشتی و کاری داوێنپیسی بکات، خەتەنەکردنی مێینە، ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەرایەتی بە نارەزایی خۆیان، ناچارکردنی منداڵ بۆ سواڵکردن و وازهێنان لە خوێندن، خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژیی خێزانی، لەباربردن لە ئەنجامی توندوتیژیی خێزان، لێدانی تاکەکانی خێزان بە هەر بیانوویەك، سووکایەتی پێکردن و جنێودان و جنێودان بە کەسوکاری، بە کەم سەیرکردنی و ئازاردانی و گوشاری دەروونی و بە زۆر سەرجێیکردن و پێشێلکردنی مافەکانی.

*** ئەو خزمەتانە چین کەوا یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی بە شێوەیەکی گشتی پێشکەشی ئافرەتانی کردووە؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان، جۆرەها خزمەتگوزاریی دەروونی و لۆجستی بە قوربانییانی توندوتیژی پێشکەش دەکات. نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەر لە زاخۆ تا خانەقین بوونیان هەیە، واتە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و قەزا و ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەی توندوتیژی هەن، تەنانەت لەناو کەمپی ئاوارەکانیش ئۆفیسی تایبەتمەند بۆ بەرەنگاریی توندوتیژی دامەزراوە، ئەوە بەو مانایە کە هەنگاوی باش بۆ پاراستنی خێزان نراوە.

مانگانە پێشێلکارییەکان بە تۆمار دێتە بەڕێوەبەرایەتیی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە ڕێگای سێکجولێکەوە کە وەزارەتی ناوخۆ سەپەرشتی دەکات،(کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسووتاندن، سکاڵای سێکسی و سکاڵای دیکە) ئەمە وەکو ئامار، هەروەها

**بەڕێوەبەرایەتیی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان، جۆرەها خزمەتگوزاریی دەروونی و لۆجستی بە قوربانییانی توندوتیژی پێشکەش دەکات**

**لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و قەزا و ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەی توندوتیژی هەن، تەنانەت لەناو کەمپی ئاوارەکانیش ئۆفیسی تایبەتمەند بۆ بەرەنگاریی توندوتیژی دامەزراوە**

**مانگانە پێشێلکارییەکان بە تۆمار دێتە بەڕێوەبەرایەتیی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە ڕێگای سێکجولێکەوە کە وەزارەتی ناوخۆ سەپەرشتی دەکات**

**هێڵی گەرم بە ژمارەی ١١٩ کارایە و لە نێو هەموو نووسینگەکانیشدا کۆمەڵناس و دەروونناس بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دەروونی بۆ قوربانیی توندوتیژی دامەزراون**

**پێناسەی جێندەر لە کەرتی میری، بە واتای یەکسانبوونی مرۆڤە جیاواز لە ڕەگەز، واتە دەتوانین بڵێین سیاسەتی یەکسانی لە پێناسەی جێندەر، تەنیا کەتەلۆگێکی ئینسانییە و هیچی دیکە نییە**

**هەر بەرپرسێکی جێندەری لە وەزارەتەکان کەتەلۆگێکی بەردەستە بۆ کارکردن و لای ڕوونە خاڵبەندیی ئەم بەرنامەیە، یەک خاڵی تیا نییە، کە هانی هاوسەرگیریی هاوڕەگەزخوازی بدات**

هێڵی گەرم بە ژمارەی ١١٩ کارایە و لە نێو هەموو نووسینگەکانیشدا کۆمەڵناس و دەروونناس بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دەروونی بۆ قوربانیی توندوتیژی دامەزراون. بەپێی هەمان یاساش لە ماددەی یەکەم بڕگەی چوارەم ئاماژەی بە دادگای تایبەتمەند داوە، کە دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانییە و ئەم دادگایە تایبەتە بە کەیسەکانی توندوتیژی کە ئامانجی بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە خێزانییەکانی هاوسەرانە پێش جیابوونەوەیان.

*** چەمکی جێندەر چۆن پێناسە دەکەن و ئەم چەمکە لە کوێی مافەکانی ئافرەتدایە؟ ئایا ئەو بۆچوونانەی لەسەر جەندەر لەلایەن هەندێك حزبی ئیسلامییەوە ئاراستە دەکرێن، لەجێی خۆیەتی، یان هەڵەیەك لە چەمکەکەدا هەیە؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لە زۆربەی ئەو بابەتانەی کەوا دەیانخەمەڕوو لە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکان، حەز دەکەم وەکو نووسەرێك سەرنجەکانم بخەمەڕوو، تەنیا لە پرسی جێندەر نەبێت، حەز دەکەم وەك فەرمانبەرێك وەڵام بدەمەوە کە پابەندم بە یاسای وەزارەتەکەم و بەرپرسی یەکەی یەکسانیی جێندەریم وەرگرتووە. ئاشکرایە هەر دامەزراوەیەکی حکوومی پابەندە بە میکانیزمی کارکردن و سیاسەتێکی باڵاتر کە سیاسەتی کەرتی میرییە، پێناسەی جێندەر لەو چوارچێوەیەدا خۆشبەختانە پێناسەیەکی خۆماڵی پێ دراوە کە هەڵقوڵای دابونەریتی کۆمەڵگەکەمانە، بە واتا کوردێندراوە.

پێناسەی جێندەر لە کەرتی میری، بە واتای یەکسانبوونی مرۆڤە جیاواز لە ڕەگەز، واتە دەتوانین بڵێین سیاسەتی یەکسانی لە پێناسەی جێندەر، تەنیا کەتەلۆگێکی ئینسانییە و هیچی دیکە نییە. ئەوەی بەرچاوروونە مەلەفی جێندەر یەکێکە لە مەلەفە گرنگەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو سیاسەتە بە ستراتیژ و لە ساڵی ٢٠١٦ کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن بە کردنەوەی یەکەی یەکسانیی جێندەر، لە سەرجەم وەزارەتەکان و لە بەرنامەسازیی دەوڵەتدا بە ١٣ خاڵی جەوهەری قەتیس کراوە، بۆیە هەر بەرپرسێکی جێندەری لە وەزارەتەکان کەتەلۆگێکی بەردەستە بۆ کارکردن و لای ڕوونە خاڵبەندیی ئەم بەرنامەیە، یەك خاڵی تیا نییە، کە هانی هاوسەرگیریی هاوڕەگەزخوازی بدات، حکومەتیش کە دەسەڵاتی جێبەجێکارە، تا ئێستا هیچ پڕۆژە یاسایەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان نەکردووە کە دەسەڵاتی تەشریعییە بۆ برەودان بە هاوسەرگیرییەکی ناسرووشتی بڕیاری لەسەر بدات، تا دەنگی نارەزایەتییەکان ئەوەندە بەرز بێت. پێم وایە هەڵەتێگەیشتنێك هەیە لای تاکی ئاسایی، چونکە ئیسلامی سیاسی سەرکەوتوو بوون لە شێواندنی مەدلوولەکە بە قیزەوەنکردنی وشەی جێندەر کە ئەمرۆ فۆبیایەکە و هزری تاکی ئاسایی داگیر کردووە، ئەمەش نیعمەتەکانی دونیای دیموکراسییە. بۆ بەرچاوڕوونی ئەرکەکانی یەکەکانی یەکسانیی جێندەری لە وەزارەتەکان دەخەمەڕوو، وەکو لە ستراتیژی نیشتمانیدا لە ١٣ خاڵدا هاتووە :

١/ بەشدارپێکردن لە دارشتنی سیاسەتی گشتیی وەزارەتدا تاوەکو ڕەهەندی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی (ژن و پیاو) بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە سیاسەتی وەزارەتدا ڕەنگ بداتەوە.

٢/ بەشداری لە دارشتنی بودجە و چاودێری و خەرجکردنی دەکات و هەوڵ دەدات سیاسەتی بودجە مەسەلەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لەبەر چاو بگرێت.

٣/ ئاگاداربوون لە سەرجەم بڕیار و ڕاسپاردەکانی وەزارەت تاوەکو زامنی بەرژەوەندییەکانی ژنان و پیاوان بە هاوتایی بکات.

٤/ بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانماندا بەرنامەی خولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتەکە دادەڕێژێت.

٥/ دەستنیشانی کەموکورتییەکانی بەرنامە و سیاسەتی وەزارەت لەو بوارەدا دەکات و ئەلتەرناتیڤی بۆ دادەنێت.

٦/ بەدواداچوون دەکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە سەرجەم فەرمانگە و بەشەکانی.

٧ / بەرنامەی ساڵانەی کاری یەکەکە دادەڕێژێت.

٨/ نوێنەرایەتیی وەزارەتەکەی دەکات لە چالاکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

٩/ دیراسە و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی باشترکردنی مەسەلەکانی ژنان لە سنووری کار و تایبەتمەندیی وەزارەتەکەیدا ئەنجام دەدات.

١٠/ بەشداری لە دانانی بەرنامەی ڕاهێنان (تدریب و تاهیل)ی وەزارەتدا تاوەکو ڕەهەندی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لەبەر چاو بگرێت، هەروەها چاودێریی جێبەجێکردنی بکات.

١١/. چاودێری باڵانسی جۆری کۆمەڵایەتی لە دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران دەکات.

١٢/ کاردەکات بۆ بەشدارییپێکردنی ژنان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە سەرجەم وەفدەکانی وەزارەت بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵات .

١٣/ کار دەکات بۆ ئەوەی کار و پرۆژە و خزمەتگوزارییەکانی وەزارەت ڕەچاوی بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی ژنان و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان بکات.

*** وێڕای بوونی یاسای باش و هەوڵەکانی حکومەت بۆ پاراستنی شکۆی ئافرەت، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ بەشدارییپێکردنی ئافرەت لە تێکرای کایەکان بەتایبەت کایەی سیاسی بەپێی پیویست نییە ئایا ئەمە چۆن چارەسەر دەبێت؟**

- زۆر ڕاستە حکومەت، لە هاتنە کایەی یاسای مۆدێرن بۆ پاراستنی شکۆی ئافرەت و هاندانی بە بەشدارییپێکردنێکی کارا لە کۆمەڵگە و لە تێکڕای کایەکان درێغی نەکردووە، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ ڕێژەکە کە لە ئاستی تموحدا نییە، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوە ڕێژەیە نەگۆڕە و تەواو، یان تا هەتا هەتایە ڕێڕەوی بە یەك ئاراستەی چەقبەستوو بووە، بەتایبەت ئێستا کە ئافرەت زیاتر وشیارە بە مافەکانی هەوڵ دەدات، تەقەلاکانی بۆ پێگەیاندنی گەشەسەندنی هزری مەعریفی ئەکادیمیە، بەڵام پڕکردنەوەی پۆستی وەزیفی یان سیاسی، بە کەسی نەشیاو، لەسەر ئەساسی ڕێژەیی، ئەوە جارێکی دی گرفتی نەوعی دروست دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ئافرەتەکە خاوەن بڕیار نەبوو، کە وەکو چەپکە گوڵێك بۆ ڕازاندنەوەی مێزێك دابنرێت، تەنیا بۆ ئەوەی بڵێین پۆستەکە بە ئافرەت پڕ کراوەتەوە، ئەوە بوون و نەبوونی ئەو ئافرەتە وەکو یەك وایە، گرنگ ڕێژەکە نییە، گرنگ نەوعییەتە، چوونکە پڕکردنەوەی پۆست بە بێ لێهاتوویی ئافرەت، تەنیا زەرەرمەندییە، لەبەر ئەوەی خاوەن بڕیار نییە، پێم باشە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بێت، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە هەنگاوی گەشەسەندن و پێگەیاندنی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە و هەنگاوەکان بەردەوامن.

**حکومەتی میری، لە هاتنە کایەی یاسای مۆدێرن بۆ پاراستنی شکۆی ئافرەت و هاندانی بە بەشدارییپێکردنێکی کارا لە کۆمەڵگە و لە تێکڕای کایەکان درێغی نەکردووە**

**ئەگەر ئافرەتەکە خاوەن بڕیار نەبوو، کە وەکو چەپکە گوڵێک بۆ ڕازاندنەوەی مێزێک دابنرێت، تەنیا بۆ ئەوەی بڵێین پۆستەکە بە ئافرەت پڕ کراوەتەوە، ئەوە بوون و نەبوونی ئەو ئافرەتە وەکو یەک وایە**

# ستراني گوند و شار

**ڕیشەی گۆرانیی کوردی بۆ گوند دەگەڕێتەوە، هەر لەوێشەوە سەرچاوەی گرتووە. کوردستان نیشتیمانی کشتوکاڵە. بە گوتەی مێژووناس و ئەرکیۆلۆژستان، کۆنترین گوندی جیهان لە کوردستانە. تەمەنی نزیک بە (١٠) هەزار ساڵ بەر لە ئێستای گوند لە کوردستان، کولتوورێکی دەوڵەمەندی لە چەندین بواری هونەردا، بەرهەم هێناوە. مووزیك و گۆرانی یەکێکن لەو هونەرانەی زادەی گوندی کوردستانن. گۆرانی و مووزیکی گوندی کوردەواری هێندە فراوان و قووڵ و بەربڵاوە، بە چەشنێك زۆر بە قووڵی ئاوێتە بە هەست و نەست و ویژدانی مرۆڤی کوردستانی بووە.**

تاریق کارێزی

خەسڵەتی گۆرانیی گوند وایە، وابەستەی ژینگەی گوندەوارە. تەواوی ئەو دەقانەی ستران کە لە گوند هاتوونەتە بەرهەم، یان بە هزر و بیر و ئەندێشەی گوندەوە نووسراون، بە دڵنیاییەوە کەسێکی عاشق و سەوداسەر هەڵیبەستوون، دواتر کەوتوونەتە سەر زاری ئەم و ئەو. ئەمڕۆش ئەم جۆرە دەقە لە چوارچێوەی فۆلکلۆردا پێناسە دەکرێت، بەوەی موڵکی میللەتە. دەقی هەموو گۆرانی یان مەقام و بەستەیەکی گوند، گوزارشت لە ژینگەی گوند و توخم و ڕەگەزەکانی ژیانی لادێ دەکەن. گۆرانی و بەند و باڵۆرە، مەقام و حەیرانۆك و دەنگبێژی و. هتد، تێکڕا بە دەوری ژیانی دیهاتدا دەسووڕێنەوە. ستران چڕین بۆ مەبەست و بۆنەی هەمەچەشن بووە. دایك لایلایەی بۆ کۆرپە ساواکەی کردووە، شوان بە دەم دەنگی شمشاڵەوە بە بێری و یاری هەڵداوە، سەپان بەدەم دروێنەوە، گۆرانیی کار و بەرهەمی چڕیوە، شەیدا و عاشق، ئەڤینی خۆیان بە گۆرانی بۆ یاری دەربڕیوە. هەر چۆنێکی لە دەقی گۆرانیی گوند ورد ببینەوە، چاوەڕوان ناکرێت باسی دەرەوەی ژینگەی خۆی تێدا بکرێت. لۆژیك وا دەخوازێت و واقیع وەهای دەهێنێتە بەرهەم.

لە ڕووی مووزیکیشەوە، گۆرانیی گوند وابەستەی ژیانی سادە و خۆڕسکی لادێیە.





موزیکی گوند بە گوێرەی ژیانی گوندنشینان و جووڵەی ئازاد و نەبڕاوە، کاری بەردەوام و بێ ماندوو بوونی خەڵکی گوند، وای کردووە ئەم جۆرە موزیکە گەرم و گوڕ و سەرپێ بێت. پسپۆرانی بواری موزیك باشتر لە من دەتوانن خەسڵەتی موزیکی گوند باس بکەن، ئێمە هەر هێندە دەڵێین، موزیکی گوند سادە و هەست بزوێن و گەرمە.

گۆرانیی شار زادەی ژینگەی خۆیەتی. لە شاردا گۆرانی و موزیکی شاری لە دایك دەبێت. گۆرانیی شاریش، بە هەمان شێوەی گۆرانیی گوند، وابەستەی ژینگەی خۆیەتی. لە ڕووی دەق و موزیکەوە، گۆرانیی شار گوزارشت لە هەست و خولیای شارییان دەکات. ئەوە شارنشینە گۆرانیی شار و دەقی شاری دێنێتە بەرهەم. لەبەر ئەوەی شار لە وڵاتی ئێمەدا لە دۆخی دەڵەمە و مۆلەقدایە، هێشتا پایەکانی شاری تێدا نەچەسپیون، بۆیە لە بەرهەم هێنان و گەڵاڵە کردنی خەسڵەتەکانی شاردا، هێشتا ماویەتی. هونەر ڕۆحی پەنهانی شوێن و کاتە، هێشتا هەست و خولیا و حەزی ئێمە ئاوێتە بە ڕۆحی شار (وەك شوێن و کات) نەبووە، یاخود ڕۆحی شارمان تێدا نەڕواوە، بۆیە ماویەتی ستران و موزیکی شار لە وڵاتی ئێمەدا بێتە بەرهەم.

شار بە پێوەری ئەم سەردەمە وابەستەی چەندین هەلومەرجە. تۆڕێکی ئاڵۆزی کار و خزمەت و جووڵە، سیستەمێکی توند و بەر کۆنترۆڵ، چڕییەکی زۆری دانیشتووان و چڕی و بەربڵاوییەکی بێ سنووری پەیوەندی لە نێوان شارنشیناندا، ئەمانە بەشێکن لە سیماکانی شار. لە شاردا تەکنیك و تەکنۆلۆژیا بەسەر ستایلی ژیانی شارنشینانەوە باڵادەستە. ئەم بابەتانە و کۆمەڵێك توخمی دی، تابلۆی ژیانی شار دەکێشن، مرۆڤی شاری دەهێننە بەرهەم. ئەو مرۆڤەی هیچ ئەدگار و سیمای گوندنشینانی تێدا بەدی ناکرێت. لە ژینگەیەکی لەم چەشنەدا، دەق و موزیك و گۆرانیی شار دێتە بەرهەم.

بە دڵنیاییەوە، نەوەی ئێمە وەك چێژ و چەشە هێندەی گوندەوارین، نیو هێندە شاری نین. بۆ یەك تا دوو نەوەی دیکەی کوردستانیان، بە گوێرەی دەستەبەر بوونی هەلومەرجی ژیان و ژیانداریی شار لە شارەکانی کوردستاندا، مرۆڤی شاری، ساغ شاری لە کوردستان دروست دەبێت. هەنگین ئێمە دەق و موزیك و گۆرانیی شاریمان دەبن.

وێڕای ئەوەی گوتمان، گرنگە بڵێین گۆرانی بە مۆرکی شار، کەم تا زۆر لە هونەری گۆرانی و موزیکی کورددا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە بەشێکی گۆرانییەکانی مەزهەری خالقی و چەندین هونەرمەندی دیکەی کوردستان، دەکرێت وەك گۆرانیی شار پێناسە بکرێن، بەڵام هێشتا ئێمە لەوە دوورین کە بڵێین خاوەنی گۆرانیی شارین.







# یاسمین نەیار لە میسر بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێت

ئەستێرەی جەزائیری-سویسری یاسمین نایار، بانگەوازێکی ئاراستەی عەبدولفەتاح سیسیی سەرۆکی میسر و دەسەڵاتی دادوەری میسر کرد، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان دەربارەی ئەو دۆسیەیە ئاشکرا بکەن کە لەدژی ئەحمەد عزی میسری و هاوسەرەکەی تۆماری کردووە.

یاسەمین سەمیر سابریی پارێزەرە میسری ڕاسپاردووە بۆ بەدواداچوون بۆ بابەتەکە لە دادگاکانی میسر، بەڵام دوای ساڵێك لە داوای یاساییەکان هیچ ئەنجام و دەرەنجامێك دەرنەکەوت کە بتوانێت مافەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی تۆمەتبار ڕەتیکردەوە کە هیچ بەرژەوەندییەکی لە دۆسیەی دژی ئەودا هەبێت، و ئەویش لەوانە، وەك خۆی وتی، ناسنامەی خۆی پیشان دەدا.


یاسمین دووپاتی کردەوە کە هەموو ئەو بەڵگ و بەڵگەنامە و نامە و پەیوەندییە تەلەفۆنیانەی لەبەردەستدایە کە مافی خۆی دەسەلمێنن بۆ داواکردن لە دژی ئەحمەد عز وهاوسەرەکەی، هەروەها هەر کەسێك کە مافەکانی لێ دزیوە و زیانی مەعنەوی و ماددی پێگەیاندووە، ئاماژەی بەوەدا کە دۆسیەکە بە هیچ شێوەیەك داناخرێت تا ئەو کاتەی کە ئیرادەی بەردەوامبوونی هەبێت لە بەدواداچوونەکانی بۆ ڕێکارە یاساییەکان بۆ ئەوەی مافی خۆی لە ڕێگەی دەسەڵاتی دادوەری میسرەوە بسەلمێنێت، کە ڕێزی لێدەگرێت و پێزانینی هەیە و داوای دادپەروەری دەکات لەو کەیسەدا بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆی.

یاسمین لە کۆتاییدا وتی: من چاوەڕێی ئەوەم کە ڕاستیەکان ڕوون بکرێنەوە، بۆ ئەوەی کەسایەتی ئەو کەسە دەربخەم کە فێڵی لیکردم و دەستی بەسەر پارەکەمدا گرتووە، و دڵنیام کە دەزگا ئەمنییەکانی میسر و دەسەڵاتی دادوەری میسر توانای ئەوەیان راستییەکان روون بکەنەوە.



# پێنج تاڵەموو هۆکاری مردنی بیتهۆڤن ئاشکرا دەکات

زاناکان بە کەڵکوەرگرتن لە پێنج تاڵە مووی جینۆمی یەکێك لە گەورەترین ئاوازدانەرەکانی مێژوو (لودڤیگ ڤان بیتهۆڤن) دوای نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لە مردنی بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکك نزیك بوونەوە لە دەستکەوتنی زانیاردی زیاتر دەربارەی هۆکاری مردنی.



ئەم توێژینەوەدم تێگەیشتنێکی باشتریان پێ دەبەخشێت لە نەخۆشدی جگەر، کە بە هۆکاری مردنی دادەنرێت، بەڵام پەیوەندیی بە لە دەستدانی توانای بیستنییەوە نییە. توێژەران ڕایان گەیاند کە جینۆمی ئەو دەریخستووە کە ئاوازدانەرە ئەڵمانییەکە ئامادەیی بۆماوەیی هەبووە، بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی جگەر.

پشکنینی جەستەی دوای مردنی بیتهۆڤن لە ساڵی ١٨٢٧ لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا لە ڤیەنا، دەرکەوت کە تووشی نەخۆشیی لەناوچوونی جگەر بووە، ئەنجامە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چەندین هۆکار لە پشت نەخۆشییەکەیەوە هەن، وەك هۆکاری بۆماوەیی و تووشبوون بە ڤایرۆس.



# عابد فەهد هێرش دەکاتە سەر پاریس

ئەکتەری سووری (عابد فەهد) لە ڕێگەی هەژماری تایبەتی خۆیەوە لە تویتەر هێرشی کردە سەر یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و ئەستێرەکەی کلین مباپێ و، ڕایگەیاند کە ئەوان هیچ نین بەبێ بوونی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لیونێل مێسی، لە ڕیزەکانی یانەی پایتەختی فەرەنسا.

عابد فەهد لە تویتێکدا دەڵێت: «ئەو تیپانەی خۆشدەوێت کە یاریی بە کۆمەڵ پێشکەش دەکەن، بەڵام ئەم بابەتە پاریس سانجێرمان ناگرێتەوە، چونکە هەریەکەیان بە تەنیا یاری دەکەن، بەبێ ئەوەی یەکسانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەبێت، مێسی تاکە کەسە کە جیاوازی و گۆڵ لە تیپەکەدا دروست دەکات».

هەروەها دەڵێت: «بەبێ مێسی بوونی یانە پاریسییەکە و یاریزانەکەی کیلیان مباپێ هیچ مانایەکی نەدەبوو».

# کیسەڵەکانی بەهمەن قوبادی لە لیستی ٣٠ فیلمی بەرچاوی «دژی شەڕ»ی سینەمای جیهان

**فیلمی سینەمایی کوردیی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد بەهمەن قوبادی، لە پاڵ دەرهێنەرە ناودارەکانی سینەمای دنیا لە لیستی ٣٠ فیلمی بەرچاوی دژی شەڕی سینەمای جیهاندایە.**

■ مەنسوور جیهانی

فیلمی سینەمایی کوردیی کیسەڵەکانیش دەفڕن (Turtles Can Fly) لە دەرهێنانی سینەماکاری بەئەزموونی کورد بەهمەن قوبادی کە بە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە ئاستی دنیادا بەشداریی کردووە و، زیاتر لە ٥٠ خەڵاتی جیهانی بۆ کوردستان بەدەستهێناوە و یەکێکە لە پڕشانازیترین فیلمەکان لە مێژووی







سینەمای کوردستان و ئێراندا، بەم دواییانە لە لایەن ماڵپەڕی سینەمایی ستار لۆکاڵ میدیا (Star Local Media) لە لیستی ٣٠ فیلمی بەرچاوی دژی شەڕیی سینەمای جیهاندایە کە تیایدا ناوی کۆمەڵێك شاکاری دەرهێنەرە ناودارەکانی سینەمای دنیا بەرچاو دەکەوێت، لەوانە: (ئستانلی کوبریك، میلیش فۆرمەن، ترێنس مالیك، چارلی چاپلین، فرانسیس فۆرد کاپۆلا، ئۆلیوێر ئستۆن، پارك جان ووك، ئێرۆڵ مۆریس، ژان ڕێنوار) و.. هتد.

لە وتارێکدا کە لە لایەن کاترینا سیرۆتا (Katrina Sirotta) نووسەر و ڕەخنەگری سینەمایی لە ماڵپەڕی ستار لۆکاڵ میدیا (Star Local Media) بە مانشێتی ٣٠ فیلمی بەرچاوی دژی شەڕ (30great anti-war movies) نووسراوە، هاتووە: «ئستاکێر سەبارەت بە مێژووی ئەو فیلمانەی کە ناوەرۆك، شێواز و چۆنییەتی دەنگ یا هەستی زۆر قورسی دژی جەنگیان هەبێت، تۆژینەوەی کرد و ٣٠ فیلم لە باشترینەکانی جیهانی دەستنیشان کرد و گرینگیی ئەوتۆی پێ دان».

لە درێژەی ئەم وتارەدا نووسراوە: «چ فیلم گەلێك یارمەتیی بینەری داوە کە ئاکامەکانی شەڕ وەبیربێننەوە و بۆچی ئاشتی ئێستاش ئامانجێکی گرینگە، چونکە شەڕ بابەتێکی ناخۆشە و بەردەوام لە مێژوودا جێی باسە، ئەم ٣٠ فیلمەی کە هەڵبژێردراون لە شیکردنەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی تەنیا چەند مانگ دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، تا ڕەخنەی شەڕەکانی ئەم دواییانە و هەروەها بیرووبۆچوونە مۆدێرنەکان سەبارەت بە ڕووداوە مێژوویەکان لە خۆ دەگرن».

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی کاترینا سیرۆتادا هاتووە: «ئەم فیلمانە دەری دەخات کە چۆن دەرهێنەرەکان ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ کێشانی پەتەکانی دڵ و گەیاندنی پەیامەکانی خۆیان، بە کەڵکوەرگرتن لە درام بۆ بە وێنەکردنی نەهامەتییەکانی شەڕ یا تەنانەت هۆگرایەتی بە کۆمیك یا کۆمێدیایان دۆزیوەتەوە، ئەم لیستە ئەو چیرۆکە خەیاڵاوی، ئەو فیلمانەی کە لەسەر ڕووداوە ڕاستەقینەکان، بەڵگەفیلم، فیلمە ئەنیمەیشنییەکان و تەنانەت فیلمە موزیکییەکان لە خۆدەگرێت و، دەیسەلمێنێت کە ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ پێشکەشکردنی بابەتێکی بەهێز هەیە».

لە لیستی ٣٠ فیلمی بەرچاوی دژی شەڕیی سینەمای جیهان، کۆمەڵێك شاکاری دەرهێنەرە ناودارەکانی سینەمای دنیا تیایدا بەرچاو دەکەوێت، کە هەندێك لە داهێنەرەکانیان بریتین لە: (ئستانلی کوبریك، میلیش فۆرمەن، ترێنس مالیك، چارلی چاپلین، فرانسیس فۆرد کاپۆلا، ئۆلیوێر ئستۆن، پارك جان ووك، ئێرۆڵ مۆریس، ژان ڕێنوار، پیتێر وایێر، ئابێل گانس، تیێری جۆرج، مایکێل چیمینۆ، ئیسائۆ تاکاهاتا، ئلێم کلیمۆف، کۆن ئیچیکاوا، میخائیل کالاتازۆف، پیتێر دێیویس، پائۆل ویرهۆفێن، ڕۆبێرت ئاڵتمان، ئێدوارد بێرگێر) و.. هتد.



پەیڤین محەمەد:

گۆڵپارێزی فوتساڵی یانەی وەرزشیی سەید سادق

# بەداخەوە ئێستا فوتساڵ بەرەو نەمان دەڕوات و گرنگیی پێ نادرێت



یانەکانی سنوری هەڵەبجەی شەهید گرنگیی زۆر بە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشیی ئافرەتان دەدەن، یانەی وەرزشیی سەیدسادق یەکێکە لەو یانانەی کە گرینگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی دەدات لە خولەکانی کوردستان، لە قەزای سەید سادقیش گرنگیی زۆر بە وەرزشی ئافرەتان دەدرێت لە پاڵ پیاوان، چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکان، کچە یاریزانانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێت لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەوپێش ببەن، لە یاریی فوتساڵیش شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە، کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستێکی بەرزن، جگە لەوەی یاریزانی تیپی یانەی سەید سادقیشن، پەیڤین محەمەد یەکێکە لەو کچە یاریزانانەی کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان، کە وەکو یاریزان یاریی بۆ یانەکانی سەید سادق و سیروانی شارەزوور و ئەفرۆدێت و خورماڵ و دوکان و ئافرەتانی بەغدا کردووە، پەیڤین لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ قەزای سەید سادقە و ئێستاش لە خولی نایابی فوتساڵی کوردستان بەرگری لە تۆڕی یانەکەی دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد.

■ دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- حەز و خولیای منداڵیم بووە و توانیم بەدەستی بهێنم.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- لە ڕووی کۆمەڵگەوە بەڵێ، بەڵام هەوڵم داوە بەردەوام بم و نەبێتە بەربەست بۆم.

*** پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینیت؟**

- ئەم وەرزشە هەمیشە لە بەرەوپێشچووندایە، چونکە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوان هەم سەرقاڵی سەیرکردنین و هەم ئەنجامدانیشی.

*** هەست ناکەیت ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە لە شارەکان بە تایبەت بۆ کچان؟**

- لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پێشوازیی کەمی لێ کراوە، بەداخەوە ڕێگری زۆر دەکرێت بەرامبەر کچان.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پێشتر باش بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا فوتساڵ بەرەو نەمان دەڕوات و گرنگیی پێ نادەن.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- پێویستە هاوکاری و پاڵپشتیی ئافرەتان بکرێت بۆ ئەوەی بێنە ناو بوارەکە.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

-هەوڵ دەدەم لە خولەکانی دەرەوەی عێراق بەشداری بکەم، پشتیوان بە خودای گەورە لەم هەوڵەم بەردەوام دەبم.

*** گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکان؟**

- سوپاس بۆ خودای گەورە یانەکانی عێراقی و کوردستان و داوایان لێ کردووم یارییان بۆ بکەم.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینیت؟**

- تەنیا کۆمەڵگە، بەداخەوە.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- هیوادارم ببمە ئەستێرەیەکی دیاری وەرزش.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- سوپاس بۆ خودا خانەوادەکەم زۆر هاوکارم بوون بە تایبەت دایکم.

*** بۆچی یاریزانەکانی کوردستان زیاتر ڕوو لە یانەکانی بەغدا دەکەن بۆ یاریکردن؟**

-یانەکانی عێراقی پشتگیریی زیاتری یاریزانان دەکەن، بۆیە یاریزانان ڕوو لە یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی دەکەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆخزمەتی بەردەوامی وەرزشی ناوخۆ، سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هیلام بوون لەگەڵم، بۆ گەیشتنم بەو ئاستەی ئێستا.


# ئۆسمین بۆ فرۆشتن نییە

یانەی ناپۆلی ئیتاڵی دەیەوێت بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لە ڤیکتۆر ئۆسمێن هێرشبەری یانەکەی بکات، کە ئامانجی بەشێکی زۆری یانە گەورەکانی ئەوروپایە.
ئۆسمێن لەم وەرزە بە ئاستێکی بەرز دەرکەوتووە و ٢٥ گۆڵی لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان بۆ یانەی ناپۆلی تۆمارکردووە و گۆڵکاری خولی ئیتاڵیایە و رۆڵێکی گەورەی لە یەکلاکردنەوەی یارییەکان لە بەرژەوەندی یانەکەی هەبووە.
بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی لاگازێتا دێللۆ سپۆرتی ئیتاڵی، یاریزانە نەیجیرییەکە تاوەکو ئێستا دوو پاداشتی لە یانەی ناپۆلی وەرگرتووە، کە دەگاتە ١٣٠ هەزار یۆرۆ بۆ هەر یەکێکیان، ئەوەی یەکەمیان بۆ ئەوەی گەیشتە ٢٠ گۆڵ و ئەوەی دیکەشیان بۆ ئەوەی گەیشتە ٢٥ گۆڵ لەگەڵ یانەکە.
سەرچاوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر ئۆسمێن بگاتە گۆڵی ژمارە ٣٠ لەگەڵ ناپۆلی، ئەوا پاداشتێکی دیکەش بە ١٣٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت.
میدیای ئیتاڵیا دەڵێت: ناپۆلی ئەم پاداشتانە دەداتە ئۆسمێن بۆ ئەوەی زیاتر هانی بدات و رازی بکات بە مانەوە لە یانەکەدا.
ئۆسمێن بەهۆی ئەو ئاستەبەرزەی لەگەڵ ناپۆلی پێشکەشی دەکات، ئامانجی چەندین یانەی گەورەی ئەوروپایە، ناوی بە یانەکانی چێلسی، مانچستەر یۆنایتد، ریال مەدرید و چەند یانەیەکی دیکە بەستراوەتەوە، بەڵام ناپۆلی ئامادەنییە بە کەمتر لە ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری یاریزانەکە ببێت.
ئورێلیۆ دی لاورێنتس، سەرۆکی یانەی ناپۆلی دەڵێت:هەر کەسێک بیر لە گواستنەوەی ئۆسمێن دەکات، با ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ خۆی بهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ.
یاریزانەکە بەرامبەر ٧٥ ملیۆن یۆرۆ لە هاوینی رابردوو لە یانەی لیلی فەرەنسی چووەتە ناپۆلی، بەڵام هەر زوو خۆی لەگەڵ یەنەکە گونجاند و بووە ئەستێرەیەکی دیار لە تۆپی پێی ئیتاڵیادا.



# شەش یاریزان رۆڵیان لە دوورخستنەوەی ناگلیسمان هەبوو

شەش یاریزانی بایرن میونیخ خیانەتیان لە ناگلیسمان کردووە و رۆڵیان هەبووە لە دوورخستنەوەی ئەو راهێنەرە ئەڵمانییە.
رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی ئاشکرایکرد، شەش یاریزانی بایرن میونیخ کودەتایان لەسەر یولیان ناگلیسمان کردووە و رۆڵیان هەبووە لەوەی ناگلیسمان لە پۆستی راهێنەرایەتی بایرن میونیخ ئەڵمانی دوور بخرێتەوە.
رۆژنامە ئەڵمانییەکە ئاشکرایکردووە، هەریەکە لە (سێرجی گنابری، لیرۆی سانێ، سادیۆ مانێ، جواو کانسێلۆ، مانوێل نۆیەر، جەمال موسیالا) لەگەڵ مانەوەی ناگلیسمان نەبوون و لەلای دەستەی کارگێڕی یانە باڤارییەکە کودەتایان لەسەر راهێنەرەکەیان کردووە.
رۆژنامە ئەڵمانییەکە راشیگەیاندووە، تۆماس مۆلەر هاوڕێیەکی نزیکی ناگلیسمان بوو، کیمیچ و گۆرێتسکاش بە ئاشکرا دژی دوورخستنەوەی راهێنەرەکەیان بوون، بەڵام نۆیەر هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی لەگەڵ راهێنەرەکە تێکچوو، دوای ئەوەی راهێنەری گۆڵپارێزی یەنەکەیان دوورخستەوە و پەیوەندی نێوان نۆیەر و ناگلیسمان تێکچوو.
جۆلیان ناگلیسمانی تەمەن ٣٥ساڵ دوای ئەوەی لە هاوینی ٢٠٢١ روویکردە بایرن میونیخ، لەگەڵ ئەو یانەیە لە کۆی ٨٤ یاری، ٦٠ بردنەوە، ١٤ بەرامبەربوون و ١٠ شکستی تۆمارکردووە و یانەکەشی بۆ ئەم وەرزە گەیاندووەتە قۆناغی هەشتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.
ناگلیسمان لە کاروانی راهێنەرایەتی خۆی، نازناوێکی خولی ئەڵمانیا و ٢ نازناوی سووپەری ئەڵمانیای بۆ بایرن میونیخ بردەوە، نازناویکی خولی ئەڵمانیا بۆ تیپی خوار تەمەن ١٩ساڵانی بۆ یانەی هۆفینهایم بەدەستهێناوە.






# یانەیەکی تورکی هەوڵی بەدەستهێنانی هازارد دەدات

ئێدین هازارد، ئەستێرەی بەلژیکی و یاریزانی یانەی ریال مەدرید لە ماوەی رابردوو هیچ رۆڵێکی لە یانە ئیسپانییەکە پێنەدراوە و رۆیشتنیشی لە یانەکە تەنیا پەیوەندی بە کاتەوە هەیە.

کارلۆ ئەنچیلۆتی، گرنگی بەتواناکانی ئەو یاریزانە نادات و بەتەواوی پشتگوێی خستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هازارد نایەوێت تاکو کۆتایی گرێبەستەکەی بڕوات.

رۆژنامەی فۆتۆماک و فەنەتیکی تورکی دەڵێن: یانەی فەنەرباخچەی تورکی خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی گرێبەستێک بۆ گواستنەوەی ئەو یاریزانە پێشکەش بکات و لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا گرێبەستی لەگەڵ مۆربکات.

فەنەرباخچە لە زستانی رابردوودا هەوڵی گواستنەوەی یاریزانەکەی دەدا، رێککەوتنی لەگەڵ ریال مەدرید کردبوو، بەڵام هازارد رەتیکردەوە لە یانەکە بڕوات و لەسەر کورسی یەدەگ مایەوە.

راپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە یانە تورکییەکە هەنگاوەکانی دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی هازارد رازی بکات هەرچەند دەزانێت، کە یاریزانەکە نیازی بەجێهێشتنی یانەکەی نییە.

گرێبەستی هازارد لەگەڵ ریال مەدرید لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت، یاریزانەکە مووچەیەکی زۆر وەردەگرێت، کە دەگاتە ٤٦١ هەزار یۆرۆ لە هەفتەیەکدا و یاری ناکات ونرخی گواستنەوەی زۆر دابەزیوە و ئێستا تەنیا ٥ ملیۆن یۆرۆیە، یانەی ریال مەدریدیش دەیەوێت هەر چۆنێک بێت یاریزانەکە رازی بکات لە سانتیاگۆ بێرنابیۆ بچێتە دەرەوە.

هازارد لە ٢٠١٩ـەوە لە یانەی ریال مەدریدە، بەڵام تەنیا لە ٥١ یارییدا بەشدارییکردووە و تەنیا ٤ گۆڵی تۆمارکردووە، لە ماوەی چوار ساڵی یارییکردنیشی لە یانەکەدا بەشداری لە هیچ یارییەکی کلاسیکۆدا نەکردووە.





# یانەی سیمێل قەرزارە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سیمێل نوێنەری یانەکانی شاری دهۆکە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی ئەم وەرزە یانەکە بەنیازی ئەوە بوو کە یەکێك لە پلێتەکانی سەرکەوتن بۆ خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەڵام نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێت و، تەنیا مانەوەیان لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان مسۆگەر کرد، لە بارەی هۆکاری ئەنجامی تیپەکەش (بەهدین نایف) سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی سیمێل بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە سەرەتا لەگەڵ کاپتن محەمەد یوسف ڕێککەوتووین بۆ ڕاهێنەری، ماوەیەکیش لەگەڵ ئێمە بەردەوام بوو، بەڵام یاریزانەکان ئاسوودە نەبوون لەگەڵی، جگە لەوەش چەندین یاریزانی باشمان هێنا، لە دوای یاریی پیشەسازییش ناوبراو دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، ئێمەش بۆ شوێنی ئەو ستافی کارگێڕیی تیپەکەمان بەڕێوە برد و ئاست و ئەنجاممان زۆر باش بوو، یارییەکانیشمان هەمووی بەهێز بووە، سەبارەت بە خولی عێراقیش ناتوانین بەشداری بکەین بەهۆی گرفتی دارایی، تاکو ئێستاش ئێمە بە قەرز تیپەکە بەڕێوەدەبەین و زیاتر لە ٣٠هەزار دۆلار قەرزارین و لە سەر ئەو قەرزە بەردەوامین، بۆیە بەم شێوەیە ناتوانین بەشداری لە خولەکی دیکەش بکەین».

# کەس هاوکاریی یانەی چەمچەماڵ ناکات



## هەرێم بورهان: دەمەوێ ئێستا پشوو بدەم

یانەی وەرزشیی دەربەندیخان ئەم وەرزە بە سەرپەرشتی ڕاهێنەر (هەرێم بورهان) بەشداریی لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی کردەوە، لە کۆی ئەنجامدانی ٢١ یاری لە هەردوو قۆناغ، خاوەنی ٢٦ خاڵە، بەهۆی ئەنجامە خراپەکانیش ڕاهێنەری ناوبراو دەستی لە مەشقی یانەی دەربەندیخان کێشایەوە، کارگێڕیی یانەکەش لە شوێنی ئەو دکتۆر سەلاح محمودی وەکو ڕاهێنەری تازەی یانەکە دەستنیشان کرد بۆ ئەو یارییانەی ماویانە، لە بارەی هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەکە هەرێم بورهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەهۆی ئەنجامە خراپەکانەوە دەستم لە مەشقی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان کێشایەوە، لە قۆناغی یەکەمیش کە تەواو بوو، ئەنجامەکانمان باش بوو، دەستم لە مەشقی یانەکە کێشابووەوە، بەڵام ئیدارەی یانەکە ڕازی نەبوو و پێیان باش بوو کە من بەردەوام بم، لە دوای یاریی هەندرێنیش کە یەکسان بوون، ئەنجامان هەر باش بوو، کارگێڕیی یانەکە ڕازی نەبوون، بەڵام لە دوای یاریی سەیدسادق تاکلایانە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەم دا، ئەوانیش گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کە من سەرکەوتوو نابم لەگەڵیاندا، بە سوپاسەوە ئەوانیش ڕازی بوون بە دەستلەکارکێشانەوەم»، لە بارەی وەرگرتنی ئەرکی مەشقی یانەیەکی دیکە هەرێم بورهان گوتی:» لە ئێستادا هیچ یانەیەك لە بەرنامەی مندا نییە و دەمەوێت پشوو بدەم، چونکە لە ماوەی پێشوو زۆر ماندوو بووم لە هاتوچۆکردن لەگەڵ یانەی دەربەندیخان، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و ئێستا کاتی پشوومە، بۆ ئێستا هیچ بڕیارێکم نییە کە چی دەکەم».


تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی چەمچەماڵ ئەم وەرزە بە قۆناغێکی سەختی داراییدا تێپەڕ دەبێت، لە کۆی ئەنجامدانی ٢٢ یاری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، خاوەنی تەنیا ٢٤ خاڵە و لە خانەی ١٣هەمی ڕیزبەندی یانەکان دێت، لە ئێستادا سەرۆکی یانەکە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەکە و شوفێری پاسی یانەکەشی لە ئەستۆدایە و هیچ کەسێك خۆی لە یانەکە ناکاتە خاوەن، دۆخی داراییش هەندەی دی ئەرکی سەرۆکی یانەکەی قورستر کردووە، لەبارەی هۆکاری گرفتەکانیش ڕێبوار خدر سەرۆکی یانەی وەرزشیی چەمچەماڵ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکارەکان زۆرن، دیارە لە ڕووی حزبییەوە ئەم شارە بێ خاوەنە و هیچ کەسێك خۆی بە خاوەنی نازانێت تا لە ڕووی حزبییەوە وەکو یانەکانی دیکەی کوردستان هاوکارمان بێت و لە پشتمان بێت، وەك حکومەتیش وەزیری دارایی دوای هەشت ساڵ ٣٠ملیۆن دینار بە ئێمە بە ڕەوا دەبینێت، بۆ یانەکەی خۆشی ١٧٠تا ١٨٠ملیۆن دینار و بۆیانەکانی دیکەش پارەی باش وەردەگرێت»، سەبارەت بە نەبوونی ڕاهێنەریش گوتی: «ڕاهێنەرێکی وا دەست ناکەوێت کە پشتی پێ ببەسترێت، ئەو ڕاهێنەرانەی باشن پارەکەی بە ئێمە هەڵناسوڕێ، ڕاهێنەرەکانیش ناوێرن ببنە ڕاهێنەر، دەترسن سبەی ڕۆژ پارەشیان پێ نەدەن، بۆیە ئەوە بارودۆخی یانەی چەمچەماڵە کە تێدا گوزەر دەکەین».





# بەهای خۆراکیی ڕوبیان

ڕۆبیان Shrimp بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە و یەکێکە لە خۆراکە دەریاییە دەوڵەمەندەکان بە پرۆتین لەگەڵ کالۆریی کەم دا، هەروەها ڕێژەیەکی بەرزی ئۆمیگا٣ لەخۆدەگرێت لەگەڵ ڤیتامینەکانی B12، E و کانزاکانی سیلینیۆم، زینك، یۆد. سوودە تەندروستییەکانی ڕۆبیان: کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، هاندانی پەرەسەندنی دروستی مێشکی کۆرپە لەکاتی دووگیانیدا، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی ئەلزهایمەر، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، هەروەها ڕۆبیان ماددە دژەئۆکسانی ئەستازانتین Astaxanthin لەخۆدەگرێت، کە ڕەنگێکی سووری مەیلەو پرتەقاڵیی هەیە و ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی شەکرە و پەستانی بەرزی خوێن، لەگەڵ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە و گرفتەکانی کۆئەندامی دەمار، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، پێویستە ئەمەش بزانرێت کە خواردنی ڕوبیان لە هەندێك کەسدا دەبێتە ئەگەری هەستەوەری.



# جیاوازی نێوان خـ

خەمۆکی Depression بریتییە لە هەستکردن بە مەزاجی نزم کە بۆ ماوەیەك بەردەوام دەبێت، کەچی خەم Grief بریتییە لە کاردانەوەی دەروونی بەرانبەر بە نەمانی کەسێکی یان هەر شتێکی ئازیز. خەم و خەمۆکی لە یەکتر جیاوازن ئەگەرچی نیشانەی هاوبەشی هەستکردن بە بێزارییان هەیە، کە کاریگەریی دەروونی و جەستەیی بەدواوەیە. خاڵە لەیەکچووەکان: گریان، هەستکردن بە ئازاری دەروونی و مەزاجی نزم، گۆڕان لە ئارەزووی خواردندا، گۆڕان لە سرووشتی خەو بە شێوەی زیاد نووستن یان کەم نووستن و خەوزڕان، ڕوودانی نۆرەی توورەبوون، زۆر جاریش ئاکامەکانی خەم و خەمۆکی وەکو یەکن. خاڵە جیاوازەکان ئەمانەن: خەم هۆکارەکەی




## ئایا سترێس هۆکارە بۆ وشکبوونی چاو؟

سترێس Stress بە چەندین ڕێگە دەبێتە ئەگەری وشکبوونی چاوەکان، بۆنموونە کەم خەوی یان کوالێتی خراپی خەو، کە پەیوەستە بە سترێس، کە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی دەردانی فرمێسک و ناجێگیربوونی چینی فرمێسک Tear film، پەستی یان خەمۆکی کە لەوانەیە لە ئەنجامی سترێسەوە ڕوو بدەن، هۆکاری دیکەن بۆ وشکبوونی چاو، هەروەها زۆربەی دەرمانە ئارامبەخشەکان کە بۆ سووککردنی نیشانەکان و هاندانی خەو بەکاردەهێنرێن، وەکو زیانی لابەلا دەبنە هۆی وشکبوونی چاوەکان. نیشانەکانی وشکبوونی چاو: هەستکردن بە سووتانەوە یان ئازار لە چاوەکاندا، هەستکردن بە بوونی تەنی بیانی لەسەر ڕووی چاوەکاندا، خورشتی چاو، لێڵبوونی بینین، هەستەوەری بەرانبەر بە ڕووناکی، هەروەها سووربوونەوەی چاوەکان. بۆ چارەسەرکردن، جگە لە بەکارهێنانی دڵۆپ یان مەرهەمی چاو بە ڕێنمایی دکتۆر، پێویستە کە هەنگاوەکانی سووککردنی سترێس بگرینە بەر، وەکو: باشترکردنی کوالێتی خەو، خوێندنەوە، مەشقی وەرزشی، هەروەها ئەنجامدانی مەشقی یۆگا و مەشقەکانی هەناسە.

## مەشقی وەرزشی زۆر پێویستە لە مانگی ڕەمەزاندا

لەگەڵ مانگی ڕەمەزاندا کات و ساتەکانی خواردن و مەشقی وەرزشی گۆڕانیان بەسەردا دێت، سەبارەت بە مەشقی وەرزشی، بۆنموونە: گەلێك کەس لەم مانگەدا دوور دەکەونەوە لە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، یان لەکاتی نەگونجاودا مەشقی توند ئەنجام دەدەن، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر توانای ڕۆژووگرتن و تەندروستی. پسپۆڕانی تەندروستی جەخت دەکەنەوە کە مەشقی وەرزشی لە مانگی ڕەمەزاندا زۆر پێویست و گرنگە بۆ تەندروستی، بەڵام بە هەڵبژاردنی کاتی گونجاو کە کاریگەری نەکاتە سەر توانای ڕۆژووگرتن، بەتایبەتیش نەبێتە هۆی زیادبوونی هەستی تینووبوون و زوو برسیبوون. بە ڕێنمایی پسپۆڕان، باشترین کات بۆ ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی لە مانگی ڕەمەزندا بریتییە لە چەند کاتژمێرێکی پێش کاتی فتارکردنەوە یان دوو کاتژمێر پاش فتار، کە زیاتر هاندەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش و پاراستنی تەندروستی، بۆنموونە: سووتاندنی چەوریی زیادی لەش، باشترکردنی مەزاجی ڕۆژووەوان، چالاککردنەوەی کرداری میتابۆلیزم Metabolism، بەرزبوونەوەی ئاستی وزەی لەش، لەگەڵ هاندانی توانای کۆ ئە ند ا می هەرس.



## ـــــەم و خەمۆکی

ڕوونە، ئازاری دەروونی بە شێوەی شەپۆل دێت و دەڕوات، کە هەندێك جار هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە خۆشی لەگەڵ یادگارییە پۆزەتیڤەکاندا، نەگۆڕانی ئاستی باوەڕبەخۆبوون Self-esteem، کاردانەوەیەکی ئاساییە بەرانبەر بە هەستە نێگەتیڤەکان، هەستکردن بە خۆشی دەمێنێت، هەستی بێزاری دێت و دەڕوات. بەڵام خەمۆکی هۆکاری تەواو و ڕوونی نییە ئەگەرچی ناهاوسەنگیی کیمیایی لە مێشکدا ڕوو دەدات، هەستە نێگەتیڤەکان بەردەوام دەبن، کەمبوونەوەی باوەڕبەخۆبوون، بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێت، نەمانی توانا بۆ هەستکردن بە خۆشی، خەمۆکی لەوانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت ونیشانەکان توندتر بن.

# دوورکەوە لە جگەرەکێشان ڕاستەوخۆ پاش ڕۆژوو شکاندن

ئەمە ڕوونە کە جگەرەکێشان زیانی تەندروستیی زۆری هەیە، بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا جگەرەکێشان زیانی زیاتری دەبێت، بەتایبەتی ڕاستەوخۆ پاش ڕۆژوو شکاندن. پسپۆڕان ڕێنمایی ڕۆژووەوانانی جگەرەکێش دەکەن کە هەرگیز جگەرە نەکێشن ڕاستەوخۆ پاش فتار، چونکە دەبێتە ئەگەری چەند گرفتێکی تەندروستی وەکو: هاندانی وشکبوونی دەم، هاندانی هەستکردن بە تینوویەتی، سەرسووڕان، هەستکردن بە ماندووبوون، تێکچوونی خەو، زیادبوونی ترشەڵۆکی گەدە یان دڵەکزێ Heartburn لەبەر زیادبوونی ئەگەری گەڕانەوەی ترشەلۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچک GERD، هەروەها زیادبوونی ئەگەری هەوکردنی گەدە، کە لەوانەیە پەرەبسەنێت بۆ کولبوونی ناوپۆشی گەدە. ئاماژە بەمەش کراوە کە زیانی جگەرەکێشان بۆ بۆڕییەکانی خوێن و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاتر دەبێت لەکاتی جگەرەکێشان ڕاستەوخۆ پاش فتارکردنەوە، بۆیە واباشترە کە لە مانگی ڕەمەزاندا بە تەواوی واز لە جگەرەکێشان بهێنرێت.





# ددانی تەندروست
# واتە دڵێکی تەندروست!

لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە تەندروستیی ناودەم پەیوەندی بە نەخۆشیی دڵەوە هەیە. بەبێ پاککردنەوەی دروستی ددانەکان بە فڵچەی گونجاو و بەکارهێنانی داو بۆ پاککردنەوەی کەلێنی ددانەکان، چینێکی نەرمی بەکتریا Plaque بە توندی لەسەر ددانەکان دەنیشێت، بەتایبەتی لە ژێرەوەی هێڵی پوکدا، پاشان ترشێتی ئەم چینە مینای ددانەکان تێك دەدات، ئینجا پوك تووشی سووتانەوە دەبێت و لەوانەیە کە خوێنی بەربێت، هەروەها بۆنی دەم یان هەناسە ناخۆش دەبێت و پاش ماوەیەك ئەم چینە نیشتووە ڕەق دەبێت بە شێوەی قەتماخی زەرد یان قاوەیی Tartar کە هاندەرە بۆ نیشتنی چینی نوێی بەکتریا و هەوکردنی پوك و کلۆربوونی ددانەکان. لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەمە کراوە کە بەکارهێنانی داوی ددان Dental floss ڕۆژانە یەك جار ڕاستەوخۆ پێش بەکارهێنانی فڵچە بۆ پاککردنەوەی ددان، ڕۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، نەخۆشیی دڵ، هەروەها نەخۆشیی شەکرە و ئالۆزییەکان، بەتایبەتی تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن.

# زیانە تەندروستییەکانی زیاد نووستن

زیاد نووستن Long sleeping واتە نووستن بۆ ماوەی ٩- ١٠ کاتژمێر یان زیاتر شەوانە، یان شەو وڕۆژ بە کۆکردنەوەی کاتژمێرەکانی نووستن، ئەگەرچی هەندێك سەرچاوە نووستنی شەوانە بۆ ماوەی زیاتر لە ٨ کاتژمێر بە زیاد نووستن هەژمار دەکەن، لەوکاتەی کە شەوانە ٧-٨ کاتژمێر بەسە بۆ مرۆڤێکی پێگەیشتووی تەندروست. بەهەرحاڵ، ئەم حاڵەتە زیاتر بە جینەکانەوە بەندە و هیچ هۆکارێکی نەخۆشیی لەپاڵەوە نییە، هەروەها کەسەکە پاش لەخەوهەڵسان بە تەواوی چالاکە و کارەکانی ڕۆژانەی بە باشی ئەنجام دەدات، بەڵام پسپۆڕان هوشیاری دەدەن کە زیاد نووستن لەوانەیە ببێتە ئەگەری چەند گرفتێکی تەندروستی، وەکو: زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەتایبەتی نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، هەروەها زیادبوونی ئەگەری هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea کە حاڵەتێکی مەترسیدارە.





## ڕاستەیەک

ڕاستە یا (هێڵ کێش) ڕەنگە ئامرازێکی زۆر گرنگ نەبێت و بکرێت بە هەر شتێکی ڕاست ئەرکەکەت جێبەجێ بکەی. بەڵام ئەگەر تۆ کەسێکی ئەندازیار بی و لەمەودا تەنانەت (ملم) ێکیش گرنگ بێ، پێویستت بە ڕاستەیە کە وردەکاری تێدابێ. ڕاستەی جۆری HOZO NeoR-uler یەکەمین ڕاستەی زیرەکە. بە ئاسانی ئەرکەکان جێبەجێ دەکات و لە شاشەیەکی بچووک کە لەسەر ڕاستەکە هەیە ئەندازەکان دەردەکەون. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت. ئەندازەکان لەخۆیدا تۆمار دەکات و




## هیدفۆنی وەرگێڕ

پەندێکی کۆن هەیە دەڵێت مرۆ چەندە زمانان بزانێت ئەوەندە مرۆیە، بە هۆی پێشکەوتنی سیستەمی وەرگێڕی زیرەك ڕەنگە ئەوەندە گرنگی خۆی لە دەست دابێ، ئێستا بەهۆی وەرگێڕی زیرەك مرۆڤ دەتوانی بەهەر زمانێك بێت مەبەستەکەی خۆی دەربڕێ.
هیدفۆنی وەرگێڕی Waverly بە ئاسانی زمانی مەبەستت بۆ وەردەگێڕێت، بۆ نموونە ئێوە لە کۆنفرانسێکدان کە وتارەکان بە زمانێك دەدرێن کە تۆ تێیان ناگەی، بەڵام کاتێك Waverly لە گوێ دەکەی وتارەکان هەر لەو ساتەدا بۆ وەردەگێڕێ. هەتا ئێستا ٢٠ زمانی زیندووی جیهانی تێدایە و لەداهاتوویەکی نزیکدا زمانەکان زیاتر دەبن. ئەگەر دوو کەس کە زمانی یەك تێناگەن و هەردووکیان لەو هیدفۆنە سوود وەربگرن بە ئاسانی تێك دەگەن، دەکرێت لەیەك کاتدا چوار کەس پێکەوە قسە بکەن کە هەرکام بە زمانێکی تایبەت بدوێ و هیدفۆنەکە ئۆتۆماتیك زمانەکە دەگۆڕێت. بۆ گوێگرتن لەو فیلمانەی کە لە زمانەکەیان ناگەی زۆر بە سوودە. لە مەودای سێ مەترییەوە دەنگ وەردەگرێ و وەردەگێڕێ.





## ماوس و کیبۆرد و دەسک

ئەندازیارانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ، ئامێرێکی نوێیان بەرهەم هێناوە کە گشت ئامێرەکانی وەك کیبۆرد، ماوس و دەسکی گەیمی لە خۆیدا کردۆتەوە! کیبۆردی جۆری GrabShell Key-board هەروەك لە وێنەکەدا دەبینن کیبۆردێکی ناوازەیە. بۆ ئەندازیاران و پرۆگرامنووس و گرافیست و گەیمەرەکان دەبێت. دەکرێت بە هەموو جۆرێك سوودی لێوەربگیرێت، هەم بە دانیشتن و هەم بە ڕۆیشتن و بە پاڵدانەوەش. کیبۆردەکە کۆ دەکرێتەوە و

## ـــــــــی زیرەک

پێویست ناکات لەسەر وەرەقەیەك بینووسی. ئەگەر پێویستت بەوە بوو هێڵ بە قەڵەم بکێشیەوە، ئەوە راستەکە خۆی هێڵەکانت بۆ دەکێشێتەوە و تەنانەت ئەو ئەندازەیەی راتگرتووە کۆپی بکات، بۆ نموونە پێویستت بە ئەندازەیەکی دیاریکراوە کە هەم بە شێوەی ئاسۆیی و هەم بە شێوەی ستوونی هێڵی تێدابێ ئەوە راستە زیرەکەکە بە ئاسانی دەیانکێشێتەوە. گۆڕینی هەموو جۆرە پێوانەیەکی تێدایە بۆ نموونە ئینج بە سانت و بە پێی و بە هەموو ئەو سایزانەی لە جیهاندا باون. کێشی ١٢٠ گرامە و شەحن دەکرێتەوە.






## ـــــــــی گەیم لەیەک ئامێردا

شوێنێکی کەم دەگرێت. کیبۆردەکە دوو ڕەنگی رەش و سپی هەیە و لە پشت هەر دوگمەیەکیش گلۆپێکی رووناکی هەیە. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ویندۆز و ios دەگونجێت. کاتێك لە پاڵ یەك دەخرێتەوە دەکرێت وەك ئامێرێکی گەیم کردن واتە جویستیك سوودی لێوەربگیرێت. لە راستیدا کیبۆردەکە شتێکی نوێیە لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا و یەکەم ئامێرە کە بچووك بێت و ئامێرەکانی دیکەی لەخۆیدا کۆکردبێتەوە.

## ئامێری چاودێری کردنی ئۆتۆمبیل

دزینی ئۆتۆمبیل لە ریزی دزینە زۆر باوەکان دێتە ژمار، ساڵانە نە تەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوودا، بەڵکو لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا رێژەی دزینی ئۆتۆمبیل گەلێك زۆرە. ئەگەر دەتهەوێ ئۆتۆمبیلەکەت پارێزراو بێ و نەدزرێ، پێویستە ئامێرێکی بچووکی وەك CAR-LOCKی بۆ دابندرێ. ئامێرێکی بچووك بەقەد قوتوی شقارتەیەك..

بە بوونی ئامێرێکی وا بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ ئۆتۆمبیلەکەت بەجێ بهێڵە، کورد گوتەنی بێخەم بنوو. ئامێرەکە چاودێری دەکات و لەکاتی بچووکترین گوماندا ئاگادارت دەکاتەوە. هەرکاتێك ئۆتۆمبیلەکە هەڵکرا، دەستبەجێ پەیامی ئاگادارکردنەوە دەنێرێت، تەنانەت ئەگەر ئۆتۆمبیلەکە هەڵیشنەکرێت، بەڵام جۆرە لەرزینێکی نائاسایی هەبێت دیسان بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.

ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل بە هەردوو سیستەمەکەیەوە پەیوەند دەدرێت، دیمەنی جوڵەی ئۆتۆمبیلەکەت لەسەر شاشە دەبینی. هەربۆیە ئامێری ناوبراو تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوە لە دزین نییە، بەڵکو دەکرێت بە وردی چاودێری منداڵە گەنجەکانت بکەی، بزانی چۆن ئۆتۆمبیل لێدەخوڕن، خێراییان چۆنە و هاتووچۆی کوێ دەکەن. چونکە ئامێرەکە نەتەنیا رۆیشتن، بەڵکو ستاپە بەهێزەکان و شکاندنەوەکانیش تۆمار دەکات. جگە لەوەش ئەگەر هەست بەوە بەکا باتری ئۆتۆمبیلەکە لەخۆوە وەزەی کەم دەبێتەوە ئاگادارت دەکاتەوە.



# پرۆگرامی دەستکاری کردنی دەنگ لە فیلمدا

بەگشتی زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی تایبەتن بە دەستکاری کردنی فیلم واتە edit کردن، بەشێکی تایبەت بە دەنگیشیان تێدا هەیە، بەڵام ئەو بەشەی تایبەتە بە دەستکاری کردنی دەنگ زۆر سنووردارە.

یەکێك لە پرۆگرامە بژاردەکانی ئەم بوارە پرۆگرامی AudioDirectorە، لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە دەکرێت دەستکاری دەنگ بکرێت و دواتر بە کوالیتیەکی بەرزترلە شوێنی خۆی دابندرێتەوە، بۆ نموونە تۆ فیلمێکی کۆنت لەلایە، بەڵام لە هەندێك شوێن دەنگەکە وەك پێویست نییە، دەکرێ جارێکی دیکە دەنگی بۆ دابندرێتەوە. هەروەها بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەکرێت جۆرەکانی فۆرماتی دەنگی بۆ یەکتر بگۆڕدرێت. هەروەها چەندین ئێفکتی جۆراوجۆری تایبەت بە دەنگ تێدایە.




هەرچەندە بۆ دەستکاری کردنی فیلم چەندین تایبەتمەندی هەیە، بەڵام پرۆگرامەکە زیاتر بۆ دەستکاری کردنی دەنگ دانراوە، دەستکاریکردنی خودی فیلمەکە بەو پرۆگرامە سنووردارە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن ژمارەی ئەو کەسانەی لە مۆبایلی ئەندرۆید دا تۆمارم کردوون بۆ مۆبایلی ئایفۆن بگوازمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەم کارە زۆر ئاسان دەکرێت، لە پێشدا دەبێت هەموو ژمارەکانت لە هەژماری جیمێلی تایبەت بە مۆبایلی ئەندرۆیدا هەڵگرتبێت واتە خەزن کردبێت، دواتر لە مۆبایلی ئایفۆندا دەچی بۆ بەشی Settings و لەودا بەشی Contacts بکەوە، ئێستا بەشی Accounts هەڵبژێرە و فەرمانی Add Account دیاری بکە. دوای ئەوە هەژماری جیمیلی خۆت ئەوەی لە مۆبایلی ئەندرۆید ژمارەکانی تێدا هەڵگیرابوون بنووسە و دواتر دوای پاسۆردت لێدەکا بینووسە و دوای ئەوە گشت ژمارەکان دێنە سەر مۆبایلی ئایفۆنەکەت.

## رۆبۆتی چ

کامێرای چاودێری بۆ پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایش لە ریزی یەکەم دێن، بەڵام کامێرای چاودێری بەگشتی هەموویان لە شوێنێکی جێگیر دادەنرێن و تەنیا کامێراکان بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە. کامێرای چاودێری جۆری Appbot Riley جیاوازە لە گشت کامێرایەك کە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە. کامێراکە لە راستیدا رۆبۆتێکە و بۆ گشت کەلێن و قوژبنێکی ماڵەوە یا شوێنی مەبەست دەڕوات و هەر جۆرە شتێکی جێی گومان ببینێ دەستبەجێ بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە. کامێراکە بەهۆی سیستەمی IRەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لە





## به مۆسیقا زانیارییەکانی ویکیپیدیا بڵاودەکاتەوە

بۆ کەس شاراوە نییە ماڵپەڕی ناسراوی ویکیپیدیا چ گرنگییەکی هەیە، ماڵپەڕێکە بە هەزاران وتار و زانیاری لەبارەی هەر شتێك کە مەبەستە لەو ماڵپەڕەدا دەبیندرێ، ماڵپەڕەکە بە هەموو زمانێکی زیندووی جیهان هەیە. زانیارییەکانی لە ویکیپیدیا بڵاو دەکرێنەوە، زۆریان جێ متمانە نین، چونکە هەموو کەس دەتوانێت زانیاری لەو ماڵپەڕەدا بڵاوبکاتەوە. ماڵپەڕێکی دیکە هەیە بەناوی listen.hat-note.com کە چرکە بە چرکەی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان بە مۆسیقاوە نیشان دەدا. کاتێك ماپەڕەکە دەکەیەوە، دەتوانی زمانی مەبەست هەڵبژێری و دەستبەجێ زانیارییەکان کە بۆ ویکیپیدیا زیاد دەکرێن یا دەستکاری دەکرێن بڵاو دەکاتەوە. ناوی ئەو کەسەی زانیارییەکەش بڵاودەکاتەوە نیشان دەدا و تەنانەت دەتوانی هەر ئەوکات زانیارییەکە بخوێنیەوە.



## دەرگای ماڵەوە بە مۆبایل بکەوە

قفڵی زیرەکی جۆری Level Bolt یەکێکە لەو قفڵە ناوازانەی دەرگا کە بۆ هەموو دەرگایەك دەبێت، قفڵی ئاسایی ماڵەوە دەکاتە بە قفڵێکی دیجیتالی. راستەوخۆ لەگەڵ مۆبایل بە هەردوو سیستەمەکەیەوە لە ڕێگای بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێت. لەکاتی کردنەوەی دەرگادا پێویستت بە کلیلی تایبەتی نییە، بەڵکو بە مۆبایلەکەت راستەوخۆ چ لە نزیك بیت و چ لە دوورەوە دەتوانی دەرگاکان بکەیەوە. جیاوازی قفڵی ناوبراو لەگەڵ قفڵەکانی دیکە ئەوەیە، کە نە تەنیا دەرگا دەکاتەوە، بەڵکو دەستگیرەی دەرگاش دەسووڕێنێت بۆ کردنەوە. هەر بەو شێوەیەی کە دەرگا دەکاتەوە هەر بەو شێوەیەش دەرگاکە دادەخاتەوە.

قفڵی ناوبراو لە پۆڵای دژە ژەنگ دروستکراوە، بە بەرزترین ستاندەری جیهانییەوە لە بواری ئەمنی و پتەویدا. بۆ بە ئاسانی لە سەر هەموو جۆرە دەرگایەك دادەنرێت. چ دار بێت چ ئاسن یا مادەی دیکە. لە هەمووی گرنگتر دەکرێت کۆدی کردنەوە و داخستنی هاوبەش بکەی لە نێوان ئەندامانی ماڵەوە یا کەسانی باوەڕ پێکراو. تایبەتمەندییەکی دیکەی قفڵەکە ئەوەیە کە بە دەنگیش دەکرێتەوە.

## ...ـــــــاودێری

نێوان شەو و رۆژدا.

کامێراکە ئەندامەکانی ماڵەوە دەناسێتەوە و دژ کردەوەیەك لە ئاستیاندا نیشان نادا. کامێراکە بە جۆرێکە هەتا دیمەنێکی جێگای گومان نەبینێت دەست بە جوڵەو فیلم هەڵگرتنەوە ناکا. هەرکاتێك هەستی بەوە کرد شەحنی کەمە، دەچێتە شوێنی شەحنکردنەوە و خۆی شەحن دەکاتەوە. دەنگی دوو لایەنەی هەیە و دەکرێت دەنگی ئەو کەسانەی لەوێن ببیسی ئەوانیش دەنگت ببیسن.

کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوەکە فوول ئیچ دییە، جگە لەوەی رۆبۆتەکە بۆ هەموو شوێنێك دەڕوات، کامێراکە کە وەك سەری رۆبۆتەکە وایە ئەویش بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە.

## فێنک کەرەوەی بە ملتەوە

چ لەوە چێژبەخشتر نییە بە گەرمای هاوین بڕۆی و بایەکی فێنك بە پشت مل و دەموچاوت بکەوێ فێنکت بکاتەوە و نەهێڵی ئارەقە بکەی. تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ئەم بوارەش کارئاسانی کردووە. پانکەی پۆرتێبڵی جۆری Metaura Pro کە دیزاینەکەی وەك هیدفۆنێك دەچێت لە مل دەکرێ و بایەك فێنك لە جەستەت دەدا. ئامێرەکە تەنیا لە ماوەی یەك چرکەدا دەگاتە پلەی مەبەست. ئامێرەکە زیاتر وەك سپلێت دەچێت تاکو پانکە، چونکە بۆ هەر دوو وەرزی گەرم و سارد سوودی لێوەردەگیردرێت. Metaura Pro شەحن دەکرێتەوەو، شەحنەکەی هەتا ماوەیەکی زۆر دانابەزێت. سپیلتە بچووکەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە بە موبایل پەیوەند دەدرێت و دەتوانرێت لە مۆبایلەکەتەوە کۆنترۆڵی ساردی و گەرمی بکەی.



# کراسەکانی بۆنە و دەرچوون و مارەبڕین لە وەرزی بەهاردا

ئەگەرچی لە مانگی ڕەمەزاندا بۆنەکان کەم دەبنەوە، بەڵام هەر دەمێنن، بۆ ئەوانەی خەریکی ئاهەنگی دەرچوون و بۆنەی تایبەت و مارەبڕینن، دەتوانن جلەکانیان لە ڕیتمێکی بەرزدا هەڵبژێرن، کە سادە و ناسك بن، پێویستە ڕەنگ و شێوە و مۆدی کراسەکەت دیاری بکەیت، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە سەردانیکردنی شوێنەکانی کراسی بووك، هێڵی ئینتەرنێت و زانیاری لە هاوڕێ و دەستە خوشکانی خۆت، تا لەسەرەوەتا کراسێکی دیاری کراو هەڵبژێریت، سەرەتا بزانە قەبارە و شێوەی کراسەکەت چۆنە، هەروەها پێشتر کراسێك تاقی بکەوە و ئەگەر توانرا وێنەشی بگرە، ئەو کاتە هەموو کێشە و گرفتەکانیت بۆ دەردەکەوێت، تا لە ڕۆژانی نزیکی بۆنەکەدا تووشی شۆك نەبیت. هەوڵ کەسێکی نزیکی خۆت بکەیتە هاوکارت تا لەو ڕۆژانەدا یارمەتیت بدات لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کەرەستە و کراسەکەت، تا لە پێشوودا بتوانیت کەرەستە و کراسەکەت هەڵبژێریت، لەگەڵ هەڵبژاردنی کراسەکەت، هەوڵدە پێڵاو و تەواوی تاخمەکەت بە جوانی هەڵبژێریت، ئەوەش دەکەوێتە سەر خواست و حەزی خۆت لە دیاریکردنی هەموو کەرەستە و کەلوپەلەکانت، ڕۆژانێك بەر لە زەماوەند باشترە کارەکانت جێبەجێ بکەیت، ئەگەر کراسێکت هەڵبژارد کە بە خواستی خۆت هەڵتبژاردووە، کێشەت لەگەڵی هەبوو لە قەبارە و پێوانەی، دەتوانی چاکی بکەیت یان کراسێکی دیکە هەڵبژێریت.




# گرنگیدان بە قژ لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا



لە مانگی ڕەمەزاندا وەك کابانێك، کە زیاتر خەریکی ماڵ و خواردن دەبیت، هەندێك جار خۆت فەرامۆش دەکەیت، بەتایبەت زیاتر قژت، هەر بۆیە پسپۆڕانی بواری قژ و ئارایشت چەند ئامۆژگارییەك بە خانمان دەدەن و دەڵێن: «بەهۆی ئەوەی لەو مانگەدا بەرۆژوو دەبیت و تەواوی هۆرمۆن و ئەندامانی جەستە وشکبوونیان پێوە دیار دەبێت، قژیش کە بەشێکی زۆر خۆراك و ئاو لە جەستە وەردەگرێت، بەو پێیەی ماددەی میلانینی نێو پێکهاتەی قژ پێویستی بەردەوامی بە گەشەکردنە، بۆیە وشکی و لاوازیی پێوە دیار دەبێت». بۆ ئەو مەبەستە پسپۆڕان ئامۆژگاری دەکەن کە ئەگەر نیازت وایە قژت ببڕیت، ئەوە لەو مانگەدا دەرفەتێکی باشە تاوەکو نزیکبوونەوە لە جەژن قژت ڕێك دەکەوێتەوە و شیك دەبێت، هەروەها بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا لەچك دەکەیت و سەرپۆش لەسەر دەکەیت، ئەگەر قژیشت ببڕیت یان گرنگیی پێ نەدەیت، هێندە دیار نابێت، بەڵام گرنگە بۆ کاتی جەژن ئارایشتێکی ڕێك و سیشوار و هایلات و کرێم و کریاتینی بکەیتەوە. بۆ ئەوانەی قژیان ناوەندە واتە نە زۆر ڕێژید و نە کورتە، هێندە کێشەیان نابێت، بەڵام ئەوانەی قژیان درێژە و تووشی بێهێزی و سووتان بووە، یان هەڵدەوەرێت، دەتوانن لە سەرەتای ئەو مانگەدا ئەو بڕە ببڕین کە زیانی پێ گەیشتووە، وەك خانمێك هەوڵ بدە ئەو شێوە قژبڕینە هەڵبژێریت کە لەگەڵ ڕوخسار و شێوەت دەگونجێت، ئەگەر نا جیاوازیی نێوانیان جوانیت دەشێوێنێت، بەهۆی ئەوەی تەواوی جەستەت لەو مانگەدا وشبوونەوەی پێوە دیار دەبێت، بۆیە وا چاکە هەفتانە دوو جار قژت بشۆیت تاوەکو زیاتر وشك نەبێت.



# قردێلەی قوماش و پشتێنی شل جلەکانت سەرنجڕاکێشتر دەکات

لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار شێوە و جۆرەکانی جلوبەرگ گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و، لە مۆدی زستانەی و جلی زۆرەوە بۆ جلی تەنك و تەنانەت هەندێك جار تاکە جلێك بۆ ئەو کەشە گونجاوە، بەهۆی ئەوەی لە مۆدی جلی زستانەدا جلوبەرگی گەورە و ئەستوور دەپۆشرا، بەڵام لێرەوە جلی تەنك باو دەبێت و بەم چەشنە دەتوانیت زۆربەی ئێکسسوارەکانی کەرەستە و قوماش لەگەڵ جلەکەتدا شیك بکەیت، لەوانە: خشڵەکان بە گشتی، پشتێن، قردێلە، هێلەگ، هەر یەك لەو جلانە سەرنجڕاکێشی و ناسکی خۆی هەیە، بەڵام دیارترینیان پۆشینی پشتێنە، کە هەندێکیان لە قوماش دروست کراون و بەشێکی دیکەش لە پێست، هەروەها شێوازی دیکەش وەك قردێلە لە لایەکی کەمەر و ناوقەد دەدرێت. جوانیی پشتێن لەوەدایە کە ڕەنگێکی جیاوازی هەبێت لەگەڵ جلەکەتدا، هەندێك لە ئافرەتانیش حەز بە هاوڕەنگ و هەمان نەخشی پشتێن و جلوبەرگیان دەکەن. ئەو ڕەنگە باوانەی بۆ پشتێن دانراون بریتیین لە: بێجی، قاوەیی، سەوز و زەرد، ڕەش، ڕەنگی زێڕی، بەشێکی دیکەی مەرجی پشتێن، بوونی نەخش و نیگارە، چ لە نێو خودی پشتێنەکە یان لە بەشە ئاسنینەکانی پشتێنەکەدا هەبێت، کە ئەوەش وەك دیمەنێك بۆ زیاتر درەوشانەوە و ڕازاوەکردن بەکاردێت.

ئیمان زەنگەنە فۆتۆگرافەر:

# سەرەتای کاری فۆتۆگرافەریم لە وێنەگرتنی ئاوارەکانەوە دەست پێکرد



**خاتوونێکی پڕ هەست و سەلیقە، گرنگی بە وردەکاریی کاری وێنەگرتن دەدات، خۆی جوولە و گۆشەکانی کارەکەی دیاری دەکات، یارمەتیی ئەوانە دەدەن کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا دەبنە فۆتۆگرافەریان، وەك: ئاهەنگی هاوسەری، دەرچوون، بۆنەی تایبەتی و کەسی، لە دایکبوون و ترێند و کورتە ڤیدیۆ و ستریکی یادگاری. بە پێویستمان زانی چەند پرسێکی ئاراستە بکەین:**

*** بیرۆکەی بوونت بە فۆتۆگرافەر چۆن بوو؟**

- بیرۆکەکەم بۆ هات کاتێك تەمەنم ١٥ ساڵان بوو، وەکو حەزێك و هۆبیەك، لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥، سەردانی ئاوارەکانم دەکرد، دڵم بۆیان دەسووتا و بۆ دڵخۆشیی ئەوانیش وێنەیانم دەگرت، دواتر خولیای وێنەگرتنی سرووشتی کوردستانم هەبوو، زیاتر لە دەشت و دەر و وێنەی پۆرترێت و لاندسکێپی جوانم دەگرت، دوای دوو ساڵ برادەرێك کە کچ بوو، حەزی کرد وێنەی بگرم، پاشان بەرە بەرە خەڵکی ناسیاو و دەوروبەر بانگیان دەکردم، لەوێوە بیرۆکەی فۆتۆگرافەریم بۆ هات، هەر لە ساڵی ٢٠١٤ خولیکی وێنەگرتنم بینی، کە ئەوانیش کەسانی پرۆفیشناڵ نەبوون، بەڵام دواتر لە یوتوب و ئینتەرنێت دەگەڕام چۆن وێنە بگرم و چۆن گۆشەکان هەڵبژێرم، زیاتر وێنەگرتن جوان بینی و هونەر و بەهرە و حەزە، چونکە بەهرەکە لە ناخی خۆتدایە، بۆیە فێربوونم ئاسان بوو.

*** بوونی کچێك بە فۆتۆگرافەر کارێکی قورسە، یان چاکتر دەتوانیت مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەیت کە وێنەیان دەگریت؟**

- دەتوانم بە دوو جۆر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، سەرەتا ساڵی ٢٠١٧ وەکو بیزنسێك بیرۆکەم بۆهات، کە داهاتێکی هەبێت و بژێویی ژیانم وەك کچێك دابین بکەم، کە لە پێشوودا وەکو حەزێك بوو، بۆیە ئەکاونتی تایبەتم بۆ خۆم دانا، سەرەتا پێم سەیر بوو کە کچ بووم، وێنەگرەکانی دیکە هەموو پیاو بوون، دەیانویست وەکو ئەسیست و شاگرد کارییان بۆ بکەم، بەڵام حەزم کرد سەربەخۆ بم، سەرەتا دژایەتیم کرا، بەڵام کۆڵم نەدا و دواتر خەڵکانێکی زۆر پێشوازیی کارەکەیان لێ کردم.

*** ئایا پێتوایە کە هەندێ لە بووکە خان و کچان لەوانەیە شەرم لە وێنەگری کوڕ بکەن و لەگەڵ تۆدا ئاسوودەتر بن لە کاتی وێنەگرتن؟**

- ئەوە ڕاستە، زۆربەی کچان و بووکەخان، شەرم لە وێنەگری کوڕان دەکەن لە بۆنە و ئاهەنگی دەرچوون و گواستنەوە، ئەوان زیاتر پێویستیان بە کەسێکە کە هاوکاریان بێت لە هەڵە و گرفت لە ماکیاژ و قژ و جلوبەرگدا یارمەتییان بدات، هەروەها من لەو ڕۆژەدا کە ئاهەنگی کەسێکە خۆم وەکو کەسێکی ئەوان دادەنێم هاوکارییان دەکەم لە چاککردنی دەست و سەروپرچ و شێوە و جلوبەرگ و قژیاندا، بۆیە خۆیان پێم دەڵێن مورتاحین لەگەڵت، هەروەها کاکی زاواش مورتاحترە کە کچێك هاوکاری بووکەخان بکات نەوەك کوڕ بێت، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی جوولەدا.

*** جوولە و شێوازەکانی وێنەگرتن خۆت ڕێکی دەخەیت یان لەسەر داوای کەسانی بۆنەکانە؟**

- سەرەتا ڕای ئەوان وەردەگرم لە شوێن و بیرۆکە و شێوازی وێنەگرتن، دواتر من بیرۆکەیان بۆ هەڵدەبژێرم و پاشان کامەیان پێ باش بێت، ئەو هەڵدەبژێرن، بەڵام زیاتر بیرۆکەکانی من هەڵدەبژێرن.

*** لە چ بوارێك دەخوێنێت و بڕوانامەكەت پەیوەندی بە كارەكەتەوە هەیە یان لێك دوورن؟**

- لە بەشی كۆمپیوتەر لە كۆلێژی تیشكی نێودەوڵەتی، بەهرە و كارەكەم لە یەكتر دوورن، هەروەها یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم، جگە لەوەش فۆتۆگرافەرم، هەر سێ بوارەكە لە یەكتر دوورن، بەڵام حەزم پێیانە بۆیە بەردەوامم.

*** مانگانە چەند بۆنەت هەیە بۆ وێنەت گرتن؟**


- لە ڕاستیدا دیار نییە، مانگ هەیە جێگەم نییە بۆ حجز، هەندێك مانگیش نیو مانگ كارم هەیە، بەڵام زیاتر لە مانگەكانی ئادار و نەورۆز كە بۆنەكان زۆرن منیش كارم زۆرە.

*** ئەو لۆكەیشنانەی لە وێنەی فۆتۆگرافەرەكاندا هەن، خۆت دەستنیشانیان دەكەیت یان داوا دەكەن؟**


- سەبارەت بە شوێنی وێنەگرتنەكان، زیاتر من بۆیان دیاری دەكەم و خەڵكیش وا حەز دەكەن كە من بۆیان دیاری بكەم، بەو پێیەی كە كارەكەم وا دەخوازێت شارەزا و ئاشنای زۆر شوێن بم.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە بۆ كارەكەت و دەتەوێت چۆن پەرە بە بواری فۆتۆگرافەری بدەیت؟**

- سەرەتا وەك خەونێك وابوو كە دەستم پێكرد، كە ئۆفیسی خۆم هەبێ، ئێستا خاوەن ئۆفیس و ستافی خۆمم، كە هەموو ستافەكم كچن و كاری جوانیشمان كردووە و حەزیش دەكەم كارەكەم بگاتە دەرەوەی وڵاتیش.



# نەخشەیەک بە (٢٢) ساڵ تەواو دەبێت




(ڕۆی جەیمس) ئەو ئەندازیارەی بەر لە (٢٢) ساڵ بیرۆكەی دانانی نەخشەی وێستگەی شەمەندەفەری بەریتانیای هەبوو، كەچی بیرۆكەكەی ڕەت كرایەوە بە بەهانەی ئەوەی پسپۆڕایەتیی تەواوی لە بواری ئەندازیاریدا نییە، كەچی ئەو گوێ بە ڕەتكردنەوەكە نەدا، لە ساڵی (١٩٩٦) دروستكردنی نەخشەی ڕاستەقینە و بچووكراوەی وێستگەكەی تەواو كرد، كە زیاتر لە (٢٥٠) هەزار دۆلاری تێچووە، ئەو پیاوە سەلماندی كە دەتوانێت ئەو پرۆژەیە وەربگرێت و سەركەوتوو بێت، دوای چەندین ساڵ وا دیارە بەرپرسانی وێستگەكانی شەمەندەفەری بەریتانیا پرۆژەكەیان پێی قبووڵە، (ڕۆی) ئەو نەخشە بچووكراوەی بە هەموو پێكهاتەكانەوە لە ماڵەكەی خۆیدا دروست كردووە. پرۆژەكەی لەژێر ناوی (هێڵی ئاسنینی خەون)دایە، كە لە یەك كاتدا (١٠٠) شەمەندەفەر دەتوانێت جووڵە بكات، هەروەها پرۆژەكە پێك هاتووە لە (١٦) وێستگەی جۆراوجۆر، تەنانەت باخچە و شوێنی وەستان و ژوور و هۆڵە گەورەكانی چاوەڕوانییش لە نەخشەی ئەو پیاوەدا بەدی دەكرێت.

# كەرنەڤاڵی جلوبەرگ



ساڵانە چەندین كەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵی جۆراوجۆر لە وڵاتانی جیهاندا دەكرێت، هەندێكیان بۆ خۆشی و هەندێكی دیكەش بە مەبەستی ڕاكێشانی سەرنجی گەشتیاران ساز دەكرێن، وڵاتی ئیتاڵیا لە شاری ڤینیسیا ساڵانە كەرنەڤاڵی جلوبەرگ ئەنجام دەدەن، لەو ڕۆژەدا تەواوی خەڵكی ئەو شارە بە جلە سەیر و كۆنەكانی سەدەی (١٨) تایبەت بە وڵاتی خۆیانەوە، خۆیان دەڕازێننەوە و بە نێو شەقام و شوێنە گشتییەكاندا پەرت و بڵاو دەبن، لەو ڕۆژەدا كاتێك سەردانی ئەو شارە دەكەیت، وا دەزانی لە سەدەی (١٨) دەژی، ئەوەی سەیرە نەك تەنیا جلوبەرگ، بەڵكو ئەسپ و گالێسكەی كۆن و ئوتۆمبێلی كۆنیش دەهێنن، تا بە تەواوی لە نێو كەشی سەردەمی كۆندا بژین، هەروەها شانۆ و نمایشی سەرجادە و شەقامەكانیش دەبنە بەشێكی دیكە ئەو بۆنەیە، هەر كەسێك بیەوێت بەشدار بێت، دەتوانێت جل و ماسكێك وەربگرێت و خۆی داپۆشێت، بەجۆرێ تەنانەت كەسە نزیكەكانیش ناتناسنەوە.





## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە قسە و وتار بۆ ڕای گشتی دەدەن، لە هەمان کاتیشدا جەماوەر و گوێگرانی دەزانن کە قسەکانی ڕاست نییە و درۆ دەکات.




## دیمەنە سەیرەکان

ئەم وێنەیە لەلایەن ژێردەریاییەکی ڕووسی گیراوە، وێنەی نەهەنگێکە شیر دەدات بە بێچوەکەی، ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن شیر لە ژێر ئاودا جێگیر دەبێت بەبێ ئەوەی بڕوات، هۆکارەکەش لە پێکهاتەی شیرەکەدایە کە ڕێژەیەکی زۆر چەوریی تێدایە.

## پاڵەوانی باڵەخانە بەرزەکان

سەرکەوتنی شوێنە بەرزەکان، ئازایەتی و لێهاتوویی دەوێت، کەچی ئەو گەنجە وەك ئەوەی لەسەر شەقامێك پیاسە بکات سێلفی جۆراجۆر دەگرێت، ئەو گەنجە ناوی (جەستن کاسکیگۆ)یە، خەڵکی شاری مانهاتنی ئەمریکایە، بەهرەی ئەو گەنجە لەوەدایە کە دەتوانێت بە سەر بەرزترین باڵەخانەدا سەربکەوێت و یاری بکات و باز بدات، بە (شای دارستانی کۆنکریت و باڵەخانەکان) ناسراوە، کە هاوشێوەی داستانی تەرزان سەر باڵەخانە و ستوون و تاوەرەکان دەکەوێت.





## یاسا

**گەڕانەوەی هاوسەری تەڵاقدراو بۆ لای هاوسەری کۆن**

گەڕانەوەی ژنی تەڵاقدراو بۆ ژێر ڕکێفی پیاوەکەی بە هاوسەرگیریکردن زیاتر لە یەك ژن دانادرێت، بەپێی بڕیاری ژمارە (١٤٧)ی ساڵی ١٩٨٢ی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە) گەڕانەوەی ژنی تەڵاقدراو بۆ عیصمەتی پیاوەکەی وەك هاوسەرگیریکردن بە زیاتر بە یەك ژن دانانرێت، گەرهاتوو مێردەکەی گرێبەندی هاوسەرگیریی بەستبوو لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا پێش گەڕانەوەی ژنە تەڵاقدراوەکەی بۆ ژێر ڕکێفی خۆی.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕۆژێکی زۆر گونجاوە بۆ گەشتکردن و بەسەربردنی کات لە دەرەوەی ماڵەکەت، پێویستە هەندێك گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانتدا ئەنجام بدەیت، بۆ ئەوەی بە تەندروستی بمێنیتەوە، لە ڕووی پیشەییەوە کەسانێك دەیانەوێت ئارامیت تاقی بکەنەوە، هەربۆیە وریابە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

گوێگرتن بۆ ئامۆژگاریی کەسانی دیکە سوودی گەورەت پێ دەگەیەنێت و ڕێگە نیشاندەرت دەبێت، کارێك مەکە بکەویتە دۆخێکی سەختەوە، بەتایبەتی لە ڕوی پیشەییەوە، ئەم ماوەیە چارەسەری گرفتەکان زۆر ئاسان نابن، پێویستە بە باشی ئاگەداری هەڵسوکە وتەکانت بیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوسۆزەکەت بەسەر دەەیت، دوای ماوەیەکی زۆر چانست دەبێت لە فشاری کار دووربکەویتەوە و گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بدەیت، پابەند بە بەو بەڵێنانەی کە دەیدەیت، چونکە نابێت متمانەی خۆت لەدەست بدەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


هەست بە نزیکبونەوە دەکەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، زیاتر لە جاران پێکەوە کات بەسەر دەبەن، لە ڕووی پیشەییەوە سەرپەرشتیاری کارەت شێوازی کارکردنتی زۆر پێ گونجاو نییە، چاوەڕێی گۆڕانکاریت لێ دەکات، تەندروستیت بەرەو باشتر بون دەڕوات و گرفتەکانت چارەسەر دەبن.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە متمانە بەخۆبوونت بەرەو پێگەیەکی بەرزت دەبات، خێزانەکەت لە هەر دۆخێکدا بیت پشتگیریت دەکەن،پیویستە تۆش پێزانینی خۆتیان نیشان بدەیت، گەشتکردن لەگەڵ هاوڕێکانت بیرۆکەیەکی باش دەبێت و لە فشاری دەروونیی ڕۆژانە دوورت دەخاتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کاتەکان بەو کەسانە مەبەخشە کە شایەنی نین، باشترە زیاتر ئاگادار بیت، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕۆتینێکی ڕۆژانە بۆ خۆت دابنێ و ڕاهێنانی وەرزشی بکە، پێویستت بە خۆڕێکخستنەوەی کات هەیە، چونکە ئەرکێکی زۆرت لەسەر کەڵەکە بووە.



## پەند و وتە

ئەرتەر شۆپێنهاوەر، فەیلەسووفی ئەڵمانی لە ساڵی ١٧٨٨ لە شاری گداناسك لە پۆڵەندا لەدایكبووە و لە ساڵی ١٨٦٠ لە فرانكفۆرت لە ئەڵمانیا كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی دژایەتی نێوان پیاوان و ئافرەتان دەڵێ: «پیاوان بە سرووشتی خۆیان ئیرەیی بە پیاوانی دیكە نابەن، تەنیا ئەگەر بابەتێك هەبێت، بەڵام ئافرەتان بە سرووشتی خۆیان دژایەتی یەكتری ئافرەتانی دیكە دەكەن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا هەردوو قاچی ئافرەتێك دەردەكەوێت لە دیواردا و سەراوژێریشە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چركەدا فێڵكاریی وێنەكە بدۆزیتەوە.


### بۆ زانیاریت



# گەرمکردنەوەی دووبارەی خواردنەکان

گۆشتی مریشك: بە گەرمكردنەوەی ئەو پرۆتینەی كە تێیدایە دەگۆڕێت بۆ مادەیەك كە هۆكارە بۆ ژەهراویبوون و زیانی تەندرووستی هەیە. برنج: دوای كوڵانی كاتێك سارد دەبێتەوە، جۆرە بەكتریایەك دروست دەكات كە گەشەكردنی سپۆری ئەم بەكتریایە و خواردنی دوای گەرم كردنەوە زیان بە جەستەی دەگەیەنێت و ئەبێتە هۆی ژەهراوی بوون. زەیت: هەموو جۆرەكانی بەتایبەت ئەم زەیتەی ئێستا كە زۆر بەكاردێت لە ماڵاندا ( زەیتی گلۆبەڕۆژە)، كاتێ یەكەم جار بەكار دێت، نابێ زۆر زۆر گەرم بكرێت، وە هەرگیز بۆ دووەم جار بەكاری مەهێنەرەوە، چونكە هۆكارێكە بۆ توشبوون بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە. پەتاتە: دوای ئامادەكردنی بۆ جارێك دووبارە گەرمی مەكەوە، چون ئەمیش جۆرە بەكتریایەك دروست دەكات، كە هۆكارە بۆ ژەهراویبوون و سودی تەندرووستی لە خواردنی وەرناگرین. شیر: هەوڵ بدە خۆت بە دوور بگریت لە گەرمكردنەوەی شیر، هەندێ جار دایكان شیری مناڵ بە گیراوەیی هەڵدەگرن، كەی منداڵەكەیان داوای كرد، كەمێك گەرمی دەكەن و دەیدەن بە مناڵەكەیان، ئەمە هەڵەیە زیانی تەندرووستی بە مناڵ دەگەیەنێت. سپێناخ : بە گەرمكردنەوەی سپێناخ مادەی (nitrate) نایتریتی دەگۆڕێت بۆ مادەی نایترەس ئەمین (nitrausamine) كە هۆكارە بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە. هێلكە: لە جارێك زیاتر بە هیچ جۆرێ نابێ دابنرێت و گەرم بكرێتەوە، چونكە دەگۆڕێت و ژەهراویبوون ڕوودەدا. شێلم : ئەو شێلمەی كە بەیانی تا ئێوارە گەرم دەكرێتەوە، زەرەری زۆری هەیە بەهۆی دروستبوونی مادەی (نایترەس ئەمین )كە هۆكارە بۆ شێرپەنجە.

## فیلم



### بایۆ دەترسێت

### Beau Is Afraid

فیلمێكی كۆمیدی و ترسناكە، لە شێوەی دراما دروست كراوە، باس لە كەسێك دەكات كە دەیەوێت سەركێشی بە ژیانی خۆیەوە بكات، لە هەمان كاتیشدا لە سەركێشییەكانیدا دەترسێت و دەبوورێتەوە، ماوەی فیلمەكە دوو كاتژمێر و ٥٩ خولەكە، یەكێكە لە درێژترین فیلمەكانی ئەمساڵ، فیلمەكە لە ئەمریكا وێنەی گیراوە و لە مانگی چواری ئەمساڵ نمایش دەكرێت، لە دەرهێنانی ئاری ئەستێر، نووسێنی پاول پۆگۆرزریسلكی، لە نواندنی (ئاری ئەستێر، جواكوین فۆنێكس، میكایل گاندۆیلفێنی، ئەیمی ڕەیان، ئەرمین ناهاپیتان، پاركەر پۆسیێ )یە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستە لە ڕووی پیشەییەوە هەنگاوی زیاتر و باشتر بنێیت، بۆ ئەوەی لە ئامانجەكانت نزیك ببیتەوە، ئەگەر ئاگاداری تەندروستیی خۆت نەبیت، تووشی گرفتی جددی دەبیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە دەكەویتە داوی خۆشەویستیی كەسێكەوە، كە باسی كێشە و گرفتەكانی خۆیت بۆ دەكات.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەوڵ بدە پێگەیەكی باش بەدەست بهێنیت لە ڕووی پیشەییەوە، ئەم ماوەیە زیاتر خۆت ماندوو بكە بەو ئەركانەی پێت دەسپێردرێت، كاتێكی باشە بۆئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنكارەكەت بكەیت دەربارەی بابەتە جددییەكان، ئەگەر ئامگر بیت گرفتە داراییەكانت چارەسەر دەبن.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ڕووی سۆزدارییەوە گۆڕانكاریی ئەرێنی ڕوو دەدات، زیاتر پەیوەندیت لەگەڵ ئەو كەسە بەهێز دەبێت كە خۆشت دەوێت، تەندروستیت باشە، تەنیا پێویستە زیاتر بایەخ بە خۆت بدەیت، دوور بكەوەرەوە لەوەی خۆت بە كێشەی كەسانی دیكەوە سەرقاڵ بكەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


خێزانەكەت بە تەواوی پشتگیریت دەكەن، بەتایبەتی لە كاتە سەختەكاندا، ئەمەش پاڵپشتییەكی زۆر باشە لە ڕووی دەروونییە، لە لایەنی پیشەییەوە خۆ سەرقاڵكردنت بە كاری دیكەوە زیان بە پیشەكەت دەگەیەنێت، پێویستە سەرنجت لەسەر كارەكانی خۆت بێت.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەگەر پلانی گەشتكردن لە مێشكتدا هەیە ئەمڕۆ ڕۆژێكی باشە، تەندروستییەكی باش یارمەتیدەرە بۆئەوەی چالاكییەكانی ڕۆژانەت بە باشی ئەنجام بدەیت، هەربۆیە سیستمی خۆراكیت ڕێك بخە و بایەخ بە وەرزشكردن بدە، پێویستە كاتەكانی خەو ڕێك بخەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەندێك دەرفەتی زۆر باش لە ڕووی پیشەییەوە دێنە بەردەمت، ڕەنگە ئاسان نەبێت بڕیاریان لەبارەوە بدەیت، پێویستت بە كات هەیە، هەست بە باشی دەكەیت لە ڕووی تەندروستییەوە، ئەمەش كاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئارامیی دەروونت هەیە.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media



www.gulanmedia.com

Weekly Gulan April 3, 2023 Issue,No.1359


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626